# زەردەشت

و

شەش چیرۆکی کورت

د. ئەمین موتابچی

# زەردەشت

و

## شەش چیرۆکی کورت

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێك هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی كوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیكترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspress.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

د. ئەمین موتابچی
زەردەشت و شەش چیرۆكی كورت
كتێبی ئاراس ژمارە: ١١٨٩
چاپی یەكەم ٢٠١١
تیرێژ: ٦٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی كتێبخانە گشتییەكان ١١٢٢ – ٢٠١١
نەخشاندنی ناوەوە: كارزان عەبدولحەمید
رازاندنەوەی بەرگ: ئاراس ئەكرەم
پیت لێدان: هانا فەرید
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل. تریسكە ئەحمەد

**پێشەکی**

ئەگەرچی ئێستا لاوان و گەنجانمان لەبەر کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت فریای کتێب خوێندنەوە ناکەون، بەڵام من ئەوا ئەم چەند چیرۆکە پێشکێش دەکەم بەو لاوان و گەنجانە و هەروەها پێشکێش بە ڕۆڵەم ئەندازیاری شەهید نەبەز موتابچی و هەموو شەهیدانی کوردستان و عێراق، لەگەڵ نەوازشما بۆ هەمووان.

د. ئەمین موتابچی
لەندەن ٢٠١٠/٧/٢٠

## گەشتێك بەرەو ڕابوردوو، ڕوانینێك بەرەو نادیار

مامۆستا دوکتۆر ئەمین موتابچی گەورەیی و خۆشەویستییەکی زۆری نواند کاتێ داوای لێ کردم پێشەکییەك بۆ ئەم کۆمەڵە چیرۆکەی بنووسم.

لە سەرەتای حەفتاکاندا کە لە بەشی کوردیی زانستگەی بەغدا دەمخوێند، دوکتۆر موتابچی مامۆستای زمان و ئەدەبی فارسیمان بوو. من زۆرم حەز دەکرد زمانەکە زوو فێر ببم، بەڵام بەداخەوە دەرسەکان ئەوەندە کەم بوون بەشی ئەوەیان نەدەکرد خوێندکار فارسییەکی باش فێر ببێت. بەهاری ١٩٧٤ تا بەهاری ١٩٧٥، من خوێندن و زانستگەم بەجێ هێشت و بووم بە پێشمەرگە. کە هەرەس ڕووی دا و گەڕامەوە بۆ زانستگە، بەو ساڵەی پێشمەرگایەتی فارسییەکەم تا ڕادەیەکی باش پێشکەوتبوو. ئەو مانگ و نیوەی ساڵی خوێندن کە مابوو، بە دڵگەرمییەوە دەچوومە دەرسی فارسی و هەوڵیشم دەدا کتێبی فارسی لە مامۆستا و لە خەڵکی دیکەیش وەربگرم و بیانخوێنمەوە. هەر یەك دوو مانگێك دواتر، بەهۆی خەباتی سیاسییەوە، ناچار بووم ماوەیەك لە بەغدا خۆم بشێرمەوە و دواتر بە پێ، لەگەڵ دوو هاوڕێی دیکەدا، وڵات بەجێ بهێڵین. ئیتر لەوساوە و تا ئێستایش مامۆستام نەبینیوەتەوە.

پایزی ٢٠٠٧ چووم بۆ لەندەن بۆ سەردانی دۆستی بەڕێز و خۆشەویستم دوکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد. بەهۆی ئەوەوە زانیم کە مامۆستا موتابچی ساڵانێکە لە لەندەن دەژی. ئەو ڕۆژەی میوانیماڵی مامۆستا کەمال مەزهەر بووم، دوکتۆر موتابچی تەلەفۆنی کرد و قسەمان کرد، کەچی ڕێك نەکەوت چاومان بە یەکدی بکەوێت. بەڵام لە دوای ئەوەوە زوو زوو بە تەلەفۆن یەکتر بەسەر دەکەینەوە.

چیرۆکەکانی مامۆستا لە ڕووی فۆرم و ناوەڕۆکیشەوە تایبەتمەندیی خۆیانیان هەیە. مامۆستا زیاتر پەنا دەباتە بەر گێڕانەوەیەك کە بەشێکی زۆری خوێنەری کورد ئاسانتر دەتوانن تێی بگەن و لەگەڵ ڕووداوەکاندا تێکەڵاوییەکی هۆشمەندانە و هەست ئامێزانە پەیدا بکەن. زمانیش لەم تێکستانەدا ئەو زمانەیە کە لەگەڵ

ناوەرۆكدا جۆرێك هاوئاهەنگی دروست دەكات و خوێنەر لە بازنەیەكی ڕەنگینی هونەریدا دەبزوێنێت.

ناوەرۆكی چیرۆكەكان ئەو ڕووداوانەن كە لە یادەوەریی نەوەیەكدا ماونەتەوە و خەریكن دەبنە بەشێك لە مێژووی سیاسی و كۆمەڵایەتیی كوردەواری لە باشووری كوردستان. ئەم ڕووداوانە ئەگەرچی لە ڕوانگەیەكی تاكەكەسییەوە نووسراون، بەڵام وێنەیەكی كۆمەڵگای پەنجاكان و شەستەكانی سەدەی ڕابوردوو پێشان دەدەن. لەو چیرۆكانەدا هەم مرۆڤەكان بە باوەڕ و هەڵوێست و ڕەوشتی كۆمەڵایەتی و بە ئاواتەكانیانەوە دەبزوێن و دەدوێن و هەڵسوكەوت دەكەن، هەمیش سروشت بە هەموو جوانییەكانی خۆیەوە ئامادەیە.

لە چیرۆكی "دەروێشی هاوڕێم"دا، ڕابوردوو بەشێوەیەكی سەرنجڕاكێش بەستراوەتەوە بە ئێستاوە. نووسەر نەیویستووە ڕووداوەكان و كەسەكان بكاتە دیلی ڕابوردوویەكی وا كە دەرگای بەردەوامی و گەشەكردنیان لێ دابخات. بۆ ئەم پێكەوەگرێدانە موتابچی كەسێكی دوورەوڵات، كە دەكرێ هەر نووسەر خۆی بێت، دەباتەوە بۆ كوردستان و لە ڕێگەی دۆستایەتییەكەوە مێژوویەكی دوور و درێژی هەیە، ئێستا و ڕابوردوو ئاوێتە دەكات. ئەم تێكستەی مامۆستا، كۆكردنەوەی دوو ژانری چیرۆك و گەشتنامەیە و من ناوی گەشتەچیرۆكم لێ ناوە. لە ئینگلیزیدا تێرمی (Travelogue) بۆ ئەم بابەتانە بەكار دەبەن، ئەگەرچی ئەم تێكستەی مامۆستا لایەنە ئەدەبییەكەی چڕتر و خەیاڵاویترە.

چیرۆكەكانی دیكەیش، هەر یەكێكیان بە جۆرێك ڕابوردوو زیندوو دەكاتەوە و لە بەردەم هۆشی خوێنەردا وەك تابلۆیەك ڕای دەگرێت. گەشتێك بۆ قۆپیی قەرەداغ و ماموستا عەلی و كاك مەحموود و ژین و ژیان، ئەمانە هەموو بەشێكن لەو ژیانەی كۆمەڵگای كوردەواری وەك ئەزموونێكی فەرهەنگی و شارستانەتی پاراستوویەتی و بۆ نەوەكانی داهاتووی هەڵگرتووە. بەڵام لە زۆربەی چیرۆكەكاندا نووسەر دەرگایەكی هێشتووەتەوە بۆ ئەوەی ژیانی ناو چیرۆكەكان بەردەوامییەك پەیدا بكات و بگاتە ئێستایش.

زۆرم پێ خۆش بوو كە ماموستا موتابچی لە تەمەنی هەشتا ساڵیدا، لەم

دوورەوڵاتییەوە، بەو شێوە گەرموگوڕە بیر لە نیشتمان و لە نەتەوەکەی خۆی دەکاتەوە و دەیەوێ بە نووسین و بە وشە لە کارنیڤاڵی داهاتوویەکی نادیاردا بەشداری بکات. بە هیوای دوارۆژێکی ڕەنگدارتر بۆ نیشتمان و تەمەنێکی درێژ و بەختەوەریش بۆ مامۆستا ئەمین موتابچی.

فەرهاد شاکەلی

ستۆکهۆڵم، سەرەتای هاوینی ٢٠١٠

# زەردەشت

کاك ساڵح هەتا بڵێی پیاوێکی بەڕێز و ئارام بوو هەموو کەسێ خۆشی دەویست خۆی و سێ برا و دوو خوشك وەك پاشا دەژیان ماڵەکانیان دەرگە بە دەرگەوە بوو، خوشکە گەورەکەیان کارامە و دڵسۆزی هەموویان بوو تەبیعەتی دڵسۆزی و خۆشەویستی و پیاوەتیی کوردەوارییان ون نەکردبوو. خوشکە گەورەکەیان مێردەکەی ساڵێ لەمەوبەر کۆچی دوایی کردبوو. دوو کوڕ و کچێکی هەبوو هەموو پێگەیشتبوون و لە ماڵ و حاڵی خۆیانا بوون. دایکیان خانووەکەی خۆیانی بەجێ نەهێشتبوو لەوێدا دەژیا و سەری هەموو برا و خوشك و منداڵەکانی دەدا و هەر پێویستییەکیان هەبووایە بۆیانی جێبەجێ دەکرد. کاك ساڵح ژنەکەی کە پووزای خۆی بوو، منداڵێکی جوانی لێی هەبوو. بەڵام ئەوەی کە ناخۆش بوو بۆ هەموویان، ئەوە بوو لە کاتی لەدایکبوونی ئەو منداڵە دایکەکە بەسەریەوە کۆچی دوایی کردبوو. خوشکە گەورەکەی نەیکردە نامەردی، هات و گوتی برا گیان هیچ خەفەت مەخۆ ئەمە کاری خوایە. دەبێ رازی بین مەترسە من بەخێوی دەکەم. چونکە ماڵەکەی خوشکی تەنیشت ماڵی کاك ساڵحی برای بوو بۆ خوشکی زۆر ئاسان بوو هاتە ماڵی کاك ساڵحی برای، دەستی کرد بە بەخێوکردنی منداڵەکە بەشێوەیەکی دڵسۆزانە و جوان. ئەوە بوو خەڵکی گەڕەکەکە و کەسوکار زۆریان لە کاك ساڵح دەکرد کە ژن بهێنێ بەڵام کاك ساڵح حەزی نەدەکرد لەبەر منداڵەکەی. دەیزانی باوەژن کەمیان هەیە بە ویژدان و بەسۆز بن بەرامبەر منداڵی مێردی. کاك ساڵح ناچار ئامۆزایەکی خۆی هێنا. بەڵام ئەو دەیزانی و دەیناسی کە خوشکی

ئـامـۆزاکـەی چـەند نـاجسنـە، چـونکـە ئـەو ژنـە حـەزی لـە چـارەی ژنـە مـردووەکـەی نەبووە. ساڵ هـات و تێ پەڕی ئەو منداڵەی کە ناوی زەردەشت بوو بوو بە دوو ساڵ بەڵام دەتگوت پێنج ساڵانە بەڵام کە سەیرت دەکرد خەرمانەیەك لە خەم دەوری ئەو دەمـوچـاوە نـاسکـەی داوە، مـرۆڤ کـە دەیـدی زۆری خۆش دەویست و هـەروەهـا بـەزەییشی پـیـادا دەهـاتـەوە بـەڵام بـاوەژنـەکـەی دوژمـنـی بـبـیـنـێ و نـەك زەردەشت بـبـیـنـێ، پـووریشی هـەستی بـەوە کـردبـوو بـەردەوام چـاودێریی دەکـرد و دەتـرسا باوەژنەکە شتێکی لێ بکا. باوەژن سکی پڕ بوو دەستی کرد بە ناز و مەکر هیچی نەدەکرد دەستی نەدەبرد بۆ پیاڵەکەی بەردەمی کە بیشوا.

پووریێ لـەبـەر خـاتـری بـرا و بـرازاکـەی گـوێی نـەدەدایـە و هـەمـوو ئـەو نـاز و سەگبابییەکەی قبووڵ دەکرد. خـوا کردی کـە بـاوەژن منداڵەکەی بـوو کچ بـوو، باوەژن ئەوەندەی تر قینی لە زەردەشت هەڵسا و دەستی بڕۆیشتایە دەیخنکان وا ڕێك کەوت کەس نازانێ قەدەر چی بۆ مرۆڤ داناوە. خزمێکی ماڵی باوکیان کۆچی دوایی کردبوو. پووری بڕیاری دا لە باتیی هەموویان ئەو بچێ بۆ پرسەی خـزمـە مـردووەکـەیـان. بـە سالـحـی بـرای گـوت ئـاگـات لـە زەردەشت بـێ مـن دڵـم ئیسراحەت ناکات. وەڵڵا حەز ناکەم بڕۆم. کاك ساڵح گوتی خوشکێ مەترسە. قابیلە چی لێ دەکات، ئامۆزامانە. پووریێ لەبەرئەوەی نەڵێ خوشکم بەینی من و ژنەکەم تێك دەدا هیچ قسەی نەکرد و نەیگوت ئەگەر ژنەکەت بۆی بلوێ، زەردەشت تەفروتوونا دەکات. پووری ڕۆیشت بۆ پرسەکە، بەڵام دەستی لەسەر دڵی بوو. کە پووری لە ماڵ بوایە نەیدەهێشت زەردەشت بچێتە دەرەوە و کۆڵان، لە ترسی ئەوەی مەبادا شتێکی لێ بێت. هەرکە پووری لە ماڵ چووە دەرەوە، باوەژنەکە دەرگەی خستە سەرپشت بۆ ئەوەی زەردەشت بڕواتە دەرێ و تازە پێی گرتبوو، بەشکم لەناو بچێ و نەزانێ بگەڕێتەوە.

دەمەدەمی نیوەڕۆ بوو پیاوێك بەجلوبەرگی کوردییەوە زەردەشتی لە باوەشایە و هاتە بەردەرگەی ماڵەکەیان گوتی ئەمە منداڵی ئێوەیە؟ باوەژنە گوتی نەخێر من هەر ئەم کچەم هەیە بیبە بۆ خۆت. کابرا منداڵی نەبوو لە خۆشییاندا نەیدەزانی

چی بکا منداڵەی بە باوەش هەڵگرت و چوو لە بازاڕ دنیایەك یاریی منداڵانی بۆ کڕی بەرەو ماڵەوە کەوتە ڕێ کە خۆی کرد بە ژووردا ژنەکەی کە دی مێردەکەی و منداڵێکی جوان دەتگوت پەڕەی گوڵە لە خۆشییاندا نەیدەزانی چی بکا چونکە کاك عەلی مامۆستا بوو، کاتەکە پشووی هاوین بوو، بۆیە ئەمە وا ڕێك کەوت. سەرتان نەیەشێنم با زەردەشت لە ماڵی باوك و دایکی تازە بەجێ بهێڵین و سەرێ لە ماڵی کاكساڵح و وەزعی کاك ساڵح و پووریّ بزانین. ئێوارێ کە کاك ساڵح گەڕایەوە ماڵێ گوتی کوا زەردەشت. باوەژن بەتووڕەییەوە گوتی نازانم کەی ئەوە منداڵ بوو کە تۆ هەتبوو. دەتگوت ماخۆلانە قاپی کردەوە و چووە دەرێ من مەشغوڵی چێشت لێنان بووم، ساڵح گوتی ئافرەت منداڵی وا لە کوێ دەتوانی ئەو قاپییە قورسە بکاتەوە ئەگەر تۆ بۆت نەکردبێتەوە، ژنە یەکسەر شاتانی بەسەریدا و گوتی چاوی خۆت و منداڵت دەرێ هەر ئێستا بەجێت دەهێڵم، عەبای دا بەسەریدا و لەگەڵ کچەکەیدا بەدەم جنێودانەوە ماڵەی بەجێ هێشت و چوو بۆ ماڵی باوکی کە مامی مێردەکەیەتی، کاك ساڵح وەختە بوو شێت ببێ هاواری برد بۆ برا و برازاکانی ئەملا گەڕان ئەولا هیچ شتێکیان دەست نەکەوت و، چوونە خەستەخانەکان، سەنتەری پۆلیس هیچیان دەست نەکەوت، کە بۆ سبەینێ پووری هاتەوە کەوتە هاوار و وەختە بوو شێت بێ کەوتە لەخۆدان و قژڕنینەوەی خۆی، رووی کردە براکەی: پێم نەگوتی ئاگات لە زەردەشت بێ، ئەو ئامۆزا بێ دین و بێ ویژدانەت نەناسی چەند زاڵمە. نازانی چەند دوژمنی دایکی بوو ئاخری بەجێگەکەی شاد بوو، منداڵەکەشی لەناوبرد، ساڵح نەیدەزانی چی بکا.

با بێینەوە ماڵی مامۆستا عەلی و پەخشان خان، لەلایان شایی بوو، زەردەشتیان وەکو چاویان نیگایان دەدا گەورەیان کرد وا ڕێك کەوت مامۆستا عەلی گوێزرایەوە بۆ شارەکەی باوکی زەردەشت، بەڵام زەردەشت هەر مامۆستا عەلی و پەخشان خانی بە باوك و دایکی خۆی دەزانی، مامۆستا عەلی زۆر بەڕێز و بە ویژدان بوو ناوەکەی  کە لەسەر چارەکە لیرەیەك نووسرابوو لەگەڵ ناوی باوکیدا و لە ملی زەردەشتدا بوو، نەیگۆڕی و هەر زەردەشت مایەوە، لە دڵی خۆیدا گوتی ڕۆژێ لە ڕۆژان دایك و باوکی زەردەشت دەردەکەوێ گوناحە ئێمە

بیشارینەوە، زەردەشت لە قوتابخانەکەی مامۆستا عەلیدا دەیخوێند، زۆر زیرەك بوو هەموو ساڵێ بە پلەی یەکەمی دەردەچوو ناوەندی و ئامادەییی بە باشی تەواو کرد و چووە زانکۆ، مامۆستا عەلی و پەخشانی ژنی کە دەیاندی ئەو کوڕە جوانە قۆزە بە ئەدەب و زیرەکەیان هەیە گەز گەز بالاّیان دەکرد، زەردەشت هەر خۆی زەردەشت بوو لە زانکۆ لە کۆلێجی پزیشکی وەرگیرا لە دوای شەش ساڵ خوێندن بوو بە پزیشك لە خەستەخانەی شارەکەی خۆیان دامەزرا زۆر میهرەبان و دڵسۆز بوو لەگەڵ هەموو هاوڕێکانی خەستەخانەکە و نەخۆشەکان یارمەتیی هەموویانی دەدا.

شەوێك ئەو خەفەر بوو لە خەستەخانەکە بە ئەمبولانس، نەخۆشێکیان هێنابوو ئەو نەیدەناسی تومەز پوورە دڵسۆزەکەی بوو. هەرکە دی، وەکو دایکی خۆی رەحمی بۆی سووتا. بە هەموو جۆرێ دەرمانی کرد پوورێ هاتەوە هۆش خۆی، دوکتۆر لێی پرسی بۆچی وا دەبووریێتەوە تۆ شوکر نەخۆش نیت دڵت باشە، پاڵەپەستۆی خوێنت نییە. وتی رۆڵە ئەوەی بەسەر مندا هاتووە بەسەر کێوی پیرەمەگروندا بهاتایە تۆزیشی نەدەما. وتی پوورێ چۆن؟ وتی برازایەکم هەبوو عومرت درێژ بێ، ناوی هەروەکو ناوی تۆ بوو "زەردەشت" دایکی بەسەریەوە کۆچی کرد، من گەورەم کرد دوو ساڵان بوو، بە ملی شکاوم بۆ پرسەی خزمێکمان شەو و رۆژێ بەجێم هێشت، باوەژنەکەی ئاگری تێ بەربێ هەرچەند ئامۆزامانە، لە ناوی برد ئینجا نازانین کوشتی، فرۆشتی ونی کرد. ئەوە خوا دەیزانێ. زەردەشت کە دی ژنەکە بەدەم گریانەوە ئەمەی بۆ دەگێڕێتەوە، چاوی پڕ بوو لە ئاو، دەستی ژنەی ماچ کرد و خستیە سەر دڵی وتی پوورێ خوا حەقت بسێنێ ئینشائەڵڵا زەردەشت دەدۆزیتەوە، هەر کاتێ بیری زەردەشتت کرد وەرە بۆ ئێرە بێ پرسی کەس وەرە ژوورەکە. بەیەکەوە قسەی خۆش دەکەین و هەموو جارێ فەحست دەکەم و دەرمانت دەدەمێ. ژنە دەستی کرد بە دوعاکردن بۆی هەڵسا تێر تێر ماچی کرد. ساڵ هات و رۆیی ڕۆژێك نەخۆشێکیان هێنا بۆ خەستەخانەکەی زەردەشت، تومەز سك پڕێ بوو بەڵام پێش وەعدی خۆی ژان دەیگرت، زەردەشت و دوو سێ پەرستیار خەریکی بوون ژنە منداڵەکەی لەبار چوو کوڕ بوو، دەستی کرد بەگریان لەبەر

خۆیەوە دەیگوت ئەمە هەمووی ئاهی زەردەشتە خوا هەقم لێ دەکاتەوە، زەردەشت کە گوێی لەمە بوو سەرسام بوو قسەی ئەو ژنەی بیر دەکەوتەوە کە ئەو شەوە هاتبوو بۆ خەستەخانە بە بووراوی و ئەم دەرمانی کرد و دڵنەواییی دەکرد، لە دڵی خۆیدا گوتی تۆ بڵێی ئەمە ئەو ژنە نەبێ کە پوورە ئەو شەوە گوتی زەردەشتی برازامی لەناوبرد، ئەم قسانە وەکو قەوان لە مێشکیدا لێی دەدایەوە زۆر خەفەتی پێ دەخوارد نەیدەزانی چی بکا.

زەردەشت وا دیاربوو هەر لە منداڵییەوە بێ بەخت و نەگبەت بوو دایکی بەسەریەوە مردبوو، هەروەها ئەو باوەژنەی کە ئامۆزای باوکی بوو ئاوا دەربەدەری کرد، لەوەش خراپتر ناخۆشی لە دوای ناخۆشی یەخەی گرتبوو. زەردەشت جگە لەوەی هەتا بڵێی زیرەك بوو لە ئیشەکەیدا و میهرەبان بوو، بەڕێوەبەری خەستەکانەکە وەکو کوڕ و برای خۆی ڕێزی لێ دەگرت، هەموو دوکتۆرەکان، پەرستارەکان، ئیشکەرەکان خۆشیان دەویست، دوکتۆرەیەك نەبێ کە زەردەشت هیچ گوێی نەدەدایە و، ئەویش حەزی لێ کردبوو وەختەبوو بۆی شێت بێ، زەردەشت دەیزانی ئەو دوکتۆرە سەر بە ئاسایشی ڕێژیمی زاڵمە و هەتا بڵێی ناجسن و بێ نرخە، ئینجا وەکو دەڵێن جاری وا هەیە خۆشەویستی وا لە مرۆڤ دەکات کە هەوڵی ئازاری خۆشەویستەکەی بدات.

ئەم خاتوونە دوکتۆرە نەیدەزانی چی بکا تەماشای دەکرد هەموو خەستەخانە خۆشیان دەوێ و ئەویش لەگەڵ هەموویانە وەکو برا و هاوڕێ دڵسۆزە بەڵام ئەم لەگەڵ ئەوەشدا کە چەندی خۆش دەوێ و وەختە بۆی شێت بێ کەچی ئاوڕی لێ نەداتەوە. شەیتان وای لێ کرد کە بچێ خەبەری لێ بدا کە گوایە زەردەشت بەدزییەوە دەرمانی پێشمەرگە بریندارەکان دەکات و دەرمانیان بۆ دەنێرێ، ڕۆژێ بەڕێوەبەری ئاسایش کە گونی گونداری دەردەهێنا و هەتا بڵێی بێ ویژدان و بێ شەرەف بوو هاتە لای بەڕێوەبەری خەستەخانەکە پێی گوت دوکتۆرێکت هەیە بەناوی زەردەشتە فەندی هەر بەناوەکەیدا دیارە کە سەر بەزەنادقەیە و مرۆڤێکی خراپ و دژ بە دەوڵەتە بە دزییەوە یارمەتیی یاخییەکان دەدا دەرمانیان دەکا و

دەرمانیان بۆ دەنێرێ. بەڕێوەبەرەکە حەپەسا گوتی جەنابت چی دەڵێی لەم خەستەخانەیەدا و لە هەموو خەستەخانەکانی عێراقدا دوکتۆرێك نییە وەکو زەردەشت پاك و دوور لە سیاسەت، بەڕێوەبەرەکە نەدەترسا چونکە وەزیفە و قۆندەرەکەی لا یەك بوو ئەگەر بگاتە سەر ناپیاوی و غەدر، وتی ئەوەی ئەو خەبەرەی بە ئێوە گەیاندووە درۆ دەکات و هیچ بڕوای پێ مەکەن دیارە ئەوەی ئەم قسانەی کردووە، یا مونافسێتی یا قینی لێیەتی. بەڕێوەبەری ئاسایشەکە گوتی دوکتۆر من دەزانم تۆ ڕاست دەکەی، بەڵام ئەوەی ئەم هەواڵەی بە ئێمە داوە لەناو خۆتاندایە و دوکتۆرە، خواحافیز. بەڕێوەبەری خەستەخانەکە ئیمانی لە کەللەدا نەمابوو یەکسەر هەموو دوکتۆرەکانی کۆ کردەوە، وتی باش گوێ بگرن، من قەت بڕوام نەدەکرد یەکێك بگاتە پلەی دوکتۆری بچێ خەبەری درۆ لە هاوڕێی دوکتۆری بدا. بەڕاستی ئەو کەسە نە دوکتۆرە وە نە بەشەرە هەموو سەریان سوڕمابوو، ئەو دوکتۆرەی کە ئەمەی کردبوو ڕەنگێکی هێنا و بردی رووی نەدەهات تەماشای چاوی بەڕێوەبەرەکە بکات. بەڕێوەبەرەکە زۆر زیرەك و خاوەن ئەزموون بوو یەکسەر زانی ئەو خاتوونە دوکتۆرەیە. لە دوای کۆبوونەوەکە بانگی کردە لای خۆی و وتی هیچ قسە مەکە. من دەزانم لە سەدا سەد جەنابت ئەم کارە ناشیرینەت کردووە حەیفە تۆ دوکتۆرێکی وا ماڵ وێران بکەی ئەگەر من نەبوومایە دەیانبرد یا حەپسی ئەبەدی یا ئیعدام دەبوو جەزاکەی، تۆ چۆن ویژدانت ئەوەی قبووڵ کرد، دوکتۆرەکە دەستی کرد بەگریان هەڵسا دەستی بەڕێوەبەرەکەی ماچ کرد گوتی تۆ وەکو باوکێك بە من هەڵەم کرد دانی پێدا دەنێم، بەڵام هۆکەی ئەوە بوو من زەردەشتم خۆش دەوێ وەختە بۆی شێت بم ئەو هیچ لام لێ ناکاتەوە و بە هیچم دەزانێ. بەڕێوەبەر گوتی کچی خۆم خۆشەویستی یەکلایەنە نابێ ئەبێ هەردوولا وەکو یەك یەکتریان خۆش بوێ، تۆ خۆشت دەوێ لەملاوەش ماڵی وێران دەکەی. تۆ دەبێ خۆت لەم خەستەخانەیە نەقڵ بکەی. چونکە ئەگەر تۆ وا نەکەی من مەجبوور دەبم نەقڵت بکەم ئەوەش بۆ تۆ باش نییە. چونکە مانەوەت لێرە زیانی هەیە بۆ ئەو کوڕە، خاتوونە دوکتۆرەکە دەستی کرد بەگریان و پاڕانەوە، ئەوە بوو لە دوای مانگێك ئەو دوکتۆرە ناجسنە بێ ویژدانە

نەقڵ کرا بۆ پارێزگایەکی تر.

ئینجا با بێینەوە سەر وەزعی زەردەشت، زەردەشت بابەتی قسەی ئەو ژنەی کە منداڵەکەی لەژێر دەستی ئەواندا لەبار چوو، هەروەها قسەی ئەو پوورەی کە ئەو شەوە هێنابوویان بەبووراوییەوە بۆ خەستەخانەکە و باسی ونبوونی برازاکەی بۆ گێڕایەوە، هەمووی وەکو فیلمێك دەهاتە بەرچاوی و مێشکی پێوەی مەشغول بوو. ڕۆژێ هەینی بوو زەردەشت لە ماڵەوە بوو پەخشان خانی دایکی چووبوو بۆ ماڵی خوشکەکەی، مامۆستا عەلیش چووبوو بۆ لای هاوڕێکانی لە چایخانەکە. سندووقێکی بچووکی دی لەلای نوێنەکانەوە لەسەری نووسرابوو زەردەشت، بەهێواشی سندووقەکەی کردەوە. لەژێر خاولییەکدا ملوانەکەیەك دانرابوو کە لەسەر چارەکە لیرەیەکی ئاڵتوون نووسرابوو زەردەشت ساڵح. کە ئەمەی دی هەروا حەپەسا چاوی پڕ بوو لە ئاو. گوتی وا دیارە منم ئەو زەردەشتەی کە وەکو ئەو پوورە گوتی و ئەو ژنەی کە منداڵەکەی لەبار چوو لەژێر دەستی ئێمەدا. کە باوەڕنم ویستبووی لەناوم بەرێ. ملوانکەکەی لەژێر جلەکانیەوە کردە ملی، ڕۆژێك بە دایك و باوکی گوت بە واتا "مامۆستا عەلی و پەخشان خان"، سبەینێ وەرن بۆ خەستەخانە با فەحسی خوێنتان بکەم ئێوە وا بە عومردا دەچن مەبادا تووشی خوێن کەمی بووبن، بۆ ئەوەی ڤیتامین بنووسم بۆتان. هەردووکیان زۆریان پێ خۆش بوو، کە خوێنەکەی گرتن و لەگەڵ خوێنی خۆیدا ئازمایشی کرد تەماشای کرد کە ئەم لەم دووانە نییە. گوتی دەبێ من ئەو زەردەشتەی کوڕی ساڵح بم هەر چاوەڕێ بوو کە چۆن بە پوورەکەی گوتبوو کە بێتاقەت بووی وەرە لام ڕۆژێك خوا کردی پوورە هات بۆ خەستەخانەکە و لای زەردەشت دانیشت. گوتی پوورێ با خوێنت فەحس کەم مەبادا خوێن کەمیت هەبێ؛ وتی مەمنونم چاوەکانت ماچ دەکەم. خوێنەکەی وەرگرت تەماشای کرد هی خۆیەتی. کەواتە ئەمە پوورەکەمە. گوتی پوورێ تۆ چەند برات هەیە گوتی سێ برا، کامیان باوکی زەردەشتە؟ پوورە گوتی کوێراییم دایێ ساڵح. زەردەشت گوتی پوورێ تەندروستیی چۆنە، گوتی زۆر خراپە چونکە ژنەکەی کە ئامۆزای خۆیەتی زۆر خراپە و دەمەوەرە کوڕەکەی لەناوبرد هەردەم ناڕەحەتی دەکا بووە بە جلکەیەك لە خەفەتدا، زەردەشت گوتی

پووریَ سبەینیَ با بێت بۆ لای من فەحسی بۆ دەکەم و ڤیتامینی بۆ دەنووسم پوورە گوتی خوا ئاگای لێت بێ زۆر مەمنونم. بەیانی پوورە و کاك ساڵح هاتن خوێنی کاك ساڵحی وەرگرت. بەپێی ئازمایشەکە کتومت ساڵح باوکی زەردەشتە. زەردەشت هەناسەیەکی هەڵکێشا و گوتی خوایە لێت بەزیاد بێ ئەوا من دایك و باوکی راستیم دۆزییەوە، بەڵام من قەت ئەو دایك و باوکەی منیان گەورە کرد لە بیر ناکەم. رۆژی هەینی بوو زەردەشت جوابی نارد بۆ پووریَ کە بە کاك ساڵح بڵێی ئیمرۆ من و باوك و دایکم دێن بۆ میوانیتان دەرمان و حەبیشی بۆ دەهێنم.

دەوری نیوەڕۆ بوو زەردەشت و کاك عەلی و پەخشان خان بە دیارییەوە کە زەردەشت ئامادەی کردبوو لەگەڵ دەرمانەکاندا چوون بۆ ماڵی کاك ساڵح، دوای سەلام و هەواڵ پرسی، پوورەکە گوتی ئێمە زەردەشتمان لە کیس چوو بەڵام ئێستە دوکتۆر زەردەشت وەکو کوڕی خۆمان وایە زۆر خزمەتمان دەکات خوا ئاگای لە کاك عەلی و پەخشانی دایك و باوکی زەردەشت بێ. ئینجا زەردەشت هەڵسا و گوتی قسەیەك دەکەم تکامە کە کەس قسەکەم پێ نەبڕێ و هیچ سەرتان سوڕ نەمێنێ هەروەها داوامە کەس درۆ نەکات ئەوەی راستە و ڕووی داوە بیڵێن. من زەردەشتم بەڵام لە ئەسڵدا من کوڕی کاك ساڵحم کەوا دانیشتووە لێرەدا بەڵام ئەم باوکەم کە ناوی مامۆستا عەلییە منی هەڵگرتووە لەگەڵ دایکمدا پەخشان خان گەورەیان کردم و بووم بە دوکتۆر. من بەپێی ئەو فەحسی خوێنانەی ئێوە کە کردم و لەگەڵ هی خۆمدا دەرکەوت کە من کوڕی ساڵحم. کاك عەلی و پەخشان خان دەستیان کرد بە گریان گوتیان مادام زەردەشت گوتی درۆ مەکەن درۆ ناکەین کاك عەلی هەڵسا و گوتی پشووی هاوین بوو من مامۆستام، بە جلی کوردییەوە لە شاردا بووم لەسەری ئەم کووچەیەی کە ئەم ماڵەی تێدایە ئەم زەردەشتەم دی لەسەر ئەو کووچەیە دەرۆیشت دەتگوت گوڵە. گوتم ئەم منداڵە ئۆتۆمۆبێلێك یا منداڵێك شتێکی لێ دەکات گرتمە باوەشم هاتمە بەردەم ئەم ماڵە دەرگەکە کراوە بوو. هاوارم کرد ئەم ژنە کە دانیشتووە هاتە دەرێ، گوتم پێی ئەم منداڵە هی ئێوەیە چۆن بەرەڵاتان کردووە؟! گوتی رەزای خواتەوە بیبە بۆ خۆت هی ئێمە نییە. منیش لە خوام دەویست ئێمە منداڵمان نابێ من و پەخشان لە دایك و باوکی باشتر بەخێومان کرد ئەوا

ئێستا ئاشکرابوو. باوەژنەکە خۆی بوورانەوە، زەردەشت دوکتۆر هێنایەوە هۆشی خۆی ئەویش دانی پێدانا. پووریّ و کاك ساڵح گوتیان خۆ تۆ ئامۆزامان بووی چۆن ویژدانت قبووڵی کرد ئەم کارە بکەیت؟! ژنەکە گوتی: شەیتان پێی کردم زەردەشت گوتی: من ئێستا دوو باوك و دوو دایکم هەیە هەرچەند یەکێکیان کۆچی کردووە، من لای هەردوولاتان دەبم حەفتەیەك لێرە و حەفتەیەك لای بابە عەلی و دایە پەخشان وە گوتی لە بابە ساڵح و پوورە گیان داوا دەکەم لە باوەژن ببوورن و عاجز مەبن لێی ئەمە قەدەری من بوو خوا هەقم دەسێنێ.

# ژین و ژیان

ژین و ژیان کوڕ و کچێکی ڕێکوپێك و بەهۆش و خۆشەویست بوون. هەر وەکو خوشك و برایەك یەکتریان خۆش دەویست. لە دوو سەرەوە خزم بوون باوکیان برا و دایکیان خوشك بوون. هەردوو خوشکەکە، کە دەیاندی ئەم دوو گوڵەباخەیان چەند یەکتریان خۆش دەویٚ هەموو کات بەیەکەوەن تەنانەت بۆ سەعیکردنیش، یا لە ماڵی ژین دەبوون یا لە ماڵی ژیان. زۆر بەخۆشی دەژیان. بەڵام ئەوەی خۆشییەکەیانی لیٚ تاڵ کردبوو، ئەوە بوو کە باوکی ژیان بازرگان و تەبیعەت بازرگانی بوو. هەروەها پارەپەرست. ئەمان دوو برا و خوشکیٚ بوون برا گەورەکەیان بەواتا باوکی ژیان، کاتیٚ باوکیان مرد دەستی گرتبوو بەسەر دوکان و هەموو پارە و شتی باوکیان، جگە لەوەش کرێی ئەو ریزە دوکانانەی باوکیان، هەر ئەو وەری دەگرت، برای بچووك باوکی ژین مووچەخۆر بوو لە بەڕێوەبەرایەتیی تاپۆ بە مووچەیەکی کەم. بەڵام چونکە نەفسییەتی بەرز بوو هیچ بێزی نەدەهات حیساب لەگەڵ برا گەورەکەیدا بکات، چونکە دەیزانی سوودی نییە. خوشکەکەشیان هەرچەندە دەستکورت و خێزاندار بوو تازەش مێردەکەی مردبوو وە نەیدەزانی چۆن داوای مافی خۆی بکات.

دایکی ژیان زۆرجار بە مێردەکەی دەگوت پیاوەکە گوناحە ئەو برا و خوشکەت مافی میراتی باوکیان هەیە، تۆ بۆچی نایاندەیتیٚ. ئەویش دەیگوت خۆت کەر مەکە من بۆیان هەڵدەگرم ئەوان نرخی پارە و پوول نازانن و بە دوو ڕۆژ خەرجی دەکەن.

پووری ژین و ژیان "خوشکی باوکیان" هات بۆ ماڵی برا بچووکەکەی چونکە نەدەچووە ماڵی برا گەورەکەی. دایکی ژیانیش هات چونکە ماڵ بە ماڵەوە بوون. نیوەڕۆ لەوێ نانیان خوارد. پوورەکەیان گوتی خوشکینە پێتان ناخۆش نەبێ من دەزانم ئێوە منتان خۆش دەوێ، منیش هەروەها بەڵام ئیتر بەسە، برای گەورە ماف و حقووقی هەموومانی داگیر کردووە وا دەچێ بۆ دە ساڵ پارە و پوول و رزقی دوکانی باوکم هیچ، بەڵام خۆ ریزە دوکانەکانی باوکمان دیارە و هەر ئەو کرێکانی وەردەگرێ و فلسێ بە ئێمە نادا. من بەتەمام بیخەمە "ئیزالەی شیوعەوە" ئەوانیش گوتیان مافی خۆتە ئێمەش پێمان خۆشە. باوکی ژین لە دائیرە گەڕایەوە. بەخێرهاتنی خوشکی کرد و هەواڵی منداڵەکانی لێ پرسی. دوایی خوشکە تێی گەیاند کە چی دەوێ و وتی: برا ڕێوشوێنم پێشان بدە، چونکە تۆ لە تاپۆی باشی لێ دەزانی، براکەی هەموو شتێکی پێ گوت ژمارەی دوکانەکانی پێ دا کە لە تاپۆ و شارەوانی تۆمار کرابوون. ڕۆژێك باوکی ژیان وەکو لە بانێك بەری بدەنەوە، زانی کە دوکانەکانیان خراوەتە "ئیزالەی شیوعەوە" خێرا چوو بۆ لای هاوڕێ بازرگان و دەوڵەمەندەکانی و داوای لێ کردن موزایەدە نەکەن با خۆی بە نرخێکی هەرزان هەڵیان گرێتەوە. بەڵام خوا کردی ڕۆژی موزایەدە چەند بازرگانێکی پیاو و راست و شەریف بە بابەتەکەیان زانی و دەیانزانی کە دەیەوێ غەدر لە برازا و خوشکەزاکانی بکات، بە قسەیان نەکرد و هاتن بۆ موزایەدەکە و کارێکیان کرد کە باوکی ژیان نەتوانێت دوکانەکان هەڵگرێتەوە. پارەی دوکانەکان بەڕێوەبەرایەتیی تاپۆ دابەشی کرد بەسەر دوو برا و خوشکێك، براکان دوو بەش خوشکە یەك بەش. باوکی ژین پیاوێکی بەهۆش و دڵسۆزی ژن و منداڵەکەی بوو، نیوەی پارەکەی دا بە خانوویەکی بچکۆلە و دای بەکرێ گوتی ئەگەر مردم کرێی ئەو خانووە و پارەی خانەنشینییەکەم باشە بۆتان، ئەوی تریشی خستە بانقەوە بە ناوی ژینی کوڕی، خانووەکەشی بە ناوی دایکی ژینەوە داینا. ساڵ هات و ساڵ ڕۆیی هەموو هیوای ئەو دوو خوشکە ئەوە بوو کە ئەو کوڕ و کچەیان بەیەك بگەن بە خۆشی بژین.

ساڵی دوا ئامادەیی بوو پێش تاقیکردنەوەی بەکەلۆریا بۆ نەگبەتی باوکی ژین

کاتێ لە بەڕێوەبەرایەتی دەگەڕێتەوە لە کۆلانێکدا ئۆتۆمۆبێلێکی هەرە تازە مۆدیل سێ چوار گەنجی تێدا بوو بە خێرایی لێیان دەخوڕی و گۆرانی و چەپڵەیان لێ دەدا چونکە کوڕی خوا پێداوان بوون، باوکی ژین دەبێ بەژێر ئۆتۆمۆبێلەکەوە و کەس ئاگای لێ نابێ بۆی دەردەچن ئەوەندە بێ ویژدان و بێ شەرەف بوون بەجێیان هێشت، کاتێ خەڵك پێیان زانی هەتا گەیاندیانە خەستەخانە گیانی دەرچوو. ژین و ژیان هەردوو خوشکە ماڵوێران بوون هەروەها پوورەکەی تریان ڕەشپۆش بوون. هەرچەندە ژین خەیاڵی دەکردەوە چۆن خۆی و دایکی بەو پارەیە بژین، ناچار دەستیان کرد بە سەعیکردن، ژیان لە ژین زیاتر خەمبار بوو چونکە هەم مامی کۆچی کردووە وە هەم باوکی خۆشەویستەکەی. تاقیکردنەوەیان تەواو بوو دوای مانگێك نمرەیان وەرگرت، بەڵام نمرەی هەردووکیان وا نەبوو کە ئاواتیان بوو بچنە کۆلێج. هەردووکیان بڕیاریان دا بچنە خانەی مامۆستایان کە لە شارەکەیاندا تازە کرابووەوە.

ئەوەی کە بەخەیاڵدا نەدەهات ئەوەبوو ڕۆژێ باوکی ژیان هاتەوە گوتی ئافرەت حاجی فەتاحی هاوڕێم دەزانی کە چەند دەوڵەمەندە داوای ژیان دەکات بۆ ئەحەی کوڕی، منیش گوتم کچی خۆتە، پیرۆزی بێ. دایکی ژیان سەری سوڕما گوتی پیاوەکە ئەو کوڕە خۆت باشی دەناسی کە چەند سەرسەری و ئارەقخۆر و قومارچییە کەس باشیی ناڵێ، ژیان خۆشەویستی خۆی هەیە ئامۆزا هەم پوورزا. باوکی ژیان لە وەڵامدا بە تووڕەییەوە گوتی ناماقووڵی مەکە کچ کچی خۆمە نایدەم بە مامۆستایەکی سواڵکەر دەیدەم و داومە، ژیان دەستی کرد بە گریان گوتی بابە تۆ من بە پارە دەفرۆشی، باوکی پەلاماری دا و زللەیەکی لێ دا، کچە بەدەم گریانەوە رای کردە ماڵی پووری هەرکە سەری کرد بە ژووردا پووری حەپەسا و باوەشی پێدا کرد و گوتی کچی خۆشەویستم بۆچی دەگری، ژیان بابەتەکەی بۆ گێڕایەوە پووری گوتی رۆڵە باوکت هەروا ناجسنە، هەر دایکت بوو توانی لەگەڵیدا هەڵکا. هیچ چارەمان نییە بیدەرە دەست خوا.

با بێینەوە ماڵی ژیان، باوکی بەدایکی ژیانی گوت: سبەینێ دێن بۆ خوازبێنی لەوە زیاتر کە بڵێی پیرۆز بێ هیچ شتێکی تر بڵێیت زمانت دەبڕم. ئێوارە کاتێ

ژیان گەڕایەوە ماڵێ، چونکە چووبوو وێنە بگرێ و بەڵگە و ئەو شتانەی پێویستە بۆ ئەوەی ناونووسی بکا لە خانەی مامۆستایان، تەماشای کرد دایکی زۆر بێتاقەتە دەستی ماچ کرد گوتی هیچ گوێ مەدەرێ، من تەحەمولی کۆچی باوکی خۆشەویستم کرد تەحەمولی هەموو شتێکی تر دەکەم؛ کە دایکی بۆی گێڕایەوە چاوی پڕ بوو لە فرمێسك، هیچ قسەی بۆ نەکرا. ئەو شەوە هەتا بەیانی چاوی نەچووە خەو تف و نەعلەتی لەوانە دەکرد کە پارە هەموو شتێکە لایان و وەك بتپەرست دەیپەرستن و کچیان بۆ پارە دەفرۆشن. بەیانی کاتێ باوکی ژیان چوو بۆ بازاڕ ژیان هات بۆ لای پووری دی ژین لەگەڵ دایکیدا بە غەمباری دانیشتوون، هاتە ژوورێ و دەستی پووری ماچ کرد و دەستی کرد بەگریان، ژین خۆی پێ ڕانەگیرا و دەستی کرد بەگریان و باوەشی کرد بە ژیاندا و ناوچەوانی ماچ کرد و گوتی چارەمان نییە خوا حەقمان بسێنێ. نیوەڕۆیەکی درەنگ بوو ماڵی حاجی فەتاح لەگەڵ خزمانیان هاتنە ماڵی ژیان و دانیشتن و سەیری ژیانیان دەکرد وەختە بوو بۆ جوانییەکەی شێت ببن. دایکی ئەحەی ناموبارەك گوتی: دایکی ژیان کوا پووری ژیان؟ ئەویش وتی دووربێ لە رووت نەختێ ناساغە لەبەرئەوە چووە بۆ لای پزیشك. ئینجا گوتی دایکی ژیان ئێمە هاتووین بۆ خوازبێنیی ژیانی کچتان. ئەویش گوتی بەخێربێن پێویستی نەدەکرد بەهاتنتان، باوکی کوڕەکەتان و باوکی ژیان ڕێك کەوتوون و پرسی من و ژیانی ناوێ هەموویان لە قسەکەی سەریان سوڕما قسەیەکی جەرگبڕ بوو، ئەوان دوای قسەکەی دایکی ملیان شکاند و ڕۆیشتن. ژیان و دایکی جگە لە گریان و خەفەت هیچیان بۆ نەمایەوە. باوکی ژیان نەیهێشت کچەکەی ناونووسی بکا لە خانەی مامۆستایان، گوتی تۆ دەبێ بە ژنی دەوڵەمەندترین گەنجی ئەم شارە، مامۆستایی چییە؟ بەزۆر ژیان مارە کرا بە ئەحەی کوڕی حاجی فەتاح کە هیچ جەوهەری پیاوەتی و مەردایەتی و مرۆڤایەتیی تێدا نەبوو، شەو بە سەرخۆشی دەهاتەوە لە قومارکردن. لە باتیی هەموو شتێ شەڕی بە ژیان دەفرۆشت و زۆرجار لێی دەدا، ژیان کەوتبووە ناو دۆزەخێك کە بە هیچ جۆرێ تەحەمولی نەدەکرد.

ڕۆژێ باوکی هاتەوە دی ژیان لە ماڵەوەیە گوتی چییە، دایکی گوتی: زاوا

بەشەرەفەکەت لێی داوە چاوت لێی نییە چۆن دەموچاوی شین و مۆر بووەتەوە. گوتی گرنگ نییە، لە نێوان ژن و مێرددا شتی وا دەبێ هەر ئێستا دەڕۆیتەوە ماڵی مێردت. ژیان نەیدەزانی پەنا بۆ کوێ بەرێ، ماوەی ساڵێك ژیان لە دۆزەخێکی، ناخۆشتر لە دۆزەخی خوادا دەژیا، لەلایەکەوە ئەو مێردە خراپەی لەلایەکەوە دایك و خوشکەکانی مێردە سەرسەریەکەی هەموو کات توانجیان تێ دەگرت. بەهیچ جۆرێ نەیدەزانی داوای تەڵاق بکا، چونکە باوکی دەیکوشت. لە دوای دوو ساڵ لە پڕ باوکی ژیان بەسەکتەی دڵ "دڵ وەستان" کۆچی دواییی کرد، چونکە لە مامڵەی بازرگانیدا زۆر زەرەری کردبوو، ژیان و دایکی رزگاریان بوو لەو کابووسە، لە دوای چلەی باوکی ژیان بە دایکی و پووری و ژینی گوت یارمەتیم بدەن با رزگارم بێ، داوای تەڵاق دەکەم ئەوانیش گوتیان زۆرمان پێ خۆشە و بە هەموو جۆرێك یارمەتی و کۆمەکت دەکەین. ژین حاکمێکی دەناسی چونکە لەگەڵ ئەو حاکمە و ئەحەی حاجی فەتاح لە قوتابخانەدا بەیەکەوە بوون ئەحەیان باش دەناسی لەبەر سەرسەرێتی وازی لە خوێندن هێنابوو. ژین بە حاکمەکەی گوت کارێکی وامان پێتە گەر بتوانی یارمەتیمان بدەیت، ئەویش کە زانی مێردی ئامۆزای ژین ئەحەی سەگبابە گوتی بەسەر چاو بەپێی یاسا هەوڵ دەدەم جێبەجێی بکەم. ڕۆژی مەحکەمە وا ڕێك کەوت کە ئەحە شەوێ بەسەرخۆشی و دۆڕاویی قومار هاتبوو سەر و گوێلاکی ژیانی شین و مۆر کردبووەوە و بریندار بووبوو ژیان زوو خەبەری دابوو بە دایکی ئەویش بردبووی بۆ خەستەخانە، تەقریری وەرگرتبوو کە لێدانی مێردەکەی، زەرەری گەیاندووە بە مێشکی ژیان.

بەیانی ڕۆژی محاکەمەکە ئەحە گوتی تەڵاقی نادەم. حاکم گوتی بەپێی مادەی فلان، چونکە ژنەکەت ناتوانێ لەگەڵتدا بژی و تۆ لێی دەدەی و ڕاپۆرتی دوکتۆر دەڵێ لێدانەکەت زیانی گەیاندووە بە مێشکی کە ئەمە بۆ تەندروستیی زۆر خەتەرە و جگە لەوەی کە دەبێ تەڵاقی بدەی، دەبێ قەرەبووی ئەو زیانەی کە کەوتووە لە تەندروستیی ژیان بکەیت چونکە ئەو کچە بەشەرەفە تۆی ناوێ، بەڵام ئەوە بزانە ژیان وەکو تۆ پارەپەرست نییە هیچی ناوێ وا دادگە بڕیاری دا کە تەڵاقت کەوتووە ژیان لەم سەعاتەوە ژنی تۆ نییە، کاتێ گەڕانەوە ئەو شەوە لە ماڵی ژین دایك و

هەرسێ پوور و منداڵەکانیان کردیان بە ئاهەنگ و شایی.

چونکە ژیان لەو دڕندەیە ڕزگاری بووبوو دوای سێ مانگ بەپێی شەرع و یاسا و چونکە ژیان هیچی لە ئەحە نەبووبوو . ژینی ئامۆزا و پوورزای خۆی مارەی کرد. وەکو دوو خۆشەویستی ڕاستەقینە بەخۆشی خێزانیان پێکەوە نا و بەخۆشی و کامەرانی دەژیان و ژیانیش خانەی مامۆستایانی تەواو کرد و ئەویش بوو بە مامۆستا لە قوتابخانەی کچانی سەرەتایی.

ئەمین موتابچی

لەندەن

# مامۆستا محەمەد

ساڵانی پەنجاکان لە گەڕەکی ئێمە حەوشەیەك هەبوو چوار هەیوان و چوار ژووری تێدابوو، لە هەریەکێ لەو هەیوان و ژوورانەدا ژن و مێردێك دەژیان. هەموویان چوار خێزان بوون پیاوەکان هەریەکەیان تەمەنیان لە دەوری بیست ساڵیدا دەبوو. یەکێکیان پاقلە فرۆش بوو، ئەوی تریان سیوجگەری دەبرژاند و دەیفرۆشت سێیەمیان شاگرد چایچی بوو، چوارەم دوو گوێدرێژی هەبوو. ئەمانە خۆیان و خێزانەکانیان سەریان نابوو بەیەکەوە وەکو یەك خێزان بەبێدەنگی دەژیان. دراوسێیەکی زۆر باشیان هەبوو ناوی مامۆستا محەمەد بوو لە ئامادەیی دەرسی مێژووی دەوتەوە. کە خۆی و دایکی لەو خانووەی کە لە باپیرییەوە بۆی بەجێمابوو دەژیان خانووەکەیان دوو دەستە بوو، یەکێکیان بریێتی بوو لە هەیوانێك و کەلەگیەك و پشتەیوانێ، ئەوی تریان بریتی بوو لە هەیوانێکی گەورە و، چوار ژووری لەسەر بوو، شتەکانی باوکی و باپیری تێدا عەمار کردبوو. پاقلەفرۆشەکە عەسران پاقلەی وشکی دەکردە ئاو شەوێ دەیکوڵاند بەیانیان لە مەنجەڵە گەورەکەدا دەیخستە ناو عەرەبانە چوار پێچکەیەکەی و پریمزێکی لەژێردا دادەنا تاکو بەردەوام گەرم بێ، قوتوویەك کە سەرەکەی وەکو بێژنگ کون کون کردبوو، پڕی دەکرد لە گەڵای نەعنا و پونگە کوتراوی وشك. هەموو رۆژێك بەیانی دەوری سەعات هەشت لە ماڵ دەردەچوو خۆی و عەرەبانە پاقلەکەی، بەرەو ئەو شوێنانەی کە خەڵکی لێ دەوەستان، یا نزیك چایخانەکەی کاکە حەمە.

کابرای سیوجگەرفرۆش بەیانیان زوو هەڵدەستا و دەچوو بۆ قەسابخانەکەی

خوار شار، چەند سیوجگەری نەگیراوەی دەکری و دەیهێنایەوە و دەیخستنەتە تەنەکەیەکی پاکی پڕ لە ئاو لەگەڵ وەجاخێکی بچووك و چەند شیش و قاپ و، خوێ و، چەقۆیەك و چەند دەسکە کەوەر کە شەو ژنەکەی بۆی پاك دەکرد و دەیشتەوە.

کابرای شاگرد چایچی لە چایخانەکەی کاکە حەمەدا شاگرد بوو زۆر ئیشکەر بوو هەموو مشتەرییەکان خۆشیان دەویست، چای جوان لێ دەنا و بە پاکی دەیخستە بەردەم خەڵکەکە.. کابرای خاوەن دوو گوێدرێژەکەش هەموو ڕۆژێ دەچوو بۆ بەر گردەکەی سەر قەبران "گردی سەیوان" لە کلێنجانەکەی داوێنی گڵی سووری دەبرد بۆ ئەو ماڵانەی داوایان لێ دەکرد. وەیا زیخی ورد کە بۆ پشتی تەنوور بەکار دەهات تا تەنوورەکە سارد نەبێتەوە.

ئێواران هەموو بەخۆشی دەگەڕانەوە، وەرزی هاوین بوو، یەکێکیان بە لەتێ شووتییەوە خۆی دەکرد بەماڵا، ئەوی تریان بە دەسەسرێکی پڕ لە ترێ، یەکێکیان بندەستێ لەواشەی بازاڕ چوارەمیان، دەسەسرێك بامێ و تەماتە. زۆر قانیع بوون بەو ژیانەی خۆیان و شایان بە سەپانی خۆیان نەدەزانی. مامۆستا محەمەدیان زۆر خۆش دەویست، زوو زوو دەهات بۆ لایان، یان هەر خۆی یا لەگەڵ دایکیان پیاوان لەلایەك دادەنیشتن و ژنان لەلایەك هەمووش لە حەوشەکەدا جێخیان هەڵدابوو. چونکە حاجی کەریمی نامووبارەك کە خاوەنی ئەو حەوشەیە بوو دەیگوت نابێ بچنە سەربان، بەرجێخەکان سەربانەکە کون دەکات. مامۆستا محەمەد شەوانی هەینی بەخۆی و قاپێ وەکو دەڵێن زەهرە مارەکەی دەهێنا لەگەڵ کیسەیەك پڕ لە خەیار و تەماتە. دایکیشی پڕ دەورییەك شفتەی جوانی دەدایە. لەگەڵیاندا دادەنیشت ژنەکانیشیان لەولاوە. خۆت دەزانی کە وڵات لەژێر پاڵەپەستۆی حکوومەتدا بێ، گەنجەکان ناچار دەبن خوو دەدەنە خواردنەوە بۆ ئەوەی هیچ نەبێ چەند ساتێ دووربن لە ناخۆشی و مەینەتی. زۆر خۆشیان رادەبوارد بەڵام زەمانە و چەرخ بەردەوام چەپگەردە لەگەڵ فەقیری باشا وانییە؟ هەردەم پشتی دەوڵەمەندی بێ ویژدان و بێ دین دەگرێ. وەزعیان وا نەما هەرچەند جەنابی حاجی کەریم دەهات بۆ کرێ هەڕەشەی لێ دەکردن، دەرتان دەکەم کرێچی هەن

زیاتر دەدەن یەكی روپێیەكی پێ زیاد دەكردن، هەتا ئەم دواییە لای پیرەكان، روپییان بەكار دەهێنا كە برێتی بوو لە ٧٥ فلس. ئینجا رووی دەكردە خاوەن دوو گوێدرێژەكە دەیگوت دەبێ پارەی ئەم دوو گوێدرێژە بدەی، ئەو كەپرەی بۆت كردوون لە موڵكی مندایە. هەموو سەرسام دەبوون لەو كاتەدا مامۆستا محەمەد هات گوتی حاجی كەریم جەنابت موسڵمانی، حەجت كردووە گوناحە غەدر لەمانە دەكەیت، دەیگوت تۆ حەقت نییە رازی نین با برۆن. كابرای خاوەن دوو گوێدرێژەكە بۆ هەریەكێ لەو دووانە روپێیەكی دا بەحاجی كەریم پێی حەرام بێ.

لێرەدا سەرنجی ئەوە بفەرموون كەوا دوو جۆر دەوڵەمەند هەن یەكێكیان بەرێز و بە ویژدان و خاوەن دین و بەپاكی بازرگانییەكەی خۆی دەكا، بێ غەل و غەش، ئەوی تریان ساختەچی و بێ دین هەر بۆ ئەوەی پێی بڵێن حاجی بڕوای پێ بكەن، چووەتە حەج و سوێند بە كەشیدەكەی بخوات هەروەها فەقیریش سێ جۆرن، یەكێكیان فەقیری نان بەڵام بە غیرەتە و كار دەكات رەنج دەدات بە رەنجی شانی نان پەیدا دەكا بۆ خێزانی ئەوی تر تەمەڵە سواڵ دەكا. سێیەمیش فەقیری ئەخلاقە، فەقیر ویژدانە، گوێ ناداتە دین و ترس لە خوا، فوو لە درۆ ناكا لە بۆ دزی بۆ كوشتن و جاسووسی، ئینجا تەماشاكە لەم چیرۆكەدا ئەوەت جوان بۆ روون دەبێتەوە. كۆمەڵگەیەك ئەمانەی هەبێ دەبێ رژێم و فەلسەفەیەكی وای بۆ بێتە كایەوە كە ئەم دەردانە تیمار كات. بەهەرحاڵ با سەرتان نەیەشێنم بێینەوە سەر باسی ئەو پێنج هاورێییەمان.

تەنگوچەڵەمە یەخەی گرتن هەموو رۆژێ چاوەشی شارەوانییەكە دەهات یەخەی سیوجگەرفرۆشی دەگرت دەیگوت سەگباب ئەم شوێنە شۆسەیە و هی شارەوانییە، تۆ پیسی دەكەیت و رێگە لە خەڵك دەگریت كابراش دەیگوت نە رێگەم گرتووە و نە پیسی دەكەم من رێگەم لەم دوكانە گرتووە، كاری راست بێ كە رێگەی داوم، بەدەم ئەم قسانەوە دوو شیشی بۆ دەبرژان و لەگەڵ كەوەردا دەیخستە ناو نانێك و دەیدایە و ئەویش وەری دەگرت و دەرۆیشت. كابرای پاقلەفرۆش لەو شوێنانە دەوەستا كەوا خەڵك كۆ بوونەتەوە. یا لە بەردەم چایخانەكەدا. خەڵكەكە پاقلەیان لێ دەكڕی و دەیانخوارد، لە پڕ چاوەشی شارەوانیی ئەو ناوە پەیدا دەبوو

دەیگوت رای کێشە عەرەبانەکەت ئێرە پیس دەکەیت. ماڵی باوکت نییە، ڕێگەی خەڵك دەگریت، خەڵکەکە هێندێکیان خۆیان پێ نەدەگیرا دەیانگوت عەیب ناکەیت. بۆ ناچی بەو بازرگانانەی کە نیوەی جادەکەشیان داگیر کردووە بە شتەکانیانەوە. کابرای پاقلەفرۆش خۆی دەرمانی ئەمەی دەزانی، جارێ قاپێ پاقلەی بۆ تێ دەکرد و دەیدایە، لە دواییدا یەك کیسەی نایلۆنی بۆ پڕ دەکرد و دەیگوت ها ئەمە بەرە ئێوارێ لەگەڵ زەهرە مارەکەدا بیخۆ، قوزەڵقورت خۆی، چاوەش پێ دەکەنی و وەری دەگرت و ملی دەشکاند. با بێینەوە سەر شاگرد چایچییەکە، بەڕێوەبەری ئاسایش دەینارد بەشوێنیدا و، ئەویش هەتا دەگەیشتە لای هەزار ئایەتەلکورسی و قل هو الله.... دەخوێند بەسەر خۆیدا. ئاسایشەکە سەگباب پێی دەگوت پشووی هاوینە هەموو قوتابیانی زانکۆکان و مامۆستاکان بەرەڵان دێنە چایخانەکە بەدەم ئەزنیف و تاوڵەوە چرپەچرپ دەکەن و باسی سیاسەتە، دەبێ بزانی چی دەڵێن، ڕاپۆرتم بۆ بنووسە "تەقریر" ئەویش دەیگوت بەگم، من چاکان دادەنێم و دەڕۆم خۆ نابێ بوەستم بە دیاریانەوە، دەیگوت کەرە خۆت خەریك کە وا نەکەی، یەکەم بە کاکەی چایچی دەڵێم دەرت کا دووەم حەپست دەکەم. لەو جۆرە ڕێژیمانەدا تۆمەت ئاسان بوو. ئەمیش نەیدەزانی چی بکا. ئێوارەی هەینی بوو هەروەکو هەموو جارێك مامۆستا محەمەد کەرەسەی خواردنەوەی هێنابوو دەیگوت هیچ نەبێ وەکو خەیام دەڵێ با چەند ساتێ بە مەی خۆمان ئاسوودە کەین. دانیشتن و ژنەکانیشیان لەولاوە لەگەڵ دایکی مامۆستا محەمەددا کۆمەڵیان بەستبوو. هەریەکە باسی ئەو ڕۆژەی خۆی بۆ هاوڕێکانی دەگێڕایەوە لە زوڵمی حاجی کەریمەوە تا هی چاوەشی شارەوانی و هەڕەشەی بەڕێوەبەری ئاسایش. مامۆستاش دەیگوت مەترسن سەگی هار چل شەوی عەمرە و نەجاتمان دەبێ نزیك یا دوور. ساڵ هات و ساڵ ڕۆیی ڕۆژگاریان هەروەها دووبارە دەبووەوە، حاجی کەریم لە ساختەچێتیی خۆی نەدەکەوت ئەوەی دەیفرۆشت هەمووی فێڵ و غەش بوو. مامۆستا محەمەد و ئەم چوار مەردە بەغیرەتە سەریان بەیەکەوە نابوو وەکو برا بەخۆشی دەژیان، بەو پارەیەی کە بەڕەنجی شانیان دەستیان دەکەوت. خوا کردی شۆڕشی چواردەی گەلاوێژ رووی دا، سەرەتاکەی خۆش بوو، هەرچەندە دواییەکەی ماڵوێرانیی لێ کەوتەوە. ڕۆژێك ئەو لێژنەیەی

که کاری ئەوەیە سەیری خواردن و تەڕە و وشکەی ناو بازاڕ بکا تاکو بزانێ تا چە ئەندازەیەك پاك و بێ غەل و غەشە. خواوراستان خوا کردی چوونە دوکان و عەماری حاجی کەریم تەماشایان کرد فەردە ئاردەکان، نیوەی گەچە، تەنەکە ڕۆنەکان نیوەی بنەکەی پەتاتەیە، فەردە برنجەکانی وای کردبوو بۆ هەر چوار گونیە برنج یەك گونێ جۆی تێکەڵ کردبوو. مرۆڤی باشیان تێدا بوو، یەکسەر دایانە دادگە. کە دادگە شارەزای خۆی نارد تەماشای کرد هەموو وایە وەکو لێژنەکە دەیلێن، حاجی کەریمیان دا بە دادگە و، حاکم حوکمی دا، یا دە هەزار دینار جەزا بدات یا شەش مانگ حەپس، واسیتە و پارێزەر هیچی بۆ نەکرا و، حاجی ناچار بوو پارەکەی دا، کە بۆ ئەو یەك دینارت لێ بسەندایە وەکو ئەوە وابوو ریشەی جەرگی دەردێنی سەری مانگ بوو بە سەرشۆڕی چوو بۆ کرێی حەوشەکەی. هەموو پێی دەڵێن حاجی کەفارەت بێ دەزانی دوعا و نزای ئەوانە بوون کە فێڵت لێ کردبوون عیبرەت وەرگرە، پارە هەموو شتێ نییە. ئەوە بوو بۆ نەگبەتی میللەتی عێراق، چواردەی رەمەزانی ناموبارەك ڕووی دا، هەموو شتێ سەرنگون بوو، حزبی بەعسی فاشی هاتە سەر حوکم، ڕۆژ بەڕۆژ پیاوخراپی و زوڵم و زۆر لە بالادا بوو، ڕۆژێ حاجی کەریم هەروەك کورد دەڵێ تۆبەی گورگ مەرگە، حاجی بووبووەوە بە هەمان حاجی بێ ویژدان و ساختەچی، هەر سەری مانگان کە دەهات بە هەڕەشەوە دەهات مامۆستا محەمەد گوتی براینە قسە مەکەن دەبێ قبووڵی بکەین، چونکە رۆژ رۆژی پیاوخراپ و زاڵمە ڕۆژی ئێمەش دێت، ئاخر جار کە هات بۆ کرێ گوتی ئەم حەوشەیە تێك دەدەم و دەیکەم بە باڵەخانە ″عمارة″ لەوەوپێش بە بەرتیل موافەقەتی وەرگرتبوو، لەبەرئەوە کرێچییەکان هیچ چارەیان نەمابوو، گوتیان لێمان بوەستە هەتا شوێنێ پەیدا دەکەین. ڕۆژێ بەخۆی و پۆلیسەوە هەڵی کوتایە سەریان و شەنگ و شیتاڵیانی خستە سەر کۆڵانەکە، ژن و منداڵەکان بەدیار شتەکانیانەوە دۆش دامابوون، دەوری عەسر بوو ڕۆژی پێنجشەم لە پڕ هەر چوار پیاوەکە هاتنەوە، کە ئەمەیان دی وەختە بوو شێت ببن، بەم ئێوارەیە لە کوێ بژین وا شەو دادێت، لەو کاتەدا مامۆستا محەمەد هاتەوە کە ئەمەی دی، ئەو کە قەت جنێوی نەدەدا هەزار جنێوی دەدا بەزاڵم و زۆرداران، گوتی براینە خەم مەخۆن. وەرن خۆتان و ژنەکانتان ئەو دەستەیەی شتی ماڵی باوکم و

باپیرمی تێدایە، بیبەینە سەر تەنوورەکە، ژنەکان با گەسکی بدەن و پاکی بکەنەوە هەریەکەتان لە ژوورێك دانیشێ، ژوورەکان گەورەیە، هەیوانەکەش بۆ هەر چوارتان، حەوشەکەش زۆر گەورەیە چیخی لێ داکوتن، یا ئەگەر حەز دەکەن بچنە سەربان، خاوەن گوێدرێژەکە چووبوو بۆ شت کڕین بۆ هەموویان. ئەمان گوێدرێژەکانیان بردە حەوشەکە و لە سووچێکدا بەستیاندنەوە. کە هاتەوە گۆتی خوایە هاوار بۆچی بەدەنگ فەقیر و هەژارەوە نایەیت من چی بکەم وەکو عەرەب دەڵێ "یمهل ولا یهمل " خوایە مەگەر ئێمەش عەبدی تۆ نین، مامۆستا محەمەد گوتی گوێ مەدەرێ، ڕۆژمان هەڵدێت، ئێستا هیچمان پێ ناکرێ. چونکە وەکو لە پێشدا گوتم ماڵی مامۆستا محەمەد دوو دەستە بوو، ئەمانی لەو دەستەیەی کە چوار ژوور و هەیوانێك بوو جێگەی کردنەوە، دراوسێکان زۆریان پێ ناخۆش بوو، بەڵام هیچیان پێ نەدەکرا، هەریەکەیان بەپێی خواردنی ئێوارەی خۆیان، بە دەوری یا سینی خواردنیان بۆ هێنان، دایکی مامۆستاش ئێوارەی جومعەیە، قوبوولییەکی جوانی لێ نابوو لەگەڵ بامێی پڕ لە گۆشت، چونکە ئێوارانی جومعە شەو جومعانەی دەنارد بۆ فەقێکانی مزگەوتەکەیان بۆ خێری باوکی مامۆستا محەمەد، بەشی ئەمانیشی هێنا و هەموویان سفرەیەکی پڕ لە هەمەجۆرە خواردن، ڕێك خرا و دایکی مامۆستا محەمەد لەگەڵ ژنەکاندا و، پیاوەکانیش بە جیا ئەو خواردنە خۆشانەیان خوارد. هەزار دوعایان بۆ مامۆستا و دایکی کرد ئەوانیش گوتیان ئێمە هیچمان نەکردووە، ئێوە برا و کەسی ئێمەن دەستیان کرد بە دوعا لێکردن لە حاجی کەریم بەمجۆرە ئەو پێنج خێزانە وەکو یەك دەژیان مامۆستا محەمەد ئاگای لە سیاسەت بوو پێوەندیی لەگەڵ هەموو حزبەکاندا هەبوو، بەمانی دەگوت ئاگاتان لە خۆتان بێ لای هیچ کەس کە باوەڕتان پێی نەبێ قسە مەکەن شت مەدەن بەدەستەوە چونکە بەعس وەکو سەگی هاری لێ هاتووە لەوانەیە حاجی یا ئەو دراوسێیەی ئەودیومان موشکیلەمان بۆ دروست بکات. ئەوانیش سەری خۆیان کز کردبوو، بەڵام لە دڵدا دەکوڵان بەتەمای هەڵاتنی ڕۆژی ئازادی بوون، مامۆستا محەمەد دەرسی نیشتمانپەروەری و دادپەرستی و وڵات خۆشەویستی و یەکسانی دەدان هەموویانی گۆش کردبوو بە نیشتمان و میللەتپەرستی، بەخۆشەویستی و بەڕێزگرتنی لەخۆ گەورەتر و بەڕاستگۆیی. لەگەڵ

ئـەوەیشدا کـە چـەنـد دەسـتـکـورت بـوون، ئـامـادە بـوون، کـە پـارە بـدەن بـۆ حزبـە تێکۆشەرەکان بـەبـێ جـیـاوازی. بـاری وڵات خـراپ بـووبـوو. بـەعس دەسـتـی دایـە ئـەوپـەڕی زوڵـم و خـراپـەکـاری لـە دژ حزبـەکـان چـە مـیـللـیـیـەکـان چـە چـەپییـەکان بـەکـورد زیـاتـر لـە عـەرەب دەکـرد. دەسـتـی کـرد بـە ڕەشبگیری ئیعدامکردن، بەبێ لەدادگەدان ئەنفال. کیمیابـاران، قـەتڵوعـامـی خـەڵك لـە شـەقـامـەکـان و کـۆڵانـەکـاندا خـەڵك کـوشتن. مـاڵ نـەبـوو یـەکـێکی ئـیـعدام یـا حـەپس نـەکـرابـێ، ئـەوی تـریـان پێشمـەرگـەیـە لـە شـاخ. بـاڵـەخـانـەکـەی حـاجـی کـەریـم لـە نیوەیدا بوو چونکە حـاجـی لە بـەیانییەوە هـەتا ڕۆژ ئاوابوون بەدیار کرێکارەکانەوە بوو. سەعاتی زیاتر ئیش پێ دەکردن پێیانی دەگوت ئەگەر وەکو دەمەوێ ئیش نەکەن خەبەری ئاسایشتان لێ دەدەم و دەڵێم کرێکارەکان مـان دەگرن بـەڕاستی وەکو کورد وتـەنی دەرسی شـەیتان دادەدا. حـاجـی بـەسـەکـتـەی دڵ لار بـووەوە، خـوا حـەقـی ئـەو فـەقـیـر و هـەژار و کرێکارانەی لێ سەند خێری لە پـارە حەرامەکەی نەدی، منداڵەکانی چونکە ئەمەندە پارەی لێ گرتبوون و پاڵەپەستۆی بۆ هێنابوون، هێشتا کفنەکەی زەرد نەبووبوو بۆ میرات کەوتنە بگرە و بەردە هەرچییەکی هەبوو لە ماڵ و موڵك فرۆشتیان و لە بەینی خۆیاندا دابەشیان کرد، کورد دەڵێ پارەی خۆنەخۆر بۆ چەکمەبۆر یا دەڵێ: پارە بۆ..... کەرە یا بۆ..... دەرە. مامۆستا محەمەد لەوەوپێش ماوەی چەند ساڵێك دەبوو هـەموو سەری مـانگێ چییان دەست بکەوتایە، دەیگوت بەشی مەسرەفی لێ هەڵگرن و ئەوەی دەمایەوە دەیخستە سندووقێکیەوە قفڵی دەدا و لە ماڵی یەکێکیان دایدەنا و هیچ کاتێ نەدەکرایەوە ئیللا هەموو حازر نەبوونایە.

ئێوارێی هـەینی بوو هـەموو وەکو هـەموو هـەینییەك دانیشتبوون بەدڵی خۆشەوە، مامۆستا سندووقی کردەوە، پارەیەکی باشی تێدا کۆ بووبووەوە گوتی براینە من شتێکم بەبیردا هاتووە ئەگەر لاتان باشە ئەوا بە قسەم بکەن وەگەرنا کەیفی خۆتانە، وتیان فەرموو بڵێ. وتی ئەم پارەیە و منیش چارەکێکی دەخەمە سەر دەبێ بە پێنج بەش "حصة" با دوکانێکی سەندویچ بکەینەوە چونکە لەم شارەدا دوکانی سەندویچ یا نییە یا کەمە، هەموو گوتیان زۆر باشە. بۆ سبەینێ کەوتنە گەڕان بەدوای دوکاندا، دوکانێکی باشیان لە نزیك چایخانەی کاکە حەمەوە دۆزییەوە،

خاوەنەکەی لەو دەوڵەمەندە شەریف و پاکانە بوو داوای سەرقفڵی لێ نەکردن، چونکە ئەگەر داوای بکردایە لە کێشی ئەواندا نەبوو.

رێك کەوتن و دوکانیان دانا هەر چواریان خەریك بوون هەموو کارامە و ئیشکەر بوون مامۆستاش بەپێی کات یارمەتیی دەدان، ئەوەی کە زۆر یارمەتیی دان بۆ سەرکەوتن لەم کارەیاندا ئەوەبوو کە ئەم چوار مرۆڤە و مامۆستا محەمەد ناسراو بوون لە شارەکەدا بە باشی و نیشتمانپەروەری، خەڵك رووی تێ دەکردن، بۆ سەندویچ خواردن یان زۆریشیان هەموو شەو نەدەچوونە یانەی فەرمانبەران دەهاتن زمان، یا چلفرای یا ماسی، یا رۆستیان دەکڕی و دەیانبردەوە تاکو لەگەڵ خواردنەوەدا بیخۆن. پۆلیسی ئاسایش پێیان فێر بووبوو دەچوون سەندویچیان دەخوارد و پارەیان نەدەدا. بە مامۆستا محەمەدیان گوت، ئەویش بە معاونەکەی هاوڕێی گوت چونکە هەبوون لە پۆلیسدا کە لەژێرەوە لەگەڵ حزبەکاندا بوون. ئەویش پۆلیسەکانی بانگ کرد پێی گوتن جارێکی تر بچن و پارە نەدەن بە بەرێوەبەری ئاسایش دەڵێم چونکە ئەمە خراپە بۆ ناو و ناوێزەی حکوومەتەکەتان. پۆلیسەکان هەموو رۆژ نەدەچوون وە ئەگەر چوونایە پارەیان دەدا ئەمانیش عاقڵ بوون شتێ کەمتریان لێ وەردەگرتن. ئەوەی بەعس دەیکرد نە قەرەقوش و نە فیرعەون و نە نەمروود وە نە هیتلەر نەیکردووە لە ئەنفال، لە کوشتن، لە کیمیایی، لە گواستنەوە..... دوو شەڕی ماڵوێرانکەر حزبەکان ئەوانەی لە شاخ بوون و ئەوانەشی لە ناوەوە بوون، درێغییان نەدەکرد بە بەیاننامە، بە رادیۆ خەڵکیان وریا دەکردەوە هیوایان پێ دەدان تا ورە بەرنەدەن کۆمەڵێ ئافرەتان "بەناوی مافی ئافرەتانەوە" دەمێك بوو هاتبووە کایەوە، ئەوانیش پاڵپشتێ بوون بۆ حزبەکان لە ناوەوە ژنەکانی ئەمانیش سەر بەئافرەتان بوون رۆژێ دەمەوئێواری، یەکێك لە مافی ئافرەتانەوە کۆمەڵێ بەیاننامەی هێنابوو لە هەیوانەکە دانابوو چونکە ژنەکان لە ماڵ نەبوون برپار بوو شەوێ ئەم چوار ژنە بەیانەکان بخەنە حەوشەی ماڵەکانی گەڕەکەکەیان تۆمەڵێ دراوسێ جاسووسەکە چاوی لێی دەبێ کەوا ئەو ئافرەتە خۆی کرد بە ماڵەکەدا و یەکسەر هاتە دەرێ گوتی دیارە ئەمە شتێکە. یەکسەر خەبەری دایە ئاسایش و هاتن

بەیانەکانیان دی لە هەیوانەکەدا لەو کاتەدا هەر چوار ژنەکە گەڕانەوە ماڵێ، معاونەکە ژنەکانی بانگ کرد ئەوانیش گوتیان ئێمە ئاگامان لە هیچ نییە لەو کاتەدا هەر چوار پیاوەکە خۆیان کرد بەماڵدا کە ئەو وەزعەیان دی لەبەرئەوەی ژنەکانیان نەگرن و بەند نەکرێن گوتیان ئەمە بۆ ئێمەیان هێناوە تاکو بڵاوی بکەینەوە ئەم ژنە بێ عەقڵانە ئاگایان لە شتی وا نییە، هەر چواریان راپێچ کردن، کە مامۆستا محەمەد هاتەوە بەقەد یەك دنیا پێی ناخۆش بوو فرمێسك بە چاویدا دەهاتە خوارەوە لەگەڵ دایکیدا چووە لایان پێی گوتن مەترسن من پارێزەریان بۆ دەگرم ئەگەر حکوومەت قبووڵ بکا ئینشائەڵڵا زوو دێنەوە، بۆ مەسرەف خەمتان نەبێ چیتان دەوێ درێغی لە خۆتان و منداڵەکان مەکەن پارەمان هەیە هی سەندویچخانەکە، بۆ بەیانی دوو قوتابیی خۆی کە جێی متمانە بوون بانگی کردن و گوتی دەمەوێ دوکانەکە باش ببەن بەڕێوە ئەوانیش کە زانییان چی رووی داوە گوتیان مامۆستا بەسەر سەر، دوکانەکە کەوتەوە گەڕ.

ئینجا خەبەری دا بە حزب و مافی ئافرەتان ئێوە بەچە عەقڵێ بەیاننامە دەبەن دایدەنێن بێ ئەوەی کەسێ لەوێ بێ وەری گرێ. هەڵەی وا گا نایکا چوار ماڵ سەرگەردان بکرێت. خوا کردی پاش دوو مانگ راپەڕین رووی دا کوردستانی خۆمان ئازاد کرا، دهۆك، هەولێر، سلێمانی، کەرکووك. حەپسەکان هەموو بەربوون هەرچواریان بە سەربەرزی گەڕانەوە ناوماڵ و منداڵیان. ئەو رۆژە کردیان بە ئاهەنگ هەموو خەڵکی ئەو کۆڵانە و دەر و دراوسێکان بەخواردن و شەربەتەوە ئاهەنگی سەرکەوتنی راپەڕین و ئازادبوونی ئەو چوار مرۆڤە بەشەرەفە لەو حەوشە گەورەیەدا رێك خرا هەموو سوپاسی مامۆستا محەمەد و دایکیان دەکرد بۆ ئەو دەورەی کە ئەو بینی چەند شەریف بوو بەرامبەر ئەو چوار خێزانە. خۆی هەرچەندە مامۆستا محەمەد لە هیچ حزبێکدا نەبوو بەڵام زۆر رێزی هەبوو لای هەموو حزبەکان هەموو گوێیان لێ دەگرت، خۆشی بەهۆی ئەو معاونەی ئاسایشەوە کە هاوڕێی قوتابخانەی بوو کە زۆر شەریف بوو، جگە لەوە سەر بەحزبەکان بوو چونکە دەبێ بزانین لە هەموو چین و توێژێکی میللەت چاك و خراپ هەیە بۆیە مامۆستا محەمەد لە زۆر شت رزگاری بووبوو.

هەرچواریان بە ماڵ و منداڵیان شادبوونەوە و لەگەڵ مامۆستادا سەریان بەیەکەوە نا و، دەستیان کرد بە کاروباری دوکانی سەندویجەکەیان، رۆژ بەڕۆژ خوا رزقیانی زیاد دەکرد چونکە پاك بوون و بەویژدان بوو. فەقیری پاك و بەشەرەف ئاوا دەبێ.

مامۆستا محەمەد پارەکانی لە سندووقەکەدا دادەنا بۆ ماوەی چوار ساڵ پارەیەکی باش کۆ بووبووەوە دوو پارچە زەویی کڕی یەکێکی گەورەیە کەوا بوو کە چوار خانووی تێدا دروست بکرێ و هەریەکە جیا بێ و حەوشەیەکی گەورەش بۆ هەموویان. خۆشی ئەوەی لەو پارەیە بەری کەوت لەگەڵ پارەی خۆی دای بە پارچە زەوییەك لە تەنیشت ئەوانەوە لە دەشتەکەی گەڕەکی خۆمان لەو شوێنەی کە جاران موتابچییەکان رایەڵیان تێدا دەکرد نزیك ئاشی گاوران خۆی ئەو ئاشە ئاشی ئاو بووە سەد ساڵ لەمەوپێش. هەموویان چوونە خانووی تازەوە، منداڵەکانیان گەورە بووبوون لە خانەی مامۆستایان دەیانخوێند مامۆستا محەمەدیش بیست ساڵ لەمەوبەر پوورزاکەی خۆی هێنابوو، کوڕ و کچێکی لێی هەبوو، بەڵام خێزانەکەی لە ڕووداوی ئۆتۆمۆبێلدا، کۆچی دوایی کردبوو، دایکی گەورەی کردبوون، خێزانەکانی ئەو چوار هاوڕێیەی مامۆستا، هەردەم ئاگایان لەو دوو منداڵە بوو ئێستا گەورە بوون، لە زانکۆ دەخوێنن.

مامۆستا محەمەد لەوان گەورەتر بوو، ئەوان لە نێوان ١٩٤٠-١٩٤٢دا لەدایك بووبوون ئەوانیش سەر و ریشیان ماش و برنج بووبوو چونکە وەکو خوالێخۆشبوو کاك هەردی دەڵێ «ژیان و ئەرکی ناخۆشی.....» بەمجۆرە ئەم پێنج هاوڕێیە بڵێم ئەم پێنج برایە بەیەکەوە پیر و خۆرۆ بوون. ئەمە بوو داستانی دەوڵەمەندی ناوەجاخی بێ دین، بێ ویژدان و، هەژاری پاك و مەرد مامۆستای رۆشەنفیکر بوو، زوڵم و زۆرداری ڕێژیم وای کردبوو کە هەموویان بێ یەکتری ئیدارەیان نەدەکرد و زۆر بەخۆشی رایان دەبوارد.

لەندەن/ ٢٠٠٩

# مامۆستا عەلی

عەلی هەتا بڵێی کوڕێکی ژیر و بە ئەدەب و بەڕێز بوو. نە هەر خزمان و کەسوکار، دەرودراوسێ و هاوڕێکانی زۆر خۆشیان دەویست و ڕێزیان دەگرت. خۆی و دایکی لە خانوویەکی ڕێکوپێکدا دەژیان کە خۆی ئەو خانووە و لەگەڵ سێ خانووی وادا، لە زەوییەکی گەورەدا دروست کرابوون کە ئەمان و هەرسێ مامەکەی تێیدا دەژیان، هەروەها ماڵی خاڵی و پوورەکانی لە دەوروپشتیان بوون. دوو ساڵ لەمەوبەر باوکی کۆچی دوایی کردبوو. عەلی زۆر سەعیی دەکرد چونکە لە پۆلی پێنجەمی سانەوی بوو واتا دوا پۆلی ئامادەیی. لە تاقیکردنەوەی بەکەلۆریدا دەرچوو. نمرەکانی خراپ نەبوو چونکە مردنی باوکی و نەخۆشیی دایکی کاری کردبووە سەری. لەگەڵ هاوڕێکانیدا چوو بۆ بەغدا بۆ ئەوەی ناونووسی بکا لە ـ خانەی مامۆستایانی بالا – کە بەعەرەبی پێیان دەگوت – دار المعلمین العالیة – ئەوسا هەر یەك زانکۆ هەبوو لە هەموو عێراقدا ئەویش لە بەغدا – عەلی لە دوو بەش وەرگیرابوو بەڵام لەبەرئەوەی بەشی ناوەخۆیی "شەوانە ڕۆژی" مسۆگەر نەبوو بۆی– ناچار ئەوراقەکانی کێشایەوە و هات لە – خانەی مامۆستایانی سەرەتایی– یەکساڵە کە تازە لە سلێمانی کرابووەوە ناونووسی کرد. ئەمجارە بەمێشکێکی ساف سەعیی زۆر کرد، دایکی لە نەخۆشییەکەی چاك بووبووەوە. لە تاقیکردنەوەی سەری ساڵدا بە نمرەیەکی زۆر زۆر بەرز دەرچوو ئەوەبوو لە دوا ڕۆژەکانی مانگی ئاب و سەرەتای مانگی ئەیلوول مامۆستایان دامەزران. عەلی چونکە ئەرخە و پشتی نەبوو، هەڵیاندا بۆ قوتابخانەیەکی

گوندێکی سەر سنووری بەینی ئێران و کوردستان کە ئەو ساڵە بەڕێوەبەرایەتیی مەعاریف کردبوویەوە. بەڵام زۆربەی هاوڕێکانی کە لەگەڵ ئەودا دەرچووبوون و نمرەیان زۆر لەم کەمتر بوو لەناو شار یان دەوروبەری شار دامەزران. عەلی نەفسیەتێکی بەرز و مەردانەی هەبوو هیچ نەچوو لەم و لەو بپاڕێتەوە بۆ شوێنی باشتر. ناوی خوای لێ هێنا و خۆی ئامادە کرد هەرچەندە دایکی زۆر خەفەتی پێ دەخوارد چونکە ئەمە بۆ یەکەم جارە کوڕە تاقانەکەی لێی دوور کەوێتەوە بەڵام چارەی نەبوو چونکە ئەو بڕە پارەیەی کە لە باوکی عەلی بەجێ مابوو وا وردە وردە تەواو دەبێ. خۆ لەوانەش نین دەست لە کەسوکار پان بکەنەوە. وە ئەو موڵکەی باپیریان وا زوو ساغ نابێتەوە تا عەلی بەشی خۆی وەرگرێ. خوا هەڵناگرێ مامەکانی و خاڵی و پوورەکانی کە لە دەوری بوون زۆر هانی عەلییان دا و دڵنەواییبیان دەکرد عەلی بەپێی فەرمانی بەڕێوەبەری مەعاریف لۆرییەکی بەکرێ گرت کەلوپەلی قوتابخانەکە لە مێز و کورسی بۆ مامۆستایان و کورسیی قوتابیان و تەختەی ڕەش و دەفتەر و قەڵەم و کتێب و کەلوپەلی قوتابخانەکەی سوار کرد لەگەڵ پێخەف و قەرەوێڵەیەکی سەفەری و، دایکیشی کولیچە و، ناوساجی و، نۆردی حەڵوا و، نەختێ قاورمە و، برنج و شەکر و چا و قۆری و کتلی و پیاڵە و پەرداخ و چەند قاپ و قاچاخ و کەوچکی بۆ ئامادە کردبوو لەگەڵ عەلائەدینێك و تەنەکەیەك نەوت، چونکە وا زوو فریای تەرتیب ئاگر ناکەوێ لەوێ. ئەمانەی هەموو لەگەڵ خۆیدا برد. عەلی شەوێ پێش ڕۆیشتنی چوو بۆ لای مامەکانی و خاڵی و پوورەکانی بۆ خواحافیزی لێکردن، بەیانی دەستی دایکی ماچ کرد و دایکی چاو پڕ لە فرمێسك بێ ئەوەی خۆی دەرخا و نەگری لەبەر عەلی، ئاوی بەدوادا ڕشت. عەلی کەوتە ڕێ نزیك نیوەڕۆ گەیشتە ئەو ″ناحیە″یەی کە گوندەکەی سەر بەو ناحیەیە. کە گەیشت لەبەر قوتابخانەی ناحیەکەدا وەستا، بەڕێوەبەری قوتابخانەکە خەڵکی سلێمانی بوو، هەتا بڵێی مرۆڤێکی کامڵ و باش بوو، پێشوازیی لێ کرد و زۆر هەوڵی دا کە ئەو شەو لایان بمێنێتەوە، بەڵام عەلی گوتی جارێکی تر دێمە خزمەتتان. تەنیا ئەوەی من دەمەوێ کە کەر و وڵاخم بۆ بگرن تا ئەم کەلوپەلانە بگەیەنمە گوندەکە. ڕێگای ئۆتۆمۆبێلی نەبوو دەوری سەعات و

نیوێك بە پێ دوور بوو عەلی لەگەڵ کەر و وڵاخەکان و قەتارچییەکە کەوتنە ڕێ، دەمەدەمی عەسر گەیشتنە دێکە، خوا کردی فەڕاشی مەکتەبەکە کە تازە دایان مەزراندبوو لەگەڵ مامۆستا مەلا محەمەددا هاتن بە پیریەوە لەگەڵیدا چوون بۆ قوتابخانەکە. قوتابخانەکە برێتی بوو لە سێ ژوور کە بەخشتی کاڵ و قوڕ و دار دروست کرا بوون لە حەوشەیەکی فراوان و دوو سێ ئاودەستخانە مامۆستا عەلی ژوورێکی کرد بە هی مامۆستایان دوو کورسی و دوو مێزی مامۆستا و کتێب و دەفتەر و قەڵەم و تەباشیرەکانی لەوێ دانا.

ژوورێکی تری کورسیی قوتابییەکانی تێدا ریز کرد بەیارمەتیی مامۆستا مەلا محەمەد و کاك کەریمی فەڕاش، ژووری سێیەمی کە لەوان بچووکتر بوو قەرەوێڵەکەی و پێخەف و خواردن و عەلادینەکە و تەنەکەیەك نەوت و سیپاڵ و فەرشەکەی تێدا دانا چونکە شوێنەکە کوێستان بوو لە هەر ژوورێ زۆپای داری تێدا دانرابوو کە دووکەڵکێشەکەی لە سەربانی ژوورەکەوە دەرچووبوو. گوتی جارێ زووە بۆ زۆپا عەلادینەکەی نەوت تێ کرد و دای گرسان و گوتی کاك کەریم ئەوە کتلی و قۆرییە چایەکمان بۆ لێ نێ، مامۆستا مەلا محەمەد گوتی مامۆستا عەلی نابێ دەبێ ئەم ئێوارەیە لامان بی، مامۆستا عەلی گوتی کاکە مەلا زۆر سوپاس ئێوارەیەکی تر دێمەماڵی هەردووکتان ئێوە دەبێ لای من بن نۆردوی حەڵوای دەرهێنا لەگەڵ کولیچە بەچای شیرینەوە خواردیان. خوا وای کردبوو چونکە عەلی مرۆڤێکی زۆر پاك و بەڕێز بوو ئەو دووانەش کە بۆ یەکەم جار بوونە هەڤاڵی زۆر پاك و بێگەرد بوون. کاك کەریم خێرا چوو گۆزەیەکی پاکی پڕ کرد لە ئاو و هێنای. ئینجا نزیك بانگی ئێوارە مامۆستا مەلا محەمەد و کاك کەریم چوون بۆ مزگەوت بۆ نوێژ. مامۆستا عەلی گوتی کاکە مەلا سبەینێ هەینییە لە دوای خوتبەی هەینی بڵێ مامۆستای قوتابخانەکەتان هاتووە لە ١٥ی ئەم مانگەدا دەکرێتەوە لە سبەینێوە کە شەمووە بچن ناونووسی منداڵەکانتان بکەن ئەوانەی تەمەنیان شەش ساڵە یا زیاتر مامۆستا مەلا محەمەد و کاك کەریم خواحافیزییان لێ کرد و چوون بۆ نوێژی ئێوارە. مامۆستا عەلی لەسەر گازی پشت پاڵ کەوت و تۆزێ پشووی دا ئینجا هەڵسا نەوتی کردە چراکەوە و دای

گرسان، دایکی چونکە کەیبانووی ئەسڵ بوو هەموو شتێکی بۆ ئامادە کردبوو لە چرا و هەروەها چرای دەستی کە پێمان دەگوت چرای ئینگلیزی، کە بچیتە دەری ژوور ناکوژێتەوە. عەلی دەستی کرد بەخوێندنەوە، چونکە زۆر حەزی لە خوێندنەوەی چیرۆك و شیعر بوو. چونکە فارسیشی لە مزگەوتی خۆیاندا خوێندبوو، فارسیی دەخوێندەوە، گوڵستانی لەگەڵ خۆیدا بردبوو لەگەڵ دیوانی سالم و نالی و مەحوی، دیارە چاپە کۆنەکانیان. کەمێ لەوانەی خوێندەوە و ئینجا پاڵ کەوت تا ماندوویێتیی ڕۆژێکی سەفەر بە لۆری و بە پێ لە لەش دەرکا.

بەیانی زوو هەڵسا لە خەو ڕۆژێکی هەتاو هەتا بڵێی خۆش، ئاسمان دەتگوت گا لستوێتییەوە، چواردەوری بە چیای پڕ لە دار و دەوەن و باخ و باخات گیرابوو جریوەی تەیر و باڵندەکان لەگەڵ شمشاڵی شوانی قەدپاڵ سمفۆنییەکی سروشتی بوو دەیدا بەگوێی مامۆستا عەلیدا. دەوری چێشتەنگاو بوو کاك کەریم دەرکەوت و دەستی کرد بە پاککردنەوەی ژوورەکان و لەگەڵ خۆیدا نانی گەرم و ماست و پەنیری هێنابوو، مامۆستا عەلی گوتی کاك کەریم من جارێ خواردنم هەیە پێویست ناکا خۆت ئەزیەت بدەی، ئەویش گوتی مامۆستا ئەمە هیچ نییە تۆ میوانێکی عەزیزی و هەم مامۆستای هەموومانی، چاو و عەقڵی ئێمە دەکەیتەوە. عەلی گوتی با بەیەکەوە بەرچایی بخۆین، کاك کەریم ئەوەندەی تر مامۆستای وا لێ کرد کە هیچ پەشیمان نەبێتەوە لە ژیانی لادێ، ژیانی لادێ ژیانێکی سادە و سروشتییە دوور لە بەند و باوە، شتی ناو قوتوو خواردن.

ئەوەندەی پێ نەچوو مامۆستا مەلا محەمەد گەیشت بەیانیی باشی گەرمی لێ کردن، کاك کەریم چای بۆ تێ کرد ئەویش تیکەیەك نان و ماست و چای خوارد. ئینجا گوتی مامۆستا پێش هەموو شتێ نابێ دەست بە روومەوە بنێی، دەبێ بۆ نانی نیوەڕۆ لەگەڵ کاك کەریمدا لە ماڵی بەندە بن. عەلی گوتی مامۆستا گیان نامەوێ ئێوە بەهۆی منەوە مەسرەفی زیادە بکەن و ماڵ و منداڵتان ماندوو بکەن. مەلا محەمەد گوتی مامۆستا عەلی لەناو کوردەواریدا ئەمە رەسم و عادەتە ئێمە فەخری پێوە دەکەین. ئینجا بەهەرسێکیان ژووری مامۆستا و قوتابیانیان ڕێك خست، دوایی مەلا و کاك کەریم بەرەو مزگەوت کەوتنە ڕێ کاك کەریم بە مەلای

گوت، لە بیرت نەچێ دوای خوتبەی هەینی ئاگەداری باوکان بکەیتەوە. گوتی ئێوە ئەهلی جومعە فەرموودەی پێغەمبەرە «ص» دەڵێ: اطلب العلم من المهد الى اللحد – یەعنی هەوڵی زانست بدەن لە لانکەوە تا گۆڕ – وەهەم فەرموویەتی: اطلب العلم ولو بالصین– دوای عیلم کەون هەتا ئەگەر لە چین بێت – ئەوا جەنابی ماموّستا عەلی تەشریفی هێناوە، شارە خۆشەکەی خۆی جێ هێشتووە، هاتووەتە ئێرە بۆ خزمەتی منداڵەکانمان.

جا لەبەرئەوە پێویستە سبەینێ ئەوەی منداڵەکەی شەش ساڵ یا زیاترە بیبا بۆ قوتابخانەکە و لای ماموّستا عەلی ناونووسی بکات. ئەمە وەکو عیبادەت وایە جگە لەوەی کە بۆ مرۆڤ وەکو قەڵغان و سوپەر وایە هەر وەکو شاعیری کورد دەڵێ:

بخوێنن چونکە خوێندن بۆ دیفاعی تیغی دوژمنتان

هەموو ئان و زەمانێ عەینی قەڵغان و سوپەرتانە

ئەوەی سەیرە خۆی لە لادێدا هێندێ باوك حەز ناکەن منداڵەکانیان بنێرنە قوتابخانە چونکە دەیانەوێ منداڵەکانیان بەرخەڵەوانی و کاروباری کشتوکاڵییان بۆ بکەن. بەڵام خۆی لە پەنجاکاندا فەرمان هەبوو کە دەڵێ دەبێ هەر منداڵێ بگاتە تەمەنی شەش ساڵی دەبێ بخرێتە قوتابخانەوە.

بۆ بەیانی ڕۆژی شەموو بوو، باوکان و منداڵەکان خۆیان هاتنە قوتابخانەکە و ماموّستا عەلی دەستی کرد بە ناونووسینیان لە دەفتەری "سجلی قیدی عام"دا و پێی گوتن ڕۆژی پازدەی ئەم مانگە وەرن دەرس دەست پێ دەکات و دەفتەر و قەڵەم و کتێب وەرگرن.

ئاغای ئەو گوندە و دەوروبەری ناوی مەحموود ئاغا بوو لە چاو ئاغاکانی ئەو زەمانەدا باش بوو دەستی نەدابووە ئازاردانی مسکێنەکەی بەڵام کوڕێکی هەبوو هەتا بڵێی ناجسن و سەرسەری، باوکی حەزی دەکرد کە کوڕەکەی مەکتەب تەواو بکا ئەوە بوو ناردبوویە ناحیەکە لەوێ خانووی بۆ گرتبوو بەڵام سوودی نەبوو هەروەها بە ناجسنی مایەوە. ئاغا ڕۆژی یەکشەم کە زانی ماموّستای قوتابخانەکە هاتووە، لەگەڵ مەلا محەمەد و چەند پیاوی ریش چەرمووی گوندەکە

چوونە خزمەت مامۆستا عەلی، مامۆستا عەلی پێشوازییەکی گەرمی لێ کردن و گوتی چونکە من ماڵم نییە و کورسی و شتی وام نییە لایەقی ئێوە بێ، با لەسەر ئەم فەرشە دابنیشین، هەموو گوتیان کەس لەمە باشتری نییە و دانیشتن. بە کاك کەریمی گوت چای دەم کرد کولیچە و گاڵگاڵی دەرهێنا و لەسەر سینوچکەیەك خستیە بەردەمیان زۆریان پێ خۆش بوو. دوای قسە و گفتوگۆ ئاغا گوتی زۆرم پێ خۆشە کە مەکتەب لەم گوندەدا کرایەوە با منداڵانمان وەکو ئێمە بە نەخوێندەواری نەمێننەوە. ئینجا گوتی مامۆستا عەلی ئەمجارەش دەڵێم یاخوا بەخێربێی هەر شتێ بە من بکرێ پێم بڵێ ئامادەم. دەبێ سبەینێ بۆ نانی نیوەڕۆ لە خزمەت تۆ و مامۆستا مەلا محەمەددا بین هەروەها کاك کەریمیش. مامۆستا عەلی گوتی زۆر سوپاست دەکەم بەڵام مەحموود ئاغا پێویست بەو ئەزیەتە ناکا، ئاغا گوتی نابێ ماڵ ماڵی خۆتە، تۆش کە ماڵت بوو، منیش دێمە دەعوەتت. دوای ماوەیەك مامۆستا عەلی بەجوانی بەڕێی کردن.

سبەینێ دوای نوێژی نیوەڕۆ هەرسێکیان بەرەو ماڵی مەحموود ئاغا کەوتنە ڕێ. کە گەیشتنە بەرقاپی ماڵی ئاغا، مامۆستا عەلی سەری سوڕما، خانوویەك هەروەك خانووە خۆشەکانی شار بە بەرد و گەچ دروست کرابوو، کە لە داڵانەکە تێ پەڕین بینی لای دەستی ڕاست حەوشەیەکی گەورە کە گەوڕ و تەویلەی تێدا بوو، دەستی چەپیش بەرەو کۆشکی ئاغا بوو کە تۆزێ ڕۆیشتن بەلای موبەقەکەدا کە دەتگوت موبەقی ماڵە شارییە، سەیری کرد کەژنان خەریکی چێشت و نان بوون لە پڕ چاوی بە کچێکی باڵا بەرزی شۆخ و شەنگ کەوت، لە پڕ کچەکە ئاوڕی دایەوە چە شۆخی بوو زولەیخای زەمان، نە زینی کوردان بوو. لە پڕ خورپەیەك کەوتە دڵی مامۆستا عەلییەوە وەکو کارەبا جەزبی بکا جەزب بوو. وا دیاربوو هەمان حاڵەت بەسەر کچەکەی ئاغادا هاتبوو.

سەرکەوتن بە دوو سێ قاڵدرمە "پێپیلکە" چوونە ژووری میوان مەحموود ئاغا چاوەڕێیان بوو بەگەرمەوە پێشوازیی لێ کردن. میوانەکانی تریش پێش ئەوان گەیشتبوون، ژووری میوان کورسی و قەنەفەی جوانی لێ دانرابوو، دانیشتن و پیاوێ لە پیاوەکانی سەر و پەرداخ دۆی کوڵکنیان بۆ هێنان و نۆشیان کرد. ئاغا

گوتی حەیف من وچاخم کوێرە، کاکە مەلا گوتی نە ئینشائەڵڵا. ئاغا گوتی ماموٚستا توٚ دەڵێی چی؟ ئەو کورەی من هەمە، لە موشکیلە زیاتر هیچم بوٚ ناکا خوا بیبـاتەوە بوٚ خوٚی. چونکە ئەو هیچی بە هیچ نەکرد لەگەڵ ئەو قومیسەرە سەرسەریەی ناحیەکە بووە بە هاورێی ئەو پیاوە خەڵکی خوارووی عێراقە خوا دەزانێ چە ماڵێکە بیستوومە لەگەڵیدا قومار دەکا، ئارەق دەخواتەوە. هێندێ جار ئەو سەگبابە دێ بوٚ لای لەگەڵ چەند پوٚلیسێکدا بە بیانووی ئیشی حکوومەت، ناجسنەکەی من بانگیان دەکات، منیش ناتوانم دەریان بکەم خوٚتان دەزانن پوٚلیسی خراپ دەتوانی هەزار توٚمەتت بوٚ دروست بکا، هیچ نەکا چەکی قاچاغ یا مادەی قاچاغ دادەنێ و خەبەر دەدا و دێن بوٚ پشکنین، جا لەبەرئەوە من دارێکم بەدەستەوەیە هەردوو سەری گاوییە. کە بزانم دێت یەکسەر من گوڵهەناری کچم و پووری دەنێرمە ماڵی سەرداری برازام چونکە کە خێزانەکەم کوٚچی دوایی کرد من لەبەر خاتری ئەو کچەم ژنم نەهێنایەوە، ئێستا خوشکم ئاگای لە ماڵ و گوڵهەنار و هەمووشتێکم هەیە. ئینجا ناهەقمە کە بڵێم خوا بیباتەوە؟ ماموٚستا گوتی ئاغا خوٚت نارەحەت مەکە کار نییە خوا چاکی نەکا خوا ساڵحی کا. توٚ هەر پاك و باش بە لەگەڵ مسکێنەکانتدا خوا دەستت دەگرێ. لە دوای نیو سەعات مەحموود ئاغا گوتی فەرموون، چوونە ژووری نانخواردن، مێز رازابووەوە، یەك بەرخ بریانی کرابوو لەگەڵ چەند مریشکێکی ماڵیی سوورەوەکراو دەتگوت دەنووکی کەوە، یەك سینیی پلاو بە کشمیش و بادام و کفتەی بچووك رازابووەوە لەگەڵ شلە قاورمە و، بامێ، دەستیان کرد بە نانخواردن، خوانێکی شاهانە، دوای لێ بوونەوە، چا و میوە پێشکێش کرا دوای دوو سەعات هەموو هەڵسان و ماموٚستا عەلی دەستی مەحموود ئاغای گوشی گوتی زوٚر سوپاس، چوٚن بتوانم ئەجرت بدەمەوە. ئاغا گوتی ماڵ ماڵی خوٚتە یاخوا بەخێر بێن.

لە هاتنە دەرەوەدا ئەمجارە بەتەواوی کچە شوٚخەکەی دی، کچەکەش بە چاوی مشتەری سەیری ماموٚستا عەلیی دەکرد. کە هاتنە دەرێ لە کاك کەریمی پرسی کچەکەی ئاغا شووی کردووە یا نە، کاك کەریم گوتی شووی نەکردووە، چونکە ئاغا بە هەموو کەسێکی نادا.

ماموّستا عەلی ئەو شەوە بەو خەیاڵەوە دەتلایەوە هیچ کچێ بەقەد ئەو کچە کاری تێ نەکردبوو، عەلی زۆر بە ئەدەب بوو لەگەڵ هیچ کچێکدا دڵداریی نەکردبوو بەڵام گوڵهەنار خان دڵی راکێشابوو وەکو کارەبا جەزبەی عەشق وەکو هیچ شتێ نییە. ماموّستا عەلی وردە وردە راهات بە ژیانی لادێ و دوور لە دایك و کەسوکار. بەڵام زوو زوو فەڕاشەکەی دەنارد بۆ شار و کاغەز و پارەی لە مەعاشەکەی بۆ دایکی دەنارد، سەفەری فەڕاشەکەی لەسەر حیسابی ماموّستا عەلی بوو هەروەها پارەشی دەدایە کە چی بۆ بهێنێ. عەسران دوای نوێژی عەسر لەگەڵ ماموّستا مەلا محەمەددا دەچوون بۆ پیاسە، هەوا هێشتا خۆش بوو هەرچەندە لە ٢١ ئەیلوول پایز دەست پێ دەکا بەڵام باران نەباریبوو. سێ چوار مانگ بوو عەلی لەوێ بوو، جارێکی تر چاوی بە گوڵهەنار کەوت کە لەگەڵ چەند کچێکی هاوڕێدا دەچوون بۆ کانی بەچاوی مشتەری سەیری یەکتریان کرد بەتەواوی عاشقیی هەردووکیان دەرکەوت. ماموّستا عەلی مەقالەیەکی خوێندبووەوە کە لە رووسییەوە کرابوو بە عەرەبی کە لە زەمانی رووسیای قەیسەری ماموّستایەك دەنێرنە گوندێکی زۆر زۆر دوور ماموّستاکە زۆر ژیر و بەهۆش و بە ئەدەب دەبێ هیچ سەر لە خۆی تێك نادا و دەست دەکا بەخزمەتی قوتابییەکانی و قوتابخانەکە، ئەو گوندە هێندە دوور دەبێ کە نە موفەتیش وە نە مەئموری حکوومەت رێیان تێ ناکەوێ. خەڵکی ئەو گوندە هەروەکو گوندەکانی لای خۆمان هەموو پەین و تەپاڵە و پیسایی ئاژەڵ و وڵاخەکانیان لەبەر ماڵەکانیاندا کۆ کردبووەوە. ڕۆژێ ماموّستاکە بەقەشەی گوندەکە دەڵێ ئەگەر رێم بدەی ڕۆژی یەکشەم دوای نوێژ و دوعا چەند قسەیەك لەگەڵ خەڵکی گوندەکەدا بکەم. قەشەکە پیاوێکی ماقووڵ و ژیر دەبێ تەمەنی دەوری چل ساڵێك دەبێ، دەڵێ فەرموو. ماموّستاکە دەڕواتە کلیساکە و دوای تەواوبوونی نوێژ و دوعا و مۆسیقایان، دەڵێ براینە قسەیەك دەکەم ئەگەر پێتان خۆش بوو ئەوا زۆر باشە و سوودی هەیە بۆتان، لە رووی تەندروستی و پاك و تەمیزییەوە ئەویش ئەمەیە: کە ئەو پەین و پیسایی ئاژەڵ و وڵاخەکانتان لە بەردەم ماڵەکانتان کۆ مەکەنەوە، هەموو بەرنە پانتاییەکی زۆر گەورە و هەریەکە بەشێکی بۆ خۆی تەرخان کا و

لێی دانێ و بەکاری بێنن بۆ کشتوکاڵتان. جێگەکەشی ئەوەی حەزی کرد گوڵ و گوڵزار و سەوزەی خواردنی لێ بروێنن، هەموو پێیان خۆش دەبێ و هەڵدەستن بەو کارە، لە دوای چەند مانگێك گوندەکە دەبێ بە گوندێکی پاك و تەمیز و بۆن خۆش.

ئەم چیرۆکە کار دەکاتە سەر مامۆستا عەلی ڕۆژێ بە مامۆستا مەلا محەمەد دەڵێ مامۆستا ڕۆژی هەینی دوای خوتبەکان ڕێم بدە قسە لەگەڵ ئەهلی جومعەکەدا بکەم. مەلا دەڵێ زۆر باشە. لە کاتی خۆیدا مامۆستا عەلی دەڵێ: براینە شتێکتان پێ دەڵێم، ئەگەر بە دڵتان بوو باشە و وە ئەگەر نە هەر باشە. دەڵێن مامۆستا فەرموو. مامۆستا دەڵێ: ئەو ئاوەی کە لە مزگەوت و کانیی ژنانەوە دێتە دەرێ بە یەك جۆگەدا دەڕوا بۆ سەر چەمەکە، بۆچی نایەن بیکەن بە دوو بەشەوە بەشێکی بۆ ئەو کۆڵانەی ئەودیو، بەشەکەی تری لە جێی خۆی بێ ئینجا لێرە تەلەبەرد زۆرە دەتوانن هەرکەس بەقەد پانی یا درێژیی خانووەکەی ئەو جۆگەیە داپۆشی ئەمە یەکەم، دووەم ئەگەر بتوانن هەریەکە ژوورێکی دوو سێ هەنگاوی پان و درێژ دروست بکا لە خشتی کاڵ و قوڕ و سەری بگرێ وەکو سەری ژوورەکانتان ئاودەستێکی لێ دروست بکات زێرابێکی بۆ بکا و بیخاتە سەر ئەو جۆگەلەیەی کە بە بەردەم ماڵەکەیدا دەڕوا. سەری ئەو زێرابەش بە تەلەبەرد داپۆشن. سێیەم: هەرکەسێ حەز بکا و زەوقی هەبێ لە نزیك جۆگەکەوە داری بێ بەر یا بەردار بروێنێ هەم بەسوودە هەم جوانی و پاکژی دەدا بە ماڵەکانتان هەموو پێیان خۆش دەبێ و لە ماوەی مانگێکدا جێبەجێی دەکەن. ئەحەی کوڕی ئاغا حەز لە مامۆستا عەلی ناکا چونکە سەیر دەکات هەموو ئەهلی گوندەکە بە باوکیشیەوە خۆشیان دەوێ، هەڵدەستێ بە پیلاندانان بۆ ئەوەی ملی مامۆستا عەلی بشکێنێ و ماڵی وێران کا دەچێ خەبەر بە مەئموور مەرکەزە سەرسەرییەکە دەدا کە مامۆستا عەلی خەریکە  شتی خراپ فێری ئەهلی گوندەکە دەکات دیارە دەبێ شیوعی بێ. هەرچەندە مامۆستا عەلی لە حەیاتیدا لەگەڵ هیچ پارت و حزبێکدا نەبووە بەڵام ڕۆشەنفیکر بووە مەئموور مەرکەزەکە ڕاپۆرتێك دەنووسێ بۆ مودیری  پۆلیسی شار و دەڵێ فریاکەون، بەڕێوەبەری پۆلیسیش خەبەر بە موتەسەڕیف و بەڕێوەبەری مەعاریف دەدا، بڕیار دەدەن کە ״موفەتیشی مەعاریف״

بنێرن بۆ ئەوەی لەمە بکۆڵێتەوە. خواوراستان موفەتیشەکە هەتا بڵێی پیاوێکی باش و نیشتمانپەروەر دەبێ دێت بۆ ناحیەکە. بێ ئەوەی بچێ بۆ لای بەڕێوەبەری ناحیەکە دەچێ بۆ قوتابخانەی ناحیەکە بە بەڕێوەبەری قوتابخانەکە دەڵێ سێ وڵاخ بگرە بەکرێ و خۆت و مامۆستایەکی بەتەمەن وەرن لەگەڵمان دەچین بۆ ئەو دێیە، دەمەدەمی نیوەڕۆ دەگەنە گوندەکە، مامۆستا عەلی پێشوازییەکی گەرمیان لێ دەکات. بە دزییەوە بە کاك کەریم دەڵێ خێرا بڕۆ برنج و ڕۆن لە ژوورەکەم بەرە و، دوو سێ مریشك بکڕە و بەماڵەوەتان بڵێ لێ نێ تاکو فریای نیوەڕۆ بکەوێ موفەتیش و بەڕێوەبەری قوتابخانەی ناحیەکە و مامۆستا بەتەمەنەکە لەگەڵ عەلیدا دادەنیشن. موفەتیش دەڵێ عەلی ئەفەندی تۆ کاتت چۆن دەبەیتە سەر، عەلیش دەڵێ بەیانیان بەدەرس و دەوری قوتابخانەکە، عەسران هێندێ جار لەگەڵ مامۆستا مەلا محەمەددا دەچین بۆ پیاسە، شەویش زۆر کاکە مەلا و کاك کەریم دێن دەڵێن با بەتەنیا نەبی، دەست دەکەین بەشیعر و نوکتە و نەك هەر کوردی بگرە فارسیش، چونکە عەلی فارسیی لە مزگەوتی گەڕەکی خۆیاندا خوێندبوو. ئەی ڕۆژنامە، ڕۆژنامە نییە بەڵام کە کاك کەریم دەچێ بۆ شار پێی دەڵێم کە چەند ژمارەیەك لە ڕۆژنامەی ژینم بۆ بهێنێ. ئەی تۆ خەڵکی گوندەکە کۆ دەکەیتەوە. دەڵێ بۆچی من چیم خەڵك کۆ بکەمەوە نە ئاغام نە بەڕێوەبەری ناحیەمە وە نە مەئموور مەرکەزم، بەڵام جارێك دوای نوێژی هەینی و خوتبەکان مامۆستا مەلا محەمەد ڕێگەی دام کە بەئەهلی گوندەکە بڵێم کە ئەو شتانەی بیستووتانە بیکەن وەك «ئاوی مزگەوت و کانی و داپۆشینی جۆگە و ئاودەست دروستکردن و دار ڕواندن».

ئەو لێژنەیە بەواتا هەرسێکیان بە دڵ گوێیان لە مامۆستا عەلی دەگرت هەرسێکیان بەیەك دەنگ گوتیان هەزار ڕەحمەت لە ئاجداد و ئابادت دەست خۆش لەمەولا ئاگات لە خۆت بێ، هەقی کوڕی ئاغات نەبێ مەترسە، هەتتا ئەگەر جنێوت پێ بدا گوێی مەدەرێ. مامۆستا عەلی گوتی باوکم ئەو کوڕە ئاغا لە بەردەمی من و مامۆستا و کاك کەریم و پیاوماقووڵانی گوندەکە کە دەعوەتی بۆ کردبووین دەیگوت وجاخم کوێرە، ئەو هەتیوەم سەرسەرییە لەگەڵ مەئموور

مەرکەزەکەدایە.

گوتیان مەترسە هەر تۆ سەردەکەوی. ڕاپۆرتێکی زۆر جوانی نووسی و تێیدا سوپاسی ماموٚستا عەلیی کردبوو بۆ ئەو خزمەتەی کە دەیکا. هەرسێکیان مۆریان کرد، گەڕانەوە، موفەتیشەکە کۆپییەکی لەو ڕاپۆرتەی نارد بۆ "موتەسەڕیف"، یەکێکی بۆ بەڕێوەبەری پۆلیس، لە هەمان کاتدا بەڕێوەبەری ناحیەکەش ڕاپۆرتێکی باشی لەبارەی ماموٚستا عەلییەوە نووسیبوو "موتەسەڕیف" فەرمانی دا بەڕێوەبەری پۆلیس کە ئەو "قومیسەرە" بگوێزنەوە بۆ خوارووی عێراق و جەزای بۆ بنووسن. بەمجۆرە ناوچەکە ڕزگاریان بوو لەو کابرا بێ ئەدەب و سەرسەرییە. ئینجا ئەحمەد کە زانی زۆری پێ ناخۆش بوو بە تەما بوو عەلی ماڵوێران کەن هەموو زانییان کە ئەوەی لەبارەی ماموٚستا عەلییەوە دروست کرابوو لەژێر سەری ئەحەدا بوو. بەمجۆرە قوتابخانە بەباشی کەوتە گەڕ دەرس و دەور جوان دەڕۆیشت بەڕێوە.

ڕۆژێ ماموٚستا عەلی بە ماموٚستا مەلا محەمەدی گوت ماموٚستا ئێستا مەلا دادەمەزرێنن لە قوتابخانەکانی شاردا ئەگەر ڕازیت من دەنووسم تاکو جەنابت دابنێن بە ماموٚستا لێرە بۆ دەرسی دین و قورئان و هەروەها دەتوانی یارمەتیمان بدەیت، مەلا گوتی، من لەگەڵ تۆدا لە دۆزەخیش بم پێم خۆشە. عەلی نامەی نووسی بۆ بەڕێوەبەری مەعاریف، بەبێ سێ و دوو بەڕێوەبەری مەعاریف فەرمانی دانانی مەلا محەمەدی دەرکرد و ناردی بۆ ماموٚستا عەلی، کاکە مەلاش مرۆڤێکی خوێندەوار و بە ئەدەب بوو بەدڵ دەستی کرد بەکاری خۆی لە قوتابخانەکەدا. هەموو شەوێ ماموٚستا مەلا محەمەد و کاك کەریم دەهاتنە لای ماموٚستا عەلی و بەقسەی خۆش و شیعر و مەتەڵ شەویان دەبردە سەر، ئەمە بەدڵی ئەحمەدی کوڕی مەحموود ئاغا نەبوو چونکە خراپە و شەڕ لە دڵیدا چەسپیبوو. شەوێك پێش بانگی بەیانی بوو بە تەقە و ورە، تومەز دووان هاتبوونە قوتابخانەکە و ژووری ماموٚستا عەلییان دابووە بەر گوللە. خۆشبەختانە لەو کاتەدا ماموٚستا عەلی چووبوو بۆ دەست بە ئاوگەیاندن. شوکر هیچی بەرنەکەوتبوو. ئیتر کاك کەریم و ماموٚستا مەلا محەمەد کە ماڵ و مزگەوتەکەیان هەمووی چەند هەنگاوێك لە

قوتابخانەکەوە دوور بوو بەخێرایی گەیشتنە قوتابخانەکە تەماشایان کرد دەرگە و پەنجەرەی ژوورەکەی مامۆستا عەلی بە گوللە بێژراوە، مامۆستا عەلی گوتی دەست لە هیچ مەدەن خێرا کاك کەریمی نارد بۆ ناحیەکە خەبەری بە پۆلیسخانەکەی دا، ئەوەی باش بوو ئەو مەئموور مەرکەزە تازەیە کە دانرابوو کورد و خەڵکی سلێمانی بوو مرۆڤێکی ئازا و مەرد و نیشتمانپەروەر لەگەڵ پۆلیسەکاندا لە ماوەی سێ چارەك سەعاتدا گەیشتنە گوندەکە بەسواری هاتبوون. سەیری کرد و گوتی ئەوەی ئەمەی کردووە دەسیسەی یەکێکە لەناو ئەم گوندەدا، دەستی کرد بەپشکنین، خواوراستان جزدانێکیان دۆزییەوە کە تەماشایان کرد شناسنامەی یەکێك لەوانە بوو کە ئەم کارەیان کردووە. خێرا مەفرەزەی دەرکرد ئەو ئەوی تریشیان قۆڵبەست کرد و هێنایان بۆ ناحیەکە، قومیسەرەکە جگە لە جزدانەکە هەموو قاوغی فیشەکەکانی کۆ کردەوە، لە دوای دوو ڕۆژ دانیان نا بە تاوانەکەیاندا و گوتیان ئەحمەدی مەحموود ئاغا ئەمەی پێ کردین، پارەیەکی باش پێ داین یەکسەر بە ئەمری بەڕێوەبەری ناحیەکە وەکو قازییەك هەقی گرتنی تاوانباری هەیە ئەحمەدی مەحموود ئاغایان گرت بردیانن بۆ سلێمانی لەوێ ئەویش دانی بەکارە چەپەڵەکەیدا نا گوتبووی من تووشی غیرە و بەخیلی بووبووم لە مامۆستا عەلی کە هەموو خۆشیان دەوێ تەنانەت باوکیشم زۆر ڕێزی دەگرت و خۆشی دەویست، ویستم لە ناوی بەرم بەڵام من زۆر پەشیمانم. مەحموود ئاغا هاتە شار، لای خەلق و ئاسیاوانی ڕێزی هەبوو تەنانەت لای حکوومەتیش چونکە لەو گوندە و دەوروبەری هیچ موشکیلەیەك رووی نەدەدا، خۆی بەشەرمەزار دەزانی لەبەر ئەو کارەی کوڕە سەرسەرییەکەی، زۆر هەوڵی دا پێیان گوت ئەگەر مامۆستا عەلی لێی خۆشبێ ئێمە جەزای دەدەین بە بڕێك پارە، چونکە کەسی تێدا نەکوژراوە، خێرا گەڕایەوە گوندەکە لەگەڵ مامۆستا مەلا محەمەددا هاتنە لای عەلی لەگەڵ چەند پیاوماقووڵی گوندەکە بابەتەکەی تێ گەیاند و وتی من زۆر شەرمەزارم ئەو هەتیوە ئابڕووی منی برد لەلای دۆستان و حکوومەت خوا لە ناوی ببات بەڵام خۆتان دەزانن جەرگ خۆشەویستە ئەگەر بە دەردی خوا بمرێ یاخوا هەر ئێستە بمرێ بەڵام بەو جۆرە لە بەندا بمرێ هەموو ڕۆژێکی بۆ من

مردنە، هەروەها گوڵهەناری خوشکی و پووری شێت دەبن وا هاتووین خۆت و شیرت، هەر چەند ئەو هەڵناگریٚ بەڵام ڕیش بووە بەڕیشەوە. مامۆستا عەلی گوتی ئاغا گیان تۆ دەڵێی چی من دوژمنی کەس نیم و حەز ناکەم لەسەر من خانەوادەیەك ماڵوێران ببیٚ چۆن دەڵێی من حازرم هەزار جار عەفوی دەکەم. مەحموود ئاغا هەڵسا و ئەملاو ئەولاوی ماچ کرد و وتی تۆ وەجاخزادەی ئەسڵی هەتا ماوم لە بیرم ناچیٚ، ئەگەر دەتوانی سبەینیٚ پێنجشەمووە بەیانی زوو دەڕۆین لەگەڵ جەنابی کاکە مەلادا وتی بەسەرچاو. کە گوڵهەنار و پووری پێیان زانی هەزار دوعایان بۆ مامۆستا عەلی کرد بەس نەبوو مامۆستا عەلی بە دوژمنی ئێمە حیساب نەکرا. چونکە گوڵهەنار لە مامۆستا عەلی زیاتر عاشقی بوو بەیانی بەسواری وڵاخ هەرسێکیان بەرەو ناحیە و لەوێوە بەرەو شار کەوتنە ڕیٚ بە سوار ئۆتۆمۆبێل، چونکە پۆلیسخانە مامۆستا عەلی بە شەهادەتی مەلا محەمەد و دوو ناسیاوی ئاغا مۆری کرد کە لێی خۆش بووە و هیچی لە دڵدا نییە. ئەحمەدیان هێنایەوە بەسەرشۆڕییەوە ئەملا و ئەولای مامۆستا عەلی و دەستی باوکی و مەلا محەمەدی ماچ کرد و گوتی شەرت بیٚ لەم سەعاتەوە هەتا ماوم من ئەحمەدێکی تر بم و هەرچی خراپە و شتی ناشیرینە نەیکەم. هەموو ئەو مەئموور مەرکەزە سەگبابە فێری شتی خراپی کردم وای لیٚ کردم کەسم خۆش نەویٚ. مەحموود ئاغا لە خۆشی ئەوەی لەم موشکیلەیە ڕزگاری بوو، وە ئەحمەد بڕیاری داوە ئیتر ژیر و بە ئەدەب بێت و لە قسەی باوکی دەرنەچیٚ سیٚ ڕۆژ کردی بە ئاهەنگ و نان و خواردنی دا بە ئەهلی گوندەکە. مامۆستا عەلی بەدڵ خەریکی قوتابخانەکە بوو بەیارمەتیی مەلا محەمەد هەروەها دڵێکی لای گوڵهەنار بوو شێت و شەیدای ئەو دوو چاوە شەهلایەی بوو ئەو پەرچەم و زوڵفە لوولەی کە وەك هێشووی تریٚ بەسەر گۆنەی سووریدا ئاوێزان بوو ئەو بەیتە شیعرە عەرەبییەی بیر دەکەوتەوە کە شاعیر دەڵیٚ:

وفاحم مال على الخد مثل العناقيد على الورد

وە بە کوردیش ئەم بەیتەی لەبەر خۆیەوە دەگوت:

هەر خۆمم فیدای بەژن و بالاتم

سمــایل وار من قۆچی قوربانتم

ئەحمەد هاتەوە ریزی باوکی دەستی بە ئیشکردن کرد وازی لە خراپە و بێ عەقڵی هێنا. کە مامۆستا عەلیی دەدی بەرێزەوە سلاوی لێ دەکرد لەلای باوکی و پووری و گوڵهەنار زۆر ستایشی مامۆستا عەلیی دەکرد. دەیگوت بەراستی من شەرمەزارم چۆن ئەو کارەم کرد ئەگەر بکوژرایە هەتا دنیا دنیایە من دەبوایە بەو عەزابەوە بژیامایە. گوڵهەنار و پووری گەز گەز بالایان دەکرد چونکە گوڵهەنار بەدڵ عەلیی خۆش دەویست، عەلی هەتا بڵێی لاوێکی جوان و قۆز و بە ئەدەب و بێدەنگ بوو. ساڵی خوێندن تەواو بوو، مامۆستا عەلی ئەگەر لەبەر خۆشەویستیی دایکی نەبوایە نەدەگەڕایەوە شار بەلام کە گەڕایەوە، گوڵهەنار دڵەڕاوکێی پێ کەوت دەیگوت پووری تۆ بڵێی عەلی خۆی بگوێزێتەوە بۆ شار لە هەمان کاتدا عەلیش دەیگوت دەترسم گوڵهەنار شوو بکات ناچار بوو لە دوای دوو هەفتە گوتی دایە با بتبەم بۆ ئەو گوندە ئێستا ئەوێ فێنکە و کاتی میوەی خۆشە و گەلامێوی باش و دۆی خۆش و با لە ژیانی گوند بگەیت.

دایکی لەبەر خاتری عەلی گوتی رۆڵە زۆر باشە دووسبەی دەڕۆین، دایکی چووە بازاڕ دیاری و قوماشی ژنانەی کڕی. بەیانی رۆژی سەفەر بە ئۆتۆمۆبێل بۆ ناحیەکە و لەوێشەوە بەولاخ گەیشتنە گوندەکە. کە مەلا محەمەد و کاك کەریم زانییان بەدڵ چوون بۆ پێشوازی. دایکی لە ژوورەکەی عەلی دانیشت و پشووی دا و مامۆستا مەلا محەمەد هاتن بەخۆیان و کاسە دۆ و میوەوە و گوتیان دەبێ دایکت بێتە ماڵی ئێمە. مامۆستا عەلی گوتی سبەینێ دێت. ئەو شەوە دایکە و کوڕە بەقسەی خۆش رایان بوارد، بەیانی قوتابییەکان هەموو بەدیارییەوە هاتن بۆ لای دایکی مامۆستا عەلی دیاریی لادێ یا میوەیە یا دۆ، یا کاسە ماست، وەکو دەڵێن دیاریی شوان هەڵەکۆکە. هەرکە گوڵهەنار زانی دڵی کەوتە تریەترپ گوتی ئۆخەی شوکور هاتەوە. چوونە لای ئاغا پووری گوتی برای خۆشەویست دایکی مامۆستا عەلی هاتووە پێویستە دەعوەتی بکەین. مەحموود ئاغا گوتی بەسەرچاو هەر ئێستە

پیاو دەنێرم کە پێیان بڵێ، سبەینێ بۆ نانی نیوەڕۆ لە خزمەتیاندا بین، ئێوەش خۆتان و هیمەتتان. پیاوەکە چوو گوتی دایکی مامۆستا عەلی بەخێربێن ئاغا و پووری گوڵهەنار و گوڵهەنار بەخێرهاتنتان دەکەن و دەڵێن سبەی بۆ نیوەڕۆ لە خزمەتیاندا دەبین. مامۆستا عەلی گوتی زۆر سوپاسیان دەکەین. کابرا گەڕایەوە و خەبەری دانێ، گوڵهەنار و پووری قۆڵیان لێ هەڵکرد و باشۆلیان کرد و دەستیان کرد بە خواردن و چێشت لێنان. نیوەڕۆ دوای نوێژی نیوەڕۆ عەلی و دایکی بەرەو ماڵی ئاغا کەوتنە ڕێ، هەر لە قاپییەکەوە گوڵهەنار و پووری پێشوازییان لێ کردن و باوەشیان کرد بە دایکی مامۆستا عەلی و ماچیان کرد و گوڵهەنار و عەلی بەتەواوی سەیری یەکتریان کرد و بەچاو عەشقی خۆیان بۆ یەکدیگەر دەرخست. ئاغا گوتی خوشکێ بێگانەمان تێدا نییە هەموو بەیەکەوە دادەنیشین، دایکی خوشکمانە تۆش پووری عەلی و گوڵهەناریش کچی دایکێتی و لە ژووری میوان دانیشن لە پاش نیو سەعات مەحموود ئاغا گوتی فەرموون هەموو چوونە ژووری نانخواردن، مێز رازابووەوە بە هەموو جۆرە خواردن و خواردنەوە. هەموو دانیشتن گوڵهەنار و عەلی نەیاندەزانی چۆن بەدزییەوە سەیری یەکتریان دەکرد دوای نانخواردن، میوە هات دوای دوو سەعات ماڵئاواییان کرد. شەوێ عەلی بەدایکی گوت دایە فرسەتە هەتا لێرەی بچی بۆ ماڵی ئاغا و داوای گوڵهەنار بکەیت بۆم. گوڵهەنار و پووری رازی بن ئەوانیش بە مەحموود ئاغا بڵێن. دایکی گوتی ڕۆڵە ئەگەر پێت باشە و حەزت لێ کردووە منیش حەز دەکەم تا پێش ئەوەی بمرم منداڵت بگرمە باوەشم. عەلی گوتی دایە شەرم دەکەم پێت بڵێم چەند فەرهاد شێتی شیرین بوو، مەم شەیدای زین من هەزار ئەوەندەی ئەوان پەرێشانم بۆی. دایکی بەپێکەنینەوە گوتی کەواتە بۆیە شەیتان منت هێنا، بەسەرچاو سبەینێ دیاریم هێناوە بەدیارییەوە دەچم بۆ لای پووری و گوڵهەنار خان. عەلی وەکو گوڵ گەشایەوە. عەلی بۆ سبەینێ خەیاڵی کردەوە بۆ داوا لە بەڕێوەبەری مەعاریف نەکات کە پۆلێکی دوای نیوەڕوان بکاتەوە بۆ گەورە پیاوان تاکو سەواد و خوێندەوارییان هەبێ لە دوای دوو هەفتە وەڵام هاتەوە و گوتیان زۆر سوپاس چونکە ئەم لە نووسینەکەیدا گوتبووی بێ پارە ئەمە دەکەم. بە مامۆستا مەلا

محەمەدی گوت لە ڕۆژی هەینیدا بە جەماعەت بڵێ کە مامۆستا عەلی بەبێ ئەوەی هیچ مەعاش وەرگرێ بۆ پۆلی ئێوارانی گەورەکان کە لە دوای نیوەڕۆوە دەست پێ دەکات زۆربەیان پێیان خۆش بوو. لەگەڵ ئەوەشدا کە پشووی هاوین بوو پۆلەکەی کردەوە دەوری بیست کەسێ لە گەنج و پیر لە ٢٠ساڵ بەرەو ژوورتر ناونووسییان کرد. مامۆستا عەلی داوای کتێبی بۆ گەورە کرد. مەعاریف بۆی نارد بەمجۆرە مامۆستا هەموو هۆشی بۆ خزمەتی ئەو گوندە بوو وە ئەوەی هانی دا زۆر بمێنێتەوە عەشقی گوڵهەنار بوو: وەکو لەوەوپێش گوتمان بەیانی دایکی بە دوو پارچە قوماشی ژنانەوە چوو بۆ ماڵی مەحموود ئاغا و پووری و گوڵهەنار وەکو گوڵ گەشانەوە و زۆر بەڕێزەوە پێشوازییان لێ کرد و چا و قاوەیان لێ نا و گوڵهەنار دەتگوت گوڵاڵەسوورەی هەردانە، چاوە شەهلایەکەی وەکو ئەستێرەی گەلاوێژ دەبریسکایەوە دایکی عەلی گوتی قسەیەك دەکەم هەر ئەم سیانە بزانێ. بە بوون و نەبوون. پووری گوتی فەرموو دایکی عەلی ئەفەندی. گوتی من هاتووم بزانم تۆ و گوڵهەنار رازین کە گوڵهەنار ببێ بە خێزانی عەلیی کوڕم و کچی من. عەلی گوڵهەناری خۆش دەوێ، عەلی زۆر بە ئەدەب و پاك و بێگەردە. گوڵهەنار شەرم دەیگرت بەڵام لە دڵدا دەکولا لە خۆشییاندا. هەروەهاش پووری گوتیان ئێمە شانازیی پێوە دەکەین، چونکە مامۆستا عەلی مرۆڤێکی بەڕێزە و وەجاخزادەیە ئەوەی ئەو کردی بۆ ئەحمەد، نەجابەت و پیاوەتیی عەلییەفەندی دەرخست. دایکی عەلی گوتی زۆر باشە ئێمەش فەخرتان پێوە دەکەین خەبەر بە مەحموود ئاغا و ئەحمەدی برای بدەن ئەگەر رازی بوون ئەوا ئێمە ئامادەین بۆ هەموو کاروباری ژن و ژنخوازییەکەیان.

دایکی گەڕایەوە عەلی دەتگوت لەسەر ئاگرە، چاوەڕوان بوو وەکو مەلا کوردەکە کە چاوەڕێ بوو بووکی بۆ بهێنن هەر دەهات و دەچوو دەیگوت «الانتظار أشد من القتل»: چاوەڕوانکردن لە کوشتن خراپترە. دایکی بە زەردەخەنەوە خۆی کرد بە قوتابخانەکەدا و سەیری کرد عەلی پیاسە دەکات گوتی دایە مژدەم بەرێ، گوتی رۆڵە نەمدەزانی تۆ ئەوەندە زیرەکی لە جوان هەڵبژاردندا پیرۆزت بێ زۆر باشە پووری و کچەکە زۆریان پێ خۆش بوو. ئینجا ئەوان خەبەر بە ئاغا دەدەن.

ئێواره هەموو دانیشتبوون ئاغا و خوشکی و گوڵهەناری کچی و ئەحمەدی کوڕی. خوشکی چرپاندی بە گوێی گوڵهەناردا و چووە دەرێ ئینجا پووری گوتی برا گیان کوڕ دەبێ ژن بهێنێ و کچ شوو بکات، ئیمڕۆ دایکی عەلی ئەفەندی هات و داوای گوڵهەناری کرد بۆ عەلیی کوڕی تۆ چی دەڵێی؟ ئاغا گوتی من ئەو کوڕەم زۆر بەدڵە و زۆر نەجیبە، وەکو بیستوومە خێزانێکی ناودار و بەڕێزن لە شاری سلێمانی، من رازیم بزانم ئەحمەد دەڵێ چی. گوتی بابە من لە تۆ زیاتر پێم خۆشە، ئینجا ئاغا گوتی گوڵهەنار بانگ کەن گوڵهەنار ئەوەندەی تر روومەتەکانی ئاڵ بوون، باوکی گوتی کچم ئەمە شتێکی ئاساییە کچ دەبێ شوو بکا و کوڕ دەبێ ژن بهێنێ. بەپێی شەریعەتی ئیسلامی. تۆ دەڵێی چی؟ دایکی عەلی ئەفەندی هاتووە داوای تۆ دەکات بۆ عەلیی کوڕی، رازیت یان نا، شەرم مەکە. کچە بە شەرمەوە گوتی کە تۆ و پوورم و کاکم رازی بن منیش رازیم، مەحموود ئاغا گوتی زۆر باشە پیرۆز بێ، خوشکێ تۆ خەبەریان بدەرێ.

لە دوای دوو رۆژ پووری گوڵهەنار چوو بۆ لای دایکی، عەلی ئەفەندی لە قوتابخانەکە بوو. دایکی پێشوازییەکی جوانی لێ کرد و دوای تۆزێ دانیشتن پووری گوتی باوك و برا و من هەموو رازین دەبێ کەسوکار – پیاوان – بێن بۆ خوازبێنی. دایکی عەلی گوتی بەسەرچاو، هەڵسا چا لێ بنێ پووری گوتی خۆت ماندوو مەکە کاکم میوانی هەیە دەبێ زوو بڕۆمەوە نانی نیوەڕۆ ئامادە بکەم. مامۆستا عەلی لای مەلا محەمەد بوو گەڕایەوە، دایکی ئەو خەبەرە خۆشەی دایێ، عەلی لە خۆشییاندا نەیدەزانی چی بکا. دەستی دایکی ماچ کرد. ئینجا دایکی گوتی دەبێ خەبەر بە هەرسێ مامەکەت و خاڵت بدەین کە بێن بۆ خوازبێنی چونکە ئوسووڵە دەبێ کەسوکاری زاوا بێن بۆ خوازبێنی لە باوکی کچە. عەلی یەکسەر کاك کەریمی بەنامەیەکی جوان نارد بۆ مامە گەورەکەی و تێی گەیاند کە دەبێ بێن بۆ خوازبێنی بۆی. گوتیان بە عەلی بڵێ هەینیی داهاتوو لاتان دەبین.

پشووی هاوین بوو عەلی هەموو عەسرانێك لەگەڵ مامۆستا مەلا محەمەددا دەچوون بۆ پیاسە بەرەو چەمەکە هێندێ جار عەلی لەگەڵ خۆیدا قولاپی ماسی

گرتنی دەبرد. ئەم عەسرە خوا کردی چوار ماسیی گەورەی گرت هێنایانەوە. کاکە مەلا گوتی دایکت ناتوانێ چاکیان کا ئێمە لە ماڵەوە ئاو و هەموو شتێکمان هەیە دەیبەم بەماڵەوە دەڵێم بەدڵی ئێوە چاکی کا ئێوارە لەگەڵ دایکتان بفەرموون بەیەکەوە دەیخۆین، عەلی گوتی ماموستا هەرچەندە زەحمەتە بۆتان بەڵام زۆر سوپاستان دەکەین و ئێوارە دوای نوێژی شێوان عەلی و دایکی چوون بۆ ماڵی مەلا محەمەد، تەماشایان کرد کاک کەریمیش بانگ کراوە. زۆری پێ خۆش بوو، خێزانی کاکە مەلا دیاربوو دەسترەنگین بوو ماسییەکانی بەترش و خوێ سەنگ و بەردی نابوو ئینجا سووری کردبووەوە، لەسەر قوبوولییەکی چەوری دانا و بە لەتکە نۆکی عەجەم دانابوو بەڕاستی خواردنێکی شاهانە بوو، ئەو شەوە بەقسەی خۆش و شیعر و ئەدەب رایان بوارد شەو درەنگ بوو ماڵئاواییان کرد لەگەڵ دایکیدا هاتنەوە ژوورەکەیان لە قوتابخانەکە. عەلی لەبەر خەیاڵی بۆ گوڵهەنار خەوی لێ نەدەکەوت هەر ئەم بەیتەی حافزی لەبەر خۆیەوە دەگوت و بەیتێکی لەسەر هەمان واتا بە کوردی رێك خستبوو دەیگوت:

اگر آن ترك شیرازی بدست آرد دل مارا

بەخال هیندوبش بخشم سمرقند و بخارا

ئەگەر ئەو جوانە شیرازییە وەدەست بێنێ دڵی ئێمە

بەخاڵی رەشی دەبەخشم سەمەرقەند و بوخارا

ئەم دەیگوت «بە خاڵی گۆنات دەبەخشم ئەستەمبۆڵ و بەغدادرا»

ڕۆژی هەینی چێشتەنگاو هەرسێ مامەکەی و خاڵی لەگەڵ چەند ولاخێك بەبارەوە کە برێتی بوو لە فەردە شەکر و سەندووقە چا و، دەوری بیست قوتوو نوقڵ و چەند پاکەت پاقلاوە دوو فەردە برنج، چونکە لێرە چەڵتوکیان نەدەڕواند. بەڵام میوەی زۆر و مەڕوماڵاتیان هەبوو، بۆیە رۆنی جوانیان هەبوو لەگەڵ چەند دەستە قوماشێ هی ژنانە و چەند دەستە فاسۆنی پیاوانە. هەموو بەرەو ماڵی ئاغا چوون. پیاوەکانی ئاغا شتەکانیان داگرت و ئاغا هات بە پیریانەوە، گوتی زەحمەتتان کێشاوە ئەم هەموو شتانەتان هێناوە، دیاری رەت ناکرێتەوە زۆر

سوپاس. کە ویستیان بێنە دەرێ ئاغا گوتی دەبێ نانی نیوەڕۆ لێرە بن و لە خزمەتتاندابین. ئەوانیش سوپاسیان کرد و هاتن بەرەو قوتابخانەکە عەلی دەستی هەموویانی ماچ کرد و گوتی شەرمەزارم کە ئێوەم خستووەتە عەزیەتەوە. گوتیان ئێمە ئەمڕۆ خۆشترین ڕۆژە لامان برازا و خوشکەزا ژن دەهێنێ ئەوەی سەیر بوو هەموو ئامۆزا و خاڵۆزا و پوورزا کچەکانیان شوویان کردبوو دوای نوێژی نیوەڕۆ بەرەو ماڵی ئاغا کەوتنە ڕێ کە چوون تەماشایان کرد مامۆستا مەلا محەمەد و کاك کەریم لەوێن لەگەڵ چەند پیاوێکی ریش چەرمووی ماقووڵ، ئاغا بەگەرمەوە بەخێرهاتنی کردن و بەوانی ناساندن ئینجا لە پاش نیو سەعاتێ گوتی فەرموون بۆ ژووری نانخواردن هەموو هەڵسان، خوانێکی شاهانە رازابووەوە مەگەر لە زەمانی بابانەکاندا خواردنی خۆماڵی وا لێ نرابێ. دوای نانخواردن و میوە و شیرینی، مامی گەورەی رووی کردە مەحموود ئاغا و گوتی ئاغا هاتووین کە گوڵێك لە باختدا هەیە پێشکێشی کەی بە عەلی برازا و خوشکەزا و کوڕی خۆت. ئاغا گوتی: پیرۆز بێ ئومێدەوارم بەخۆشی ژیان ببەنە سەر. عەلی هەڵسا دەستی ئاغای ماچ کرد چونکە لەناو کوردەواریدا ئوسووڵە کە دەبێ زاوا دەستی باوکی کچە ماچ کات. مەلا لەوێ بوو لە بەردەم هەموویان بەپێی شەرع مارەی کردن. دایکی عەلیش لەوێ بوو لەسەر سەد لیرەی رەشادی عوسمانلی. عەلی و هەموو گوتیان پێویست ناکا بە شایی خەرجیی شاییەکە بدەن بە فەقیری گوندەکە و نان بدەن بە هەموو خەڵکی گوندەکە.

لە دوای هەفتەیەك عەلی لەگەڵ گوڵهەنار و دایکی و پووری گوڵهەنار چوون بۆ شار و لەوێ لای قازی مارەی رەسمیشی کرد. ئینجا هەردووکیان چوون بۆ بەغدا بۆ ″مانگی عەسەل″ کە بەعەرەبی پێیان دەگوت ″شهر العسل″ بەیەك پەیمانیان دا هەتا ماون دڵی یەکتری و کەسوکاری هەردوولا عاجز نەکەن کە گەڕانەوە، دایکی عەلی گوتی ڕۆڵە مامەکانت ئەو ئەرز و بەراوەی کە هی باپیرتە بڕیاریان دا بیفرۆشن و فرۆشتیان بە پارەیەکی باش حیسەی باوکت لای منە، سەیری کرد پارەکە زۆرە نیوەی بەناوی دایکییەوە خستە بانق و بەنیوەکەی تری چوو لە گوندەکە خانوویەکی جوان و باشی دروست کرد.

هەتا قوتابخانەکە وای لیٚ هات بۆ یەکەم جار قوتابیانی پۆلی شەشەم لە بەکەلۆری دەرچوون و چوونە ناوەندی. عەلی مایەوە بە بەڕێوەبەری قوتابخانەکە و، شەش مامۆستاشیان هەبوو.

کە ئاواتی هاتە دی عەلی داوای کرد گواستیانەوە بۆ ناو شار خۆی و خێزانەکەی لەگەڵ دایکیدا زۆر بەخۆشی دەژیان. عەلی بوو بە خاوەنی سیٚ کوڕ و کچی لە تەمەنی پەنجا ساڵیدا خۆی خانەنشین کرد و خەریکی نووسینی چیرۆك و شیعر و ئەدەب بوو جگە لە خوێندنەوە، خۆی و گوڵەنار خانی خێزانی بەشێوەیەکی جوان منداڵەکانیان پەروەردە دەکرد و ژیانێکی خۆشیان دەبردە سەر هاوینان دەچوونە گوندەکەی باوکی خێزانی خانووەکەی ڕێکوپێك بوو، هەوای گوندەکە چونکە کوێستان بوو فێنك بوو ئەهلی گوندەکە، ماڵی ئاغا، مامۆستایانی قوتابخانەکە، مەلا محەمەد، کاك کەریم هەموو شەڕیان بوو لەسەر ئەوەی کامیان زوو دەعوەتیان بکەن بۆ ماڵی خۆیان، هەموو خۆشیان دەویست گوندەکە لە چاو گوندەکانی دەوروپشتی دەتگوت گوندێکی ئەوروپاییە لە پاکوخاوێنی و دارودرەختی.

# گەشتێ بۆ قۆپی قەرەداخ

زەمـانـی ئـێمـە، زۆر سەیـر بـوو، بڕوا بکـە مـەکتـەب ″قـوتـابـخـانـە″مـان لا وەکو حەپسخانە وابوو، جارێ بەیانییان بەو سەرما و سۆڵەیە زوو هەڵسە لە خەو بەو ئاوە سارده دەست و دەموچاو بشۆ. ئینجا جلوبەرگی مەکتەب لەبەرکە و بەناو کۆڵان و جادەی پڕ قوڕ و چڵپاو هەتا ئەژنۆ. کتێب و قەڵەمت لە بیر نەچێ لاستیکی خەت کوژانەوە، بڕوا بکە بەیانییان دەتگوت لە ساحەی جەنگ دای. خۆ مەکتەبیش وەکو گوتم دەتگوت حەپسخانەیە، مـامـۆستـاکـان دووسێ جۆر بـوون هـەبـوون میهرەبـان و دڵسۆز و حەزیان دەکرد قوتابییەکان فێر بن، ئامۆژگاریی باشیان دەکـردیـن، هـەبـوون، شەوێ زۆری خـواردبـووەوە بـەیـانـی غـەزەبـی لـێ دەبـاری و شەڕی لەگەڵ ترِی خۆیدا دەکرد. هەشبوون، لە قومارکردن درەنگ هـاتووەتەوە و جگە لەوە دۆڕاندوویێتی. ئینجا وەرە سەیری ئەم بەزمە کە. جگە لەمانەش خۆ قوتابیەکانیش هەزار جۆر بوون بە ئەدەب و فەقیر. بێ حەیا و ناعال، تێیاندا هەبوو دەتوانم بڵێم نیمچە سەرسەری. خۆ ئەگەر دەرست نەزانیبایە هەڵسە دەستت بکەرەوە بە راستە بە سەرە تیژەکەی دەستی پڕ دەکردی لە خوێن، ئا بەمجۆرە شت فێر دەبووین. خۆی ئەوەی راست بێ هەمووی دەگەڕێتەوە بۆ ڕێژیم و شێوەی بـەڕێوەبـردنـی خـوێنـدەواری، هـەروەهـا خێزانی قـوتـابـیـان، چـونکـە مـاڵ نـیـوەی قوتابخانە پێك دێنێ. هەفتەیەك بوو تاقیکردنەوەی بەکەلۆریم تەواو کردبوو، زۆر زۆر دڵـم خـۆش بـوو، بـەڵام لـە بـیرم چـوو ئـەوە بـڵێم کـە نـاوەندی و ئـامـادەیـی جیاوازییەکی هەبوو لەگەڵ سەرەتاییدا ئەویش ئەوە بوو کە لێدان نەبوو تەنیا

مامۆستا تووڕە دەبوو ئەگەر قوتابی هەڵەیەکی بکردایە، خوا هەڵناگریّ لە هەرسیّ مەرحەلەکەدا. مامۆستایانی باشیشمان هەبوو بەڵام ڕێژیم و یاسا سەریشی لەوانە تێك دابوو. وەکو گوتم هەفتەیەك بوو پشووی هاوین دەستی پیّ کردبوو هەموو قوتابییەك دڵەکوتێی بوو لە بۆ نمرەی کە خوا بکا وابیّ لە زانکۆ وەربگیریّ. لە پشووی هاویندا زۆر لە قوتابیان ئیشیان دەکرد یا لای باوك و کەسوکاری، یا لای خەڵکی تر. من لە دڵی خۆمدا دەمگوت ئەگەر نمرەم باش بوو ئەوا دەچمە زانکۆ ئەگەر باش نەبوو دەبمە کارمەند ئیتر نەجاتم دەبیّ لە مەکتەب. دەمەدەمی نیوەڕۆ بوو تۆ بڵێی چێشتەنگاو باوکم لە هەیوانەکە دانیشتبوو شتی دەنووسی منیش دڵم زۆر خۆش بوو دانم دەدا بە مریشك و کەڵەشێرەکانم و هەروەها سەیری ئەوسیّ کاوڕەم دەکرد کە باوکم کڕیبوونی بۆ قاورمەی زستان. لە پڕ دەرگەی حەوشە کرایەوە کابرایەك بەخۆی و دوو گوێدرێژەوە خۆی کرد بە ماڵدا لە حەوشەکەدا دای گرتن و یەکێکیان هۆرێکی لە سەر بوو دای گرت و ئەوی تریان چەند مریشك و کەڵەشێر لەگەڵ دوو کاسە ماست و کیسەیەکی بچووك گوێز و هەروەها قەزوان و، توورەکەیەکیش پڕ لە کا و هێلکە بوو دای گرتن. کە باوکم سەیری کرد گوتی کەریم بەخێربێی ئەوە چییە ڕۆڵە بۆچی لێرە شت نییە چاوت لەو هەموو مریشك و کەڵەشێرە نییە کە هەمانە. وتی مامۆستا گیان ڕاست دەفەرمووی بەڵام ئەمانە دیارین دەڵێن پێغەمبەریش دیاریی پیّ خۆش بووە، باشە ئەی ئەو هۆرە چییە وتی ئەو برنجەیە کە تۆ حەزت لیّ دەکرد برنجی بانی خێڵان. کاك کەریم گوتی مامۆستا گوێدرێژەکان دەبەمە خان و دێمەوە خزمەتت. باوکم گوتی بیّ عەقڵ مەبە. لە داڵانەکە بیانبەستەوە ژووری دار و خەڵووزەکەمان پڕە لە کا و جۆ بۆ گوێدرێژەکان، بۆ تۆش جێگەیەك هەر دەبیّ شەو لێی بنوویت. کاك کەریم گوتی ئەمر دەکەی مامۆستا گیان خوا تۆمان هەر بۆ بهێڵیّ.

کاتی نانی نیوەڕۆ بوو، دایکم هاتە هەیوانەکە و بەخێرهاتنی کاك کەریمی کرد و پێی گوتم وەرە خواردنەکە بێنە سەرەوە. منیش لەگەڵ دایکمدا چوومە موبەق و بە سینی خواردنەکانم سەر خست و لەسەر مێزەکە دام نان. هەموو بەیەکەوە نانی نیوەڕۆمان خوارد. باوکم گوتی کەریم قوتابخانەکەمان لە چیدایە؟ گوتی خراپ

نییە، تۆ ئەو قوتابخانەیەت کرد بە شت بەڵام ئەوانەی دوای تۆ ناڵێم خراپن بەڵام وەکو تۆ نین، چونکە هەموو کوڕوکاڵن هەر وا دەبن. ئینجا باوکم دەستی کرد لە باخەڵیدا و بیست دیناری دایە دەست کاک کەریم، کاک کەریم گوتی مامۆستا چۆن دەبێ، باوکم گوتی رۆڵە ئەوە بۆ ئەو دیارییانە نییە ئەوە جەژنانەی نەورۆزە بۆ منداڵەکانت. ئینجا کاک کەریم گوتی مامۆستا گیان، یەك داوام هەیە خۆزگە بەقسەت دەکردم، ئەگەر بتوانی جەنابت و نەبەزی کوڕت لەگەڵمدا بێن ئێستا کەژی بەهارە دێکەمان زۆر خۆشە، هەموو کارێز و کانیاوەکان تەقینەتەوە، وە زۆر حەزیش دەکەم براژنیش ″دایکی نەبەز″یش تەشریف بهێنێ، باوکم گوتی بابزانین تۆ جارێ دەبێ هیچ نەبێ هەفتەیەك لامان بی. ئینجا ئەو شەوە هەتا درەنگانێك باوکم و کاک کەریم هەر باس باسی دێکەیان و قوتابخانە و قۆپی قەراخ بوو هەروەها ئەو کاتەی باوکم لەوێ مامۆستا بووە باسی ئەو گەنجانەی ئەوێ کە خوێنگەرم و سەر بەحزبە سریەکان بوون. کاک کەریم گوتی مامۆستا ئێستا ئامر مەخفەرەکەشمان پیاوێکی زۆر باشە و لەوانە نییە بەزۆر خەڵك تووشی گێچەڵ کا، تاکو بەرتیلی بدەنێ. دوای هەفتەیەك کاک کەریم گوتی دەی مامۆستا با بڕۆین، باوکم گوتی زۆر باشە. کەریم تۆ لەگەڵ ئێمەدا دێیت جێبەکەمان بەشی چوار پێنج کەس جێگەی هەیە. باوکم چووە بازاڕ شەکر و چا و گەلێ شتی تری کڕی هەروەها چەند دەستە دەفتەر و قەڵەم. جێبەکەمان بۆ ڕێگەی سەخت و شاخ و داخ باش بوو. بەیانی زوو سوار بووین، کاک کەریم گوێدرێژەکانی بە ناسیاوەکانی خۆیدا ناردبووەوە. دەوری نیوەڕۆ گەیشتینە ناو دێ. خەڵکی دێکە کە زانییان باوکم هاتووە، هەموو هاتن و دەورەیان دا هێندێکیان هاوتەمەنی بوون ئەوانی تریان لەو بچووکتر، زۆربەیانی قوتابیی باوکم بووبوون. زۆریان پێ خۆش بوو تەنانەت هێندێکیان دەستی باوکمیان ماچ دەکرد زۆر بە وەفا بوون هەریەکە لەوانە دەیانگوت دەبێ بێتە ماڵی ئێمە، باوکم دەیگوت بۆ لای هەمووتان دێم نان و ماستێك هەر دەخۆم بەمجۆرە خۆی ڕزگار دەکرد، ئێستا دەچمە ماڵی کاک کەریم چونکە یەکەم جار هاتمە ئەم گوندە لە ماڵی کاک کەریم پێی غەریبیم کرایەوە چووینە ماڵی کاک کەریم،

خێزانەکەی و منداڵەکانی زۆر ڕێزیان لێ گرتین. کە ئامر مەخفەرەکە زانیبووی باوکم هاتووە بەپەلە یەکسەر هاتە ماڵی کاك کەریم و بەگەرمەوە باوەشی بە باوکمدا کرد و گوتی مامۆستا گیان، ئێمەت سەرفراز کرد هەر ئەمرێ هەر کارێ دەفەرمووی من لە خزمەتدام، وابزانە منیش کوڕتم. زەمان زەمانی کۆماری بوو، وڵات جارێ هەر لە خۆشیدا بوو، پیاوچاك و نیشتمانپەروەر زۆر بوون، پیاوخراپ و جاسووسەکان، خۆیان شاردبووەوە «بۆ فرسەت دەگەڕان. ئەو ناوچەیە، ناوچەی قەرەداخ بەواتا شاخی رەش، چونکە عوسمانییەکان ناوەکەیان لە داری زەردەوە گۆڕیبوو بۆ قەرەداخ»ی تورکی. ئەم دێیە لە چاو خۆیدا کە گوندێك بوو خراپ نەبوو، زەویی باش، ئاوی باشی هەبوو. باوکم بەیانی لەگەڵ بەڕێوەبەری قوتابخانەکە، کە خۆی قوتابیی باوکم بووە کە کاتێ باوکم لەم قوتابخانەیە بووە. گەنجێکی زۆر ژیر و بەوێڵ بوو باوکم دەفتەر و قەڵەمەکانی دا بە بەڕێوەبەرەکە و گوتی ئەمە دیاریی منە بۆ قوتابییەکانت. کە مەکتەب کرایەوە بیاندەرێ، زۆر سوپاسی باوکمی کرد. ئەوانەی کە لەم گوندەدا مابوون تەمەنیان یا وەکو باوکم بوو یا کەمتر و زۆربەیان قوتابیی باوکم بووبوون هەموو دەهاتن بۆ بەخێرهاتن و دەعوەتی باوکمیان دەکرد بۆ نانخواردن، ئەویش دەیگوت خوا عەمر بدات بەهارێکی تر دێم و لای ئێوە میوان دەبم. وا ڕێك کەوت لەو ڕۆژانەی ئێمە لەوێ بووین، شایی و زەماوەندێك بەهۆی ژن و ژنخوازییەوە هاتە کایەوە ئێمەیان بانگ کرد، ئێمە لە سەربان دانیشتین و لە خوارەوە ژنان و کچان هەڵدەپەڕین ئەوەی سەرنجی راکێشام ئەوە بوو کە دەمدی هێندێ لەو ژنانەی هەڵدەپەڕن، پەڕیان کردبووە بە سەرپێچەکەیانەوە لە باوکم پرسی بابە ئەوە یەعنی چی؟ گوتی ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە ئەو ئافرەتە کچە، شووی نەکردووە، ئەمە یەکەم جارە من شایی وا ببینم، ئەوەی گۆرانییەکەی دەگوت هەر ئەمەی دەگوت:

ئای لە من وای لە من

ئای لەو تیرەی دات لە من

کاتی نیوەڕۆ سفرە ڕاخرا لە سەربانەکە بەهار بوو زۆر زۆر خۆش بوو،

شەماڵێکی فێنك بێ خۆڵ و تۆزی ڕەشەباکەی سلێمانی. ئامر مەخفەرەکەش هات و لای باوکمەوە دانیشت خواردن هات هەر دوو کەس لەسەر سینییەك نانی تێدا خرابوو، پلاوی لەسەر ڕۆ کرابوو لەگەڵ پلە گۆشتی مەڕ سوورەوەکراو بە کەرە هەروەها خورماورۆنیش بەپەنیر یا بەهێلکە بەڕاستی خواردنێکی سەیر بوو لەگەڵیدا کاسە دۆی کوڵکنی سارد دانرابوو لە حەیاتمدا شتی وام نەخواردووە و نایخۆم، بڕوا بکە خواردنەکە بۆنی عەتر و عەبیری لێ دەهات.

لە دوای دوو ڕۆژ ئامر مەخفەرەکە هات و گوتی مامۆستا بڕیارمان داوە سبەینێ دەچین بۆ ناو قۆپی بۆ ڕاو تۆش ئەگەر حەز دەکەی وەرە وەگەر نا، دەبێ کاکە نەبەز بێت باوکم گوتی، من چەند ساڵ لەمەوبەر سەیران و ڕاوی قۆپیم کردووە لەگەڵ خەڵکی ئەم گوندە، ئێوە بچن نەبەزیش بابێت بەڵام من بۆ خۆم تۆزێ لە گوندەکەدا دەگەڕێم. وتی ئەمر ئەمری خۆتە.

بەیانی لەگەڵ کاك کەریم و کۆمەڵی ڕاوچییەکان کەوتنە ڕێ بۆ ناو دەربەند گاور "گەور" خۆی لە ڕاستیدا دەربەند "گەبرە" وردە وردە بووە بە گاور تەنانەت پەیکەری وەکو دەڵێن نارام سین، لەوێ هەڵکەنراوە. لە شوێنێکدا دەتگوت بەدەست دروست کرابێ پێیان دەگوت بازاڕەکە. ئاگر کرایەوە، پێش شەبەق هەموو ئامادە بوون دەرچوون بۆ ڕاو من و کاك کەریم ماینەوە و گوێدرێژەکە و تفەنگێکی ساجمەزەند. بەیانی وتم کاك کەریم ئێمە لێرە چی بکەین وتی ڕاست دەکەی شتەکانمان خستە سەر گوێدرێژەکە و هاتینە دەرێ لە قۆپی و دەربەند گەور لە پانتاییەکدا کە ئاوێکی جوانی لێ بوو لەژێر درەختێکدا لامان دا و دەستمان کرد بە چا لێنان. دەوری نیوەڕۆ هەموو هاتنەوە کەڵەکێوییەکی گەورەیان ڕاو کردبوو دەستمان کرد بە گۆشت برژاندن، بەڕاستی دیمەنێکی سەیر بوو مەگەر لە فیلمی سینەمادا شتی وا ببینی. دەمەدەمی ئێوارە، گەڕاینەوە ناو گوندەکەمان بەڕاستی من قەت ئەو ڕۆژەم لە بیر ناچێتەوە.

چەند ڕۆژێك ماینەوە باوکم دەعوەتی قبووڵ نەدەکرد بەڵام چارە نەبوو، ئەوەندە ئامر مەخفەرەکە ڕوح سووك و ئینسانی باش بوو، مەجبور بوو دەعوەتەکەی قبووڵ کرد. هەروەها هی بەڕێوەبەری قوتابخانەکە و موختاریش

چونکە هەردووکیان قوتابیی خۆی بوون. بەوانی تریشی دەگوت ئینشائەڵڵا بەهارێکی تر دێمەوە و دێمە ماڵی هەمووتان.

لای من زۆر سەیر بوو قەت بڕوام نەدەکرد خەڵکی دێ ئا ئەوەندە دڵپاك و دڵسۆز بن هەروەها ئافرەتی ئە ئاوا جوانیان تێدا بێ، باوکم دەیگوت رۆڵە ئەوانە وەکو سروشتەکەیان وان و پاك و بێگەردن. باوکم گوتی بەیانی دەڕۆینەوە ئەوە بوو باوکم زانیبووی کە ئامر مەخفەرەکە و خێزانەکەی و منداڵە بچووکەکەیان دەیانەوێ سەری شار بدەن، پێی گوت رۆڵە جێبەکەمان جێگەی پێنج کەسی بەئاسانی تێدا دەبێتەوە ئێوەش لەگەڵماندا وەرن، تۆ و دایکی منداڵەکە و منداڵەکە لە دواوە، من لێ دەخورم و، جێگەی شتەکانیش لەسەر سیپای دواى جێبەکە دادەنێین زۆر ئاسانە، وتی مامۆستا دەترسم زەحمەت بێ بۆتان، وتی عەزیزم بۆ خۆشەویست هیچ شتێ زەحمەت نییە.

بەیانی زوو کەوتینە رێ لە دوای بڕینی ماوەیەکی زۆر هەڵگەڕاین بە شاخی بەرانانداا بەرەو ژوور بەپێچەکانیدا هاتینە خوارێ بەرەو چەمی تانجەڕۆ هەتا بڵێی بە ناو جادە بوو هەمووی چاڵ و چۆڵی و بەردەڵانی بوو. زۆر خەتەر بوو، لە چایخانەکەی کانیی سپیکە لامان دا چەمی تانجەڕۆ لە بەردەمماندا بوو. خێزانەکەی کاك حەمەی ئامر مەخفەر مریشکێکی ماڵیی سوور کردبووەوە و، دوو جۆر خورماوڕۆنی کردبوو بەکەرە و، پەنیری بەهارە و، یەکێکی تری بە هێلکە تێر تێرمان خوارد. چاچپییەکەش پەیتا پەیتا دیشلەمەی بۆ دەهێنایین بەڕاستی لە سەیران خۆشتر بوو. دوای دەوری سەعاتێك ماندوومان حەسایەوە و بەرەو شار کەوتینە رێ لەسەر پردەکەی تانجەڕۆ تەماشام کرد ئاوەکەی دەتگوت چاوی قرژاڵە ئاوەکە هەڵساوبوو، قەت ئەوەندە ئاوی وای نەبووە.

کە گەیشتینە سەرکارێز کاك حەمەی ئامر مەخفەر و خێزانەکەی و منداڵەکەی دابەزین چونکە ماڵەکەیان لەو گەڕەکە بوو، خواخافیزیمان لەیەك کرد. کە گەیشتینە ماڵەوە ئەو شتانەی باوکم لەوێ کڕیبووی دامان گرت گژوگیا بۆ کوڵاندن، کەرە، پەنیر، بەڕاستی گەشتێکی خۆش بوو، بۆ من.

ڕۆژگار هات و رۆیشت، ساڵ هات و ساڵ رۆیشت، باوکم خۆی خانەنشین کرد.

ئەوەبوو کودەتای ١٤ رەمەزانماڵی عێراقی وێران کرد، ئینجا دوای ئەوە بەعسییەکان هاتنە کایەوە وای لێ هات ئەو گوندەی کە من دیم و لەگەڵ باوکمدا چووین کە دەتگوت بەهەشتە هەروەکو هەڵەبجە و بالیسان و شوێنەکانی تری کوردستان بەکیمیایی بومباران کرا. باوکم شەو و ڕۆژ ئارامی نەبوو زۆر خەفەتی دەخوارد دەیگوت هەروا بەئاسانی عێراقمان لە کیس چوو ئەو پیاوکوژ و جەردانە لە وێرانکاری زیاتر هیچ شتێکی تر نازانن. لە دوای ماوەیەك هەروەکو چۆن دەڵێ دوای هەر ناخۆشییەك خۆشییە. بەهۆی شەڕی کەنداوەوە میللەتەکەمان ورووژا و کوردستان ئازاد کرا ژیانمان سەرلەنوێ بۆ نووسرایەوە دوای سێ ساڵ باوکم گوتی رۆڵە با سەرێکی ئەو گوندەی کە ٢٠ ساڵ لەمەوپێش چووین بدەین. بزانین چی لێ هاتووە ئەو کاتە جادەکە باش کرابوو بۆ قەراخ لەوێوە بۆ گوندەکە لەسەر دێوانە پردیان دروست کردبوو، کە خۆمان کرد بە دێکەدا باوکم دڵی پڕ بووبوو چونکە زۆر گۆڕابوو هەرچەندە حکوومەتی هەرێم خانووی تازەی لێ کردبوو، بەڵام زۆربەی خەڵکەکەی نەمابوون. چووینە نزیك مزگەوتەکە چەند پیاوێکی بەساڵاچوو هاتنە لامان و هێندێکیان باوکمیان ناسییەوە دەستیان کردە ملی و دەستیان کرد بە گریان. کیمیابارانەکەیان گێڕایەوە گوتیان کە زانیمان شتی وا هەیە زۆربەمان کە توانامان هەبوو خۆمان کوتایە ئەشکەوتەکانی قۆپی قەراخەوە. ئەوانەی لە تەمەنی تۆدا بوون، فریا نەکەوتن و زۆریان شەهید بوون، ئێمە لە دوای دوو ڕۆژ بەرەو سنووری ئێران کەوتینە رێ. بە کولەمەرگی چەند ساڵێکمان بردە سەر، هەرکە زانیمان کوردستان ئازاد بوو گەڕاینەوە زێدی خۆمان هەموو وێرانە و کەلاوە بوو، وردە وردە وەکو کولانەی تەیر و ئاژەڵ خۆمان بوسە دا تاکو حکوومەتی هەرێم دەستی کرد بە ئاوەدانکردنەوەی گوندەکەمان، لە بیرم چوو کە هاتینەوە مردووەکانمان ناشت ئا لەو سەرقەبرانە و ناومان نا گۆڕستانی شەهیدانی کیمیاباران. باوکم لەگەڵیان پڕ بەدڵ و بەکوڵ دەگریا، چووە قوتابخانەکە کە تازە کرابووەوە، بەڵام هیچ وەرەقە و سجلی کۆنی نەمابوو. بڕوا بکە ئەگەر ئەمەی من بۆتی باس دەکەم بە فیلم بیبینی بڕوا ناکەیت، من بڕوا ناکەم شتی وا لە هیچ دنیادا رووی دابێ کە حکوومەتێ میللەتی خۆی کیمیاباران بکا.

**کاك مەحموود**

کاك مەحموود هەتا بڵێی پیاوێکی ئازا و بە جەرگ و چالاك بوو. کاتێ کۆماری مەهاباد دامەزرا کاك مەحموود بوو بە یەکێك لە سەربازەکانی لەشکری ئەو کۆمارە خۆشەویستەی. تەمەنی وەکو خۆی دەیگوت لە دەوروبەری ۲۳ ساڵیدا بووە مەشقی سەربازیی کردبوو شارەزا بووبوو لە جەنگ و شەڕی پێشمەرگایەتیدا. کاتێ کۆمارە نەوجەوانەکەمان بەدەستی زلهێزەکانی شەرق و غەرب و هەروەها پاشایەتیی ئێران و دراوسێیەکان لەناوچوو سەربازەکانی کۆمار پەرەوازە بوون ئەوە بوو خوالێخۆشبوو جەنابی مەلا مستەفای بارزانی گۆڕی پڕ لە نوور بێ لەگەڵ دەوری ٥٠٠ سوارەدا بەرەو شوورەی کەوتنە ڕێ و سەرکۆماری مەهابادی خوالێخوشبوو جەنابی قازی محەمەد و برا و دەوروپشتەکەی شەهید کران بە دەستە چەپەڵە خوێناوییەکانی ئێرانی شاهی بەواتا خانەوادەی پەهلەویی دیکتاتۆر و پیاوکوژان. جگە لەوانیش ئەوانەی کە پڕ بەدڵ لەگەڵ کۆمارەکەیاندا بوون و خۆیانیان بۆ بەخت دەکرد شەهید یا بەند کران یا بەرەو شاخ هەڵهاتن، کاك مەحموود وەکو بۆی دەگێڕاینەوە خۆی و چەند هەڤاڵێکی گەیشتنە شاخەکانی سنووری کوردستانی باشوور و کوردستانی ڕۆهەڵات.

دوای ئەوەی کە گوایە حکوومەتی ئێران لەوانە خۆش دەبێ ئەگەر بەخۆیان و چەکەکانیانەوە بێنەوە وڵات. ئەوە بوو هێندێ لە هەڤاڵەکانی کاك مەحموود بڕوایان کردبوو گەڕابوونەوە. حکوومەتی پەهلەوی بێ دین و بێ ویژدان هەموویانی بەند کردن، دوای ئەشکەنجە و ئازاردان. بەڵام کاك مەحموود بڕوای

بە دەوڵەتی ئێران نابێ و هەر وا لە شاخ دەمێنێتەوە. لە دوای هەفتەیەك خۆی و هەردوو گوێدرێژەکەی سنوور دەبڕی و خۆی دەکا بە کوردستانی باشوور و بەرەو سلێمانی دەکەوێتە ڕێ چونکە لە زەمانی کۆماری مەهابادا یەك دوو جار بەکاری حزبی هاتبووە سلێمانی و شارەزاییی. پەیدا کردبوو بەیانی زوو دەگاتە قەراخ شاری سلێمانی لەبەر سەرقەبراندا گوێدرێژەکانی دەبەستێتەوە و خۆی دێ بۆ ئەو چەند ماڵەی کە نزیك کڵێسای گاورەکان بوو کە پێمان دەگوت خانووە قوڕەکان لەوێ لە ماڵێکدا کە چەند هۆدە و هەیوانی جیاجیای تێدا بوو هۆدە و هەیوانێك بەکرێ دەگرێ، ئینجا دەچێت گوێدرێژەکانی دەهێنێ و، دەڕوا لە بازاڕ چەند شتێکی پێویست بۆ ماڵ دەکڕێ. ئیتر مەردانە دەست دەکات بە ئیش ئەویش بە شت گواستنەوە وەکو بەرد و چەو و لم و گەلێ شتی تر. بەمجۆرە چەند مانگێکی بردە سەر نان و ئاوێکی بۆ خۆی پەیدا دەکرد. ئەو ماڵانەی کە هەر لەو حەوشەیەدا بوون فەقیرحاڵ و زۆر بەوێڵ و ئەدەب بوون زۆر ڕێزیان لە کاك مەحموود دەگرت چونکە کاك مەحموود ئەوەندە بە ئەدەب بوو هەرچەند لە ژوورەکەی بهاتایە دەرێ یا لە دەرەوە بهاتایە ماڵەوە سەری دادەخست تاکو چاوی بەهیچ ئافرەتێکی ئەو حەوشەیە نەکەوێ و وەڕس نەبن، وەکو خۆی دەیگوت ئەوان وەکو دایك و خوشك و کەسوکارم سەیریان دەکەم. بەتەنیشت حەوشەی ئەو ماڵەی کاك مەحموودی تێدا بوو ماڵی مامۆستا نووری بوو کە خۆی و دایکی و براکەی لەو خانووە بچووکەدا دەژیان. مامۆستا نووری نیشتمانپەروەر و بەڕێز و خوێندەوار بوو پێوەندی لە دوورەوە لەگەڵ حزبەکاندا هەبوو. لە دوای ماوەیەك و بەیانی باش و چۆنی و چاکی کاك مەحموودی چوو بەدڵدا و لەگەڵیدا بوو بەهاوڕێ. شەوانی هەینی سەری لێ دەدا و هێندێ جار خواردنیشی لەگەڵ خۆیدا دەبرد. دوای ئەوەی بۆی دەرکەوت کە کاك مەحموود خەڵکی ئەودیوە و دوای رووخانی کۆماری مەهاباد هاتووە بەم دیودا. بەتەواوی دۆستییەکەی پتەوتر کرد.

مامۆستا نووری مامۆستای سەرەتایی بوو خوێندەوارێکی باش بوو کە زانی کاك مەحموود مامۆستای ئامادەیی بووە لە مەهاباد و کە کۆمار دامەزرابوو بووبوو بە سەرباز ئەوەندەی تر چوو بەدڵیدا بەشەو لەگەڵیدا باسیان لەبارەی

زمان و ئەدەبیاتی کوردی و فارسی و مێژووی کوردەوە دەکرد کە زانی کاك مەحموود حەز لە خواردنەوە دەکات هێندێ جار لەگەڵ خۆیدا خواردن و خواردنەوەی دەبرد و هەتا درەنگانێك دەمانەوە.

شەوێك کاك مەحموود گوتی مامۆستا نووری من ناوێرم زۆر بچمە بازاڕ و ناوشار چونکە دەفتەری نفوسم نییە گەر بتوانی چارەیێکم بکەیت. مامۆستا نووری وتی ئەگەر وێنەی خۆتت هەیە دوو وێنەم بدەرێ بزانم شتێکم پێ دەکرێ، کاك مەحموود جزدانی پارەکەی دەرهێنا و دوو وێنەی دا بە مامۆستا نووری. بەیانی نەیکردە نامەردی چوو بۆ بەڕێوەبەرایەتیی نفوس. هاوڕێیەکی خۆشەویستی لەوێ کارمەند بوو، باسی بۆ کرد هاوڕێکەی گوتی یەك وەرەقەم لای موختار بۆ بهێنە، مەترسە بەسەرچاو بۆت جێبەجێ دەکەم. کە گەڕایەوە چووە لای موختار، خواوراستان موختارەکەش ناسیاو بوو وەرەقەیەکی بۆ نووسی کە گوایە ئەو ئەو ساڵەی کە لە گەڕەکی گاوران یەك دوو ماڵ سووتا یەکێ لەوانە ئەو ماڵە بوو کە کاك مەحموودی تێدا بووە، هەموو بەڵگە و شتەکانی نەماون. بەمجۆرە بەیانی مامۆستا نووری نامە و وێنەکانی دا بە هاوڕێکەی کە لە بەڕێوەبەرایەتیی نفوس بوو. ئەویش دەمودەست دەفتەری نفوسی وای بۆ رێك خست کە تەمەنی وابێ عەسکەری نەیگرێتەوە. ئێوارە هاتە ماڵی مامۆستا نووری و بەیەکەوە چوونە لای کاك مەحموود، کاك مەحموود نەیدەزانی بە چ زمانێك سوپاسیان بکا. ئەو شەوە هەرسێکیان بەدەم خواردنەوەوە باسی کۆمار و رووخاندنیان دەکرد ئینجا دەستیان کرد بەشیعر خوێندنەوەی کوردی و جاروبارێکیش گوڵستانی بۆ دەخوێندنەوە و شەرحی بۆ دەکردن. مامۆستا نووری زۆر سوودی لە کاك مەحموود وەردەگرت لەبارەی زمان و ئەدەبیاتی فارسییەوە.

کاك مەحموود ئەوەی دەستی دەکەوت لەو ئیش و کارانەی کە دەیکرد، بەشێکی دەنارد بۆ خزم و کەسوکاری و بەشێکیشی دەدا بە ئابوونەی حزبەکەی بەڕاستی کابرایەکی زۆر سەیر بوو. خۆت دەزانی لە عێراق ئەگەر کوردێکی کوردستانی رۆهەڵات لە کوردستانی باشووریان بگرتایە دەیاندایە بەر شەق و رەوانەی ئێرانیان دەکرد و زۆرجار دەیاندایە دەست ئاسایشی ئێران خوا دەزانێ لەوێ

چییان لێ دەکرد. ئەوە بوو کاک مەحموود لەوە نەدەترسا چونکە بەهۆی مامۆستا نوورییەوە بوو بەخاوەنی دەفتەری نفوسی عێراقی و هەموو کات لە باخەڵیدا بوو. ئیتر کاک مەحموود دەچووە ناو بازاڕ و بۆ هێندێ لە دوکاندارەکان شتی دەگواستەوە هەموو خۆشیان دەویست، چونکە دەستپاك و بێ تەماع بوو چەندیان بدایە چەند و چۆنی لەگەڵیاندا نەدەکرد وردە وردە شتێ پارەی کۆ کردەوە. شەوێك بە مامۆستا نووریی گوت، شتێکم بە خەیاڵدا هاتووە، ئەویش ئەمەیە من تۆزێ پارەم کۆ کردووەتەوە، ئەگەر تۆش شتێکت هەیە با دوکانێك دانێین بەناوی منەوە، چونکە تۆ مامۆستای دەوڵەتی نابێ کاری تر بکەیت تووشی گێچەڵ دەبی. مامۆستا نووری گوتی چۆن؟ کاک مەحموود گوتی لە دوکانەکەدا نەختێ شتی منداڵان و کۆوار و ڕۆژنامە دەفرۆشین جارێ ژین بۆمان دەنێرێ، هەروەها ئەو ڕۆژنامە و کۆوارانەی لە کوردستان دەردەچن خۆ ئەگەر ڕۆژنامەی ئەهالیش رازی ببێ ئەوەش زۆر باشە چونکە ئەو ڕۆژنامەیە دەنگی دیموکراتییە، مامۆستا نووری فیکرەکەی پەسند کرد. دەستیان کرد بەگەڕان لە جادەکەی سابوونکەران لەو شوێنەی نزیك ئەو پانتاییەی کە عەرەبانەکانیان لێ رادەگرت. دوکان دانرا ئەمان لەگەڵ هەر ڕۆژنامەیەکدا ژین یا ئەهالی و لە بۆ ئەو کەسانەی کە دەیانناسی کە مرۆڤی باشن. بەیاننامەی حزبەکانیان تێ دەخست کە دەیدانێ دەیانگوت لێرە مەیکەرەوە لە ماڵەوە نەبێ، دیاربوو ئەوانە هەموو نیشتمانپەروەر و سەر بەحزب بوون زوو دەچوونە ماڵەوە.

بۆ نەگبەتی ڕۆژێ لە ڕۆژان قەدەر وای کرد کابرایەك هات تومەز جاسووس بووە کە ڕۆژنامەکەی دایە دەستی کاک مەحموود نەیزانی کە بەیاننامەی تێدایە و ئەو کابرایە لە خۆیان نییە کابرا کە دەچێتە دەرێ سەیر دەکا بەیاننامەی تێدایە بەخۆشییەوە رادەکا بۆ ئاسایش، بەڕێوەبەری ئاسایش هەزار ئافەرینی دەکا و یەکسەر دەچن کاک مەحموود دەگرن و بەقۆڵبەستوویی دەیبەنە پۆلیسخانە ئەمە لە ڕۆژی ١٢/تەمووزی/١٩٥٨دا دەبێ کاک مەحموودیان خستە ژێر ئەشکەنجە و ئازاردان بەڵام کاک مەحموود هەروەکو دەڵێ گورگی باران دیدە، هیچ قسەیەك نادرکێنێ دەڵێ درۆ دەکا من ڕۆژنامەم داوەتێ ئەو خۆی ئەمەی خستووەتە ناو

ڕۆژنامەکەوە، چونکە هەموو ڕۆژێ دەهات داوای بەرتیلی لێ دەکردم منیش هیچم نەبوو هەتاکو بیدەمێ ئەو بەمە هەقم لێ دەکاتەوە. خوا کردی دوای دوو ڕۆژ شۆڕشی ١٤/تەمووزی/١٩٥٨ ڕووی دا و میللەتی عێراق ڕزگاری بوو لە ڕێژیمی زوڵم و زۆر، هەموو بەندییەکان ئازاد کران هەر لە دوای دوو سێ سەعات کاك مەحموود ئازاد کرا سەربەرز گەڕایەوە ماڵێ. هەموو دەرودراوسێیەکان و مامۆستا نووری پێشوازییەکی گەرمیان لێ کرد و نان و خواردنێکی جوانیان بەم بۆنەیەوە ئامادە کردبوو، بەخۆشیی شۆڕشەوە خواردیان و دەستیان کرد بە دوعا بۆ هەموو نیشتمانپەروەران و دڵسۆزانی گەل و وڵات بەتایبەتی شۆڕشگێڕەکانی کورد و کوردستان لە هەر چوار لای کوردستان. ئیتر هێندێ ئێواران کاك مەحموود و مامۆستا نووری و هاوڕێیانیان دەچوونە قەراخ شار و خەیام ئاسایی دەیانخواردەوە و دڵیان زۆر خۆش بوو بە ئازادییان و ئازادیی وڵات و ئیتر جاسووس و ئاسایش دوایان ناکەوێ و ژیانیان لێ تاڵ بکا بە ئارەزووی خۆیان کتێب و کۆوار و ڕۆژنامە دەخوێننەوە.

عێراق لەو ڕۆژەوە دامەزرا و کوردستانی ئێمەیان پێوە لکان و بوو بە حکوومەت. لەبەرئەوەی نەوتی هەبوو، زۆر بە بەرەکەت بوو، هەروەها فرە نەتەوە و ئاین بوو ئیسراحەتی نەدەکرد و بێگانە سوودی لەو بارە وەردەگرت و، خێروبێری بۆ خۆی دەویست و نابێ عێراق ئارام بێ وردە وردە ڕێژیمی کۆماری سەری لێ تێك چوو دراوسێیەکان و کۆنەپەرستان و شۆڤێنییەکان و دەوڵەتە ئیستیعمارییەکان لەبەر بەرژەوەندیی خۆیان لووتیان ژندە ناو عێراق و کەوتنە ئەوەی عێراق وێران بکەن و شۆڤێنییەکان و بەعسییەکان خۆیان کوتایە ناو شوێنە گرینگەکانی دەوڵەت وەك پۆلیس، عەسکەر، هەروەها حکوومەتیش، چونکە سەرۆکەکەی سیاسی نەبوو کابرایەکی عەسکەریی نیشتمانپەروەر بوو. کودەتای ١٤ ڕەمەزانی ١٩٦٣ عێراقی وێران کرد بە کوردستانیشەوە پیاوخراپان هاتنە کایەوە و دەستیان کرد بە قەتڵوعامی میللەت و نیشتمانپەروەرەکانی.

کاك مەحموود چونکە سیاسی و شارەزای دنیا بوو، هەستی کرد کەوا جێگەی نەماوە لێرە دوکانی پێچایەوە و شەوێ کە مامۆستا نووری هاتە لای گوتی

مامۆستا گیان من وەزعەکە بە باش نازانم من سبەینێ دەڕۆم ئەگەر خوا یار بێ دەچمە شاخ بۆلای ئەو پێشمەرگانەی کەوا لەوێن چونکە قەت بڕوا مەکە شۆڤێنی عەرەب، تورك، فارس، ڕێگەمان بدات بەخۆشی بژین گەر بتوانن هەموومان لەناو دەبەن، شەهید بم لـــە شاخ زۆر شانازیی پێوە دەکەم نــەك لـە گرتیگەی ئەو پیاوکوژانە بمرم. ئەوە کلیلی ماڵەکە. پارەی کرێکەشیت دەدەمێ. هەر چییەکم هەیە بیدە بەم سێ خێزانەی لێرەدان، پارەی کرێی دوکانەکەشم داوە هەموو کتێب و ڕۆژنامەکان لە ژووریێ دام ناوە. بیبەوە ماڵی خۆتان ئەوەی دەزانی خراپی بۆت هەیە لەناوی بەرە مەترسە هیچم لێ نایە، تۆش ئاگات لە خۆت بێ و تۆ قەت منت نەناسیوە، تا نیوەشەو دانیشتن. مامۆستا نووری بەیانی شتەکانی گواستەوە، ئەوانی تریشی دا بەو سێ خێزانە. تومەز کاك مەحموود بەیانی ئەوەندە زوو دەرچووبوو بە جۆرێ ڕۆژ هەڵنەهاتبوو گوێژەی بڕیبوو بەرەو سنوور کەوتبووە ڕێ وەکو خەبەری دا دوای دوو هەفتە گەیشتبووە لای کۆمەڵی پێشمەرگەی هەردوو حزبەکە و کۆمەڵی پێشمەرگەی کوردی ڕۆژهەڵاتیش لەوێ بەیەك شاد بوون دەستیان کرد بە خەبات لە هەرلا لەشکری عێراقیان دەشکاند هیچ ترسی مێکی شوورەوی و دەبابەی ڕۆئاوایان نەبوو، پڕوپاگەندەی عەرەب و تورك و فارس کاری تێ نەدەکردن. کاك مەحموود بووبوو بە سەرپەل، بەڕاستی کاك مەحموود لێهاتوو بوو بەمجۆرە ئەو لە شاخ و مامۆستا نووری لەناو شار هەریەکەیان بەپێی توانای خۆی، کاریان دەکرد بۆ سەرکەوتنی شۆڕشی کورد چونکە زۆرجار کاك مەحموود دەیگوت شۆڕشی کوردستانی باشوور سەرکەوێ هی ڕۆژهەڵات هی باکور، هی باشوور، هەمووی بۆ کوردە. بەمجۆرە هەموو کات لە نێوان کاك مەحموود و مامۆستا نووریدا نامەی شەفەوی هەبوو، کاك مەحموود وردە وردە پیر بووبوو سەروڕیشە ماش و برنجییەکەی بووبوو بە بەفری قەندیل.

بەمجۆرە شۆڕش لە بەرزی و نزمیدا بوو میللەت هێرشی هێنا کوردستان بەهۆی شەڕی کەنداوەوە "کوێت" فرسەتی هێنا و کوردستانی باشوور ئازاد کرا. خۆش ئەوە بوو کاك مەحموود گەڕایەوە سلێمانی و هەڤاڵەکانی لە شاخ پێیان گوتبوو ئیتر بەسە تۆ دەبێ خانەنشین بیت. هاتە بەرماڵەکەی خۆی خێرا

خەبەریان دا بە مامۆستا نووری کە هاتە دەرێ و کاك مەحموودی دی باوەشی پێدا کرد و تێرتێر ماچی کرد، بەڕاستی دیمەنێکی دەگمەن بوو. کاك مەحموود و مامۆستا نووری وەکو دوو برای گیانی بەگیانی دەژیان. بەمجۆرە کاك مەحموود ئەم گەشتەی گەیاندە تەمەنی پیری و لە کوردستانی باشوور لە سلێمانی جێگیر بوو چونکە شارەزای زمان و ئەدەبیاتی کوردی و فارسی بوو، لیسانسیەی لە دانشگەی تاران وەرگرتبوو لەلای بنکەیەکی ئەهلی بۆ وەرگێڕان دامەزرا و دەستی کرد بە کار لە بۆ گۆڕینی کوردی بۆ فارسی و هەروەها لە فارسییەوە بۆ کوردی. هەر لە سلێمانی ژنێکی هێنا چەند ساڵێك لە خۆی بچووکتر بوو بەمجۆرە داستانی کاك مەحموودی بەڕێز تەواو بوو.

مندالْ دزين

کاك سەلیم و خاتوو پیرۆز خەڵکی شاری دەرسیم بوون، لەبەر بێدەرامەتی و دەستکورتی ئەو دووسێ مەڕ و بزنە و مانگاکەیان کە هەیانبوو فرۆشتیان و ڕێگەی ئامەدیان گرتە بەر چونکە لەو گەڕەکە فەقیرەی قەراخ شاری ئامەد ناسیاو و خزمیان هەبوو کە ئەوانیش لەبەر بێ کار و کاسبی هاتبوونە ئامەد، لەوێ ئیش و کاریان دەست کەوتبوو. کە گەیشتنە ئامەد شەوێك لە ماڵی ئامۆزایەکیان مانەوە و بەیانی ناسیاو و خزمان ئۆدە و هەیوانێکیان بۆ گرتن، مەگەر کولانی مریشك وا بوایە. سەلیمیان لە چێشتخانەیەکدا دامەزراند. پیرۆزیش لە ماڵەوە جلشۆریی دەکرد و کە ڕۆژێ ئیش نەبوایە تەشیی دەڕست بۆ ئەو دوکاندارە کوردە کە ئیشەکە وەتراخچییان پێ دەگوت لە فرۆشتنی گوریس و توورەکەی وڵاخ و قەیاسە و، خەراری دەورەکۆیان چونکە لادێییەکان کە خاوەنی کەر و وڵاخ بوون ئەو شتانەیان دەویست هەروەها ڕەشکە و توورەکە بۆ هەڵگرتنی دانەوێڵە. بەرماڵ و جاجمیشی دەفرۆشت چونکە خۆی وەستای هەبوو لە جۆلا کە ئەم شتانەی بۆ دروست دەکرد، تۆزێ بووژانەوە و ئاهێکیان تێ کەوت، هێندێ ئێواران خاوەنی چێشتخانەکە بە ئیشکەرەکانی دەگوت، ئەو خواردنانەی ماوەتەوە هەریەکە بەشی خۆی بەرێ بۆ ماڵ و منداڵی. پیرۆز دوای ساڵێ سکی پڕ بوو وەعدەی منداڵبوونی هات، بەپەلە بردیان بۆ خەستەخانەی فریاگوزاری، ئەوەی کە زۆر سەیر و جێی پەژارەیە، کە بێ ویژدانی و بێ هەستیی مرۆڤایەتی و بێ دینی لە هێندێ وڵاتدا وەکو وڵاتەکانی ئەمەریکای لاتینی هەروەهاش لەم وڵاتەی پیرۆز خان زۆرجار

ئەو ژنە فەقیرانەی کە لە خەستەخانە منداڵیان دەبێ بۆ پارە و تەماع منداڵەکەی دەدزن و دەیفرۆشن یا بۆ ئەندامانی ئەو منداڵە یا بەو ژن و پیاوەی کە منداڵیان نابێ و دەوڵەمەندن. سەیرکەن بێ دینی و بێ ویژدانی گەیشتووەتە چە ڕادەیەك!؟ پیرۆزی نەگبەت لە خەستەخانەکە منداڵێکی جوانی بوو، کوڕ بوو دەتگوت پەڕەی گوڵە دوکتۆر و پەرستارەکە بێ هەست و ویژدان، ڕێك کەوتبوون لەگەڵ مەمەدی بازرگان و خێزانەکەی کە منداڵێکی بۆ بدزن بە جووتە منداڵەکەیان دایە دەست ئەو پیاوە و پیاوە بە خۆشییەوە گەڕایەوە ماڵێ، بە زەیستانەکەیان گوت منداڵەکەت بە مردوویی لەدایك بوو خوا کردی تۆمان لە مەرگ ڕزگار کرد. پیرۆز هیچی بۆ نەمایەوە تەنیا گریان نەبێ، لە دوای سەعاتێ کاك سەلیم هات بزانێ چییان بووە تەماشای کرد پیرۆزی ژنی قوڕ دەپێوێ گوتی چی ڕووی داوە گوتی منداڵەکەمان مردووە. کاك سەلیم چووە لای پەرستارە بێ شەرەف و حەیاکە گوتی برا منداڵەکەت بە مردوویی لەدایك بوو هەم باش بوو پیرۆز خانمان رزگار کرد لە مردن شوکری خوا بکە، کاك سەلیم و خاتوو پیرۆز بە نائومێدی گەڕانەوە ماڵێ، ژنە جگە لەوەی کە زەیستانە و نۆبەرەشی لە کیس چووە وەکو خوا پێداوان نە قەیماغی هەبوو بیخوا، تا تۆزێ هێزی بێتەوە بەرخۆی چونکە خوێنێکی زۆری لێ ڕۆیشتبوو.

بڕوا بکە جەریمە و گوناهێ هەبێ لە دنیادا لەمە قورستر و خراپتر نییە. تۆ هەی مرۆڤی بێ ویژدان لەبەر پارە و پوول منداڵ لەبەر دایکی هەڵگری، هەر چۆنێ بوو پیرۆز خان دوای هەفتەیەك هاتەوە سەر خۆی و دەستی کرد بە کارکردن، ژنە و پیاوە زۆر ڕازی بوون گوایە بەو بەشەی کە خوا پێی داون. هەموو کات لەسەر نانخواردن کە بەزۆری برێتی بوو لە پەنیر و نان و تەماتە و خەیار و سەوزە شوکری خوایان دەکرد. وەکو دەڵێی شایان بە سەپانی خۆیان نەدەزانی. هەردەم کاك سەلیم بە ژنەکەی دەگوت خەفەت مەخۆ ئینشاڵڵا منداڵێکی ترمان دەبێ و خوا ئاگای لێ دەبێ.

با بێینەوە سەر ئەو منداڵە نەگبەتە کە لە یەکەم ڕۆژی لەدایکبوونیەوە لە گەرمیی باوەش و شیری دایکی بێبەش بوو.

سەیر ئەوە بوو لەم کەینوبەینەی ئەو دوکتۆر و پەرستارە تورکە کە کەم دوکتۆر و پەرستاری وا هەبێ، کاری وا ئەنجام بدەن پەرستارێکی تر کە دوورەگ بوو بە باوك کورد و بە دایك تورك خەڵکی ناوچەی دەرسیم بوو ئەم کارەی زۆر پێ ناخۆش بوو نەیدەوێرا هیچ بڵێ. چونکە لەوانە بوو دەری بکەن و بە حەپسی بدەن. زۆر مەراقی بوو، بەردەوام تاقیبی ئەو منداڵەی دەکرد چونکە زوو زوو دەیانهێنایە لای دوکتۆرە ناجسنەکە. کاتێ کە دایك و باوکە درۆکە هاتن بۆ ئەوەی وەرەقەی لەدایکبوونی بۆ وەرگرن، خواوڕاستان پەرستارە باشەکە لە پێشەوە ئامادەی کردبوو لە خۆیەوە ناوی نابوو «وانی – بەتورکی» کە هاتن لە خۆشییاندا و بەپەلە وەرەقەکەیان وەرگرت و سەیریان نەکرد چی تێدا نووسراوە. چوونە بەڕێوەبەرایەتیی ناسنامە و لەوێ ناسنامەیان بۆ دەرهێنا بەناوی خۆیانەوە تۆماریان کرد.

شتێکی سەیرتر، ئەو ژنەی کە لە ماڵی مەمەدی بازرگان ئیشی بۆ دەکردن بەواتا ئیشکەریان بوو لە ئەسڵدا کورد بوو کوردی ئامەد بەڵام خۆی ئاشکرا نەدەکرد، چونکە لەوێ لە ناسنامەدا نانووسن کورد، بۆیە ئەگەر یەکێ خۆی قسە نەکات نازانن کوردە یان نا هەموو بە تورك حیساب دەکرێن. ئەم ژنە دەمێك بوو لەو حاڵەدا کاری دەکرد و دەستپاك و بە ئەدەب بوو. ژنە و پیاوەش خۆشیان دەویست. ئەوەبوو ئیشکەرەکە بۆی دەرکەوتبوو کە ئەوان ئەو منداڵەیان دزیوە، چونکە خاتوونەکە منداڵی نابێ وە گوێی لێ بوو کە دەیانگوت دایکی کوڕەکەمان ناوی پیرۆز بوو، کوردە، بەڵام «وانی» ئێستا لای ئێمە تورکە، ئیشکەرەکە زۆری پێ ناخۆش بوو بەڵام هەر ئەوەی پێ دەکرا کە خزمەتی منداڵەکە وەکو جگەرگۆشەی خۆی بکات. خوا خوای بوو ڕۆژێ بێت بتوانێ شتێ بۆ ئەو کوڕە بکات و ئەو دایك و باوکە کوردەی بۆ بدۆزێتەوە.

کاکە سەلیم و پیرۆز خان یەك خولەکیان بەفیڕۆ نەدەدا هەموو کات کاریان دەکرد لای هەمووان خۆشەویست بوون. بووژابوونەوە بەڵام هەر چەند پیرۆز بیری دەکەوتەوە کە چۆن منداڵەکەی مرد و نەیدی، دڵی پڕ دەبوو بۆ خۆی تێر تێر دەگریا.

وانی لە نیاز و جیازا بوو چ لەلایەن دایك و باوكەوە. چ لەلایەن ئیشكەرەكەوە. خزایە قوتابخانە وردە وردە پێ گەیشت گەورە بوو لە زانكۆ وەرگیرا دوای چوار ساڵ بوو بە ئەندازیار "مهندس" هەتا بڵێی ژیر و بێدەنگ و بەوێڵ بوو، لە شارەوانیدا دامەزرا دەستی كرد بە كاركردن، زۆر بە دڵ كاروبارەكانی باش بەڕێوە دەبرد. بەرنامەی ئاوەدانی بۆ ئامەد پێشكێش بە سەرۆكی شارەوانی و ئەنجوومەنی شارەوانی كرد لە بۆ ئاوەدانی و دروستكردنی ڕیزێ خانووی بچووك لە جێی ئەو خانووانەی قەراغ شارەكە كە بە قوڕ دروست كرابوون پڕ بوو لە ماڵە فەقیر. هەموو بڕیاریان لەسەر دا و دەست كرا بەجێبەجێكردنی، كاتێ كە پڕۆژە كە تەواو بوو دانیشتوانی گەڕەكەكەیان بانگ كرد، تاكو تیروپشك بكرێ بۆیان بۆ وەرگرتنی خانووەكان كە بریتی بوو لە ئۆدە و هەیوانێك و ئاودەستێك و سەرشۆرێك لەگەڵ دەوری دە مەتر حەوشە. لە تیروپشكەكەدا كاك سەلیم و پیرۆز خان خانوویەكیان بەركەوت، خوا دەرووی لێ كردنەوە چونكە ئەو خانووە بچكۆلەیە لەلایان كۆشكێك بوو دوای ماوەیەك كاك سەلیم شتێ پارەی كۆ كردبووەوە. لەو خانووە بچووكەیدا دوكانێكی میوە و سەوزە فرۆشتنی دانا، چاوەشی شارەوانی هات گوتی كوا وەرەقەی رازیبوونی شارەوانی؟ كاك سەلیم گوتی، لێم بوەستە سبەینێ دەچم بۆ شارەوانی و وەرەقەت بۆ دەهێنم. كاك سەلیم لای عەرزوحاڵ نووس، عەرزوحاڵێكی نووسی و بردیە بەردەم بەڕێوەبەری شارەوانی. خواوڕاستان لەو كاتەدا «وانی» ئەندازیار كە بە "باش مهندس"یان بانگ دەكرد لەوێ بوو. سەرۆكی شارەوانی «وانی»ی زۆر خۆش دەویست، كاتێ كاك سەلیم چووە ژوورێ و "وانی" چاوی پێ كەوت خورپەیەك كەوتە دڵیەوە وەكو دەڵێی كە ڕەحم دەوری هەیە، كاك سەلیم زۆر بە ئەدەبەوە باسی عەرزوحاڵەكەی بۆ كرد و گوتی زۆر مەمنوون دەبم جەناب، ڕازی ببێ ئێمەی فەقیر پێویستیمان بە یارمەتیی ئەمسالی جەنابتان هەیە. سەرۆكی شارەوانی گوتی برا چۆن دەبێ لەو ماڵە بچووكەدا دوكان دانێی، تۆ چی دەڵێی باش موهەندیس. وانی گوتی جەنابی سەرۆك، ئەگەر پاك و تەمیز ڕای بگرێ هیچ زیانی نییە نە بۆ خەڵك نە بۆ خانووەكە و بگرە زۆر باشە بۆ خەڵكی ئەو گەڕەكە چونكە لە بازاڕەوە دوورن. كاك

سەلیم گوتی من شەو و ڕۆژ کار دەکەم خێزانەکەم پەکی کەوتووە ئیتر جلشۆری ماڵانی پێ ناکرێ، بەشکم بەم دوکانە شتێ پەیدا کەین. کاك سەلیم خەریك بوو ئەندازیارەکە ماچ کات ئەویش نەیهێشت وتی کاکە تۆ وەکو باوکی ئێمەی، ئێمە بۆ خزمەتی ئێوە دانیشتووین، سەرۆکی شارەوانی ڕازی بوو وەرەقەی بۆ مۆر کرد و کاك سەلیم بەخۆشییەوە هاتە دەرێ و ڕەزامەندیی شارەوانیی بەدەستەوەیە بەیانی چووە ئەو شوێنەی کە شت بەکۆمەڵ دەفرۆشن، میوە و سەوزەی کڕی بە عەرەبانەیەك کە خۆی ڕای دەکێشا هێنایەوە و بە جوانی لە دوکانەکەدا داینا.

خەڵکی گەڕەك زۆریان پێ خۆش بوو چونکە شت کڕینیان لێ نزیك بووەتەوە. کاك سەلیم و پیرۆز خان بووژانەوە و دڵیان زۆر خۆش بوو هەر شوکری خوایان دەکرد، بەس کە بیری کوڕەکەیان دەهاتەوە بەرچاو دڵیان دەگیرا و خەفەتبار دەبوون.

ئەوەی سەیر بوو ئەو ژنە پەرستارە باشەی کە لەو خەستەخانەیدا بوو ئاگای لەو کەین و بەینە هەبوو هەروەکو لە پێشەوە گوتمان دووڕەگ بوو بە باوك کورد و بە دایك تورك. ڕۆژێ چوو بۆ شارەوانی بۆ مۆرکردنی داوایەکی کە دەبێ "باش مهندس" مۆری کات کە چووە ژوورەوە تەماشای کرد لەسەر مێزەکە نووسراوە ئەندازیار "وانی مەمەد" یەکسەر منداڵە بچووکە دزراوەکەی بیر کەوتەوە ڕەنگێکی هێنا و ڕەنگێکی برد فۆرمەکەی خستە بەردەمی. زۆر بەباشی تێی ڕوانی لێی پرسی جەنابی ئەندازیار جەنابت لە کوێوە هاتوویت، وتی دایە گیان من خەڵکی ئێرەم و دایك و باوکم خەڵکی ئێرەن. من ساڵی ئەوەندە لێرە لەدایك بووم لە بیمارستانی فریاگوزاری. یەکسەر پەرستارەکە بۆی دەرکەوت کە ئەوە هەمان ئەو منداڵە دزراوەیە کە ئەو جووتە بێ ویژدانە فرۆشتیان بەو دایك و باوکە درۆیە. زۆری پێ خۆش بوو کە ئەمەی بۆ ڕوون بووەوە لە دڵی خۆیدا گوتی بەشکم ڕۆژێ لە ڕۆژان ئەو دایك و باوکەت بۆ بدۆزمەوە، ڕۆژ هات و ڕۆژ ڕۆیی پەرستارەکە خانوویەکی کڕی لەو خانووانەی کە پڕۆژەی شارەوانی بوو، ژنە پەرستارەکە کوردی و تورکیی باش دەزانی شووی کردبوو بە پیاوێکی هەتا بڵێی باش، چونکە تورك هەموو خراپ نین لەناو هەموو میللەتێکدا چاك و خراپ هەیە. پەرستارەکە

شووی کردبوو بە کوڕێکی کورد هەتا بڵێی باش بوو، کورد بوو ئەندازیار بوو لە ئامەد. ئەم ژنە پەرستارە هەروەکو هەموو خەڵکی گەڕەکەکە دەچووە لای ئەو ژنە بەقاڵە کە لە ڕاستیدا دایکی "وانی" بوو. بۆ میوە و سەوزە کڕین. خۆی زۆر زیرەك بوو، هەرکە ژنەکەی دی سەری سوڕما و لێی ڕوون بووەوە، وتی خوشکێ ئەوەم بۆ بکێشە و ئەوەشم بۆ بکێشە، هەمووی بۆ کێشا و خستییە کیسەوە، ئینجا پارەکانی دایێ و پێش ئەوەی بڕوا گوتی خوشکی خۆم ببوورە حەز دەکەم ناوت بزانم، ژنە بەقاڵەکە گوتی ناوم پیرۆزە، ژنی سەلیمی دەرسیمیم، هەژاری وای لێ کردین بەدوای نان بێین بۆ ئێرە شوکر ئێستا وەزعمان باشە، گوتی منداڵت هەیە گوتی نەوەڵڵا دەوری (٢٤) ساڵێك لەمەوبەر لە خەستەخانەی فریاکەوتن منداڵێکم بوو، دوکتۆر و پەرستارەکە گوتیان منداڵەکەت لەبار چووە و مرد. بەس نەبوو تۆمان ڕزگار کرد لە مردن، چاوی پڕ بوو لە گریان. پەرستارەکەش دڵی پڕ بوو گوتی: خوشکم خەفەت مەخۆ خوا هەقت بۆ دەکاتەوە، بڕوا بکە پەرستارەکە ئەوەندە ئافرەتێکی باش و بەڕەحم بوو لە دایکی وانی زیاتر بە پەرۆش بوو حەزی دەکرد ڕۆژێ بهاتایە بیتوانیایە ئەو کوڕەیان بۆ بگەڕێنێتەوە، لەسەر نانی نیوەڕۆ بوو پەرستارەکە بە مێردەکەی گوت تۆ دەزانی سەر ئەندازیاری شارەوانی "باش مهندس"ەکەتان ئەو کوڕەیە ئەگەر من هەڵە نەبم کە لە دایکەکەیان دزی من بۆ هەلێ دەگەڕێم تا بتوانم ئەو دایك و باوکە غەدر لێکراوە دڵشاد بکەم و بکەونەوە خۆشی. بە مێردەکەی گوت بۆچی کارێ ناکەیت وانی باش ئەندازیار لەگەڵ خۆتدا بیهێنی تاکو خوێنی وەرگرم چونکە من ئەوەم لازمە مێردەکەی گوتی بۆ چیت دەوێ؟ گوتی: ئەگەر خوا بکا خوێنی باوکی باش ئەندازیاریشم دەست کەوێ ئەوسا دەری دەخەم کە "وانی" کوڕی کێیە و کێ دایك و باوکێتی. مێردەکەی گوتی بیری لێ دەکەمەوە.

خۆی هەروەکو چۆن ئەو پەندە دەڵێ:

هاوجنس لەگەڵ هاوجنسدا دەفڕێ، کۆتر لەگەڵ کۆتر، باز لەگەڵ باز یا هەروەکو ئەمە عەرەب دەڵێ "الطیور علی أشكالها تقع" وەکو ئەو پەندە خوا وای کرد باش موهەندیس وانی و مێردی پەرستارەکە کە ناوی کاك مەردان بوو

یـەکـتـریـان زۆر خـۆش دەویست و وانـی زۆر ڕێزی لـە مـەردان دەگرت، زۆرجـار بەیەکەوە دەچوونە چایخانە و لۆقەنتە.

ڕۆژێ مەردان بە وانیی گوت تۆ قەت فەحسی خوێنت کردووە بۆ شەکرە و چەوری لەش و، ئەویش وتی نەء من تەندروستیم زۆر باشە. مەردان گوتی بۆ نایەیت سبەینێ بچین بۆ خەستەخانەی فریاکەوتن. وتی مادام تۆ بەباشی دەزانی دێم. بەیانی بەجووتە چوونە خەستەخانەکە و پەرستاری ژنی مەردان خوێنی وەرگرتن و کە ڕۆیشتن لای خۆی خوێنەکەی دانا و فەحسی کرد کە تا بزانێ و پلەکەی بۆ دەرکەوێ تا بتوانێ لەگەڵ باوکیدا بەراوردی بکا ئینجا بیری لەوە دەکردەوە. شتێکی سەیر ڕووی دا ئەو پیاوە بازرگانەی کە لە کاتی خۆیدا ئەو منداڵەی دزیبوو، زۆر دەوڵـەمـەنـد بـوو دیـارە ئـەو دەوڵەتەی بە حـەڵاڵی پـەیدا نەکردبوو هـەمووی حیلە و حەواڵە بوو، لەبەر پارە زۆر شتی خراپی دەکرد و دەیفرۆشت کە حکومەت پێی زانی ڕۆژێك پۆلیس و ئەوانەی فەحسی خواردەمەنی دەکەن دایان بەسەر دوکان و عەمارەکانیدا تەماشایان کرد زۆر شتەکانی کە هی خواردنە تێکەڵ و بەسەرچوو بوو، بە فەرمانی دادگەری شاری ئامەد کابرایان گرت و "وانی" نەیدەزانی چی بکات بەهەرحاڵێك بوو توانی کارێ بکات کە باوکی بـە کـەفـالـەت بـەربـدەن بـەڵام مـەمـەدی نـاجسن چونکـە ئـەوەنـدە ساختـەچی بوو بەرامبەر بازرگانەکانی شارەکەی هیچیان ئامادە نەبوون ببنە کەفیلی ئەوە بوو کاکە سەلیم بیستی کە باوکی سەر ئەندازیار، ئاوای لێ هاتووە کەس نابێ بە کەفیلی یەکسەر چووە پۆلیسخانە و گوتی من ئامادەم ببمە کەفیلی مەمەد بەگ، بەهۆی کەفالەتەکەی کاك سەلیم، مەمەد بەرەڵڵا کرا شەرمەزار و سەرشۆڕ هاتەوە ماڵێ، ئیشکەرەکەیان لەبەر خۆیەوە دەیگوت ئەمە هەمووی هەقی ئەو دایك و باوکەیە کە منداڵەکەتان دزی کە دایکی ئەندازیار مەردان بەمەیان زانی گوتیان خوایە شتی وا قەت ڕووی نەداوە، یەکێك ببێ بە کەفیلی ئەو دوژمنە بێ ویژدانە کـە مـنـداڵـەکـەی دزیـبـێ و لـێی شاردبـێتـەوە، سەرتـان نـەیەشێنم بـەهـۆی هـەوڵی کوڕەکەی و هـەروەهـا بـەرتیلدان کوڕەکەی توانی لەو تۆمەتە مەمەدی ساختەچی ڕزگار بکات و دۆسیەکەیان داخست.

ئیتر مەمەد تۆبەی کرد و گوتی هەتا ماوم خراپە نەکەم، لە دڵی خۆیدا دەیگوت تۆ بڵێی ئاهی "وانی" بێ وام لێ بەسەرهات. پەرستارە باشەکە واتا دایکی مەردان هەر چاوەچاوی بوو ڕۆژێ کاک سەلیم بێت و خوێنی ئەویشی دەست کەوێت، وا ڕێك کەوت کە ڕۆژێ کاک سەلیم دەگەڕایەوە ماڵەوە، لە ڕێگە ئۆتۆمۆبێل لێی دا، خێرا گەیاندیانە خەستەخانەی فریاگوزاری، پەرستارەکە کە دی کاک سەلیمە خۆشی لە ئازمایشگاکە بوو، کە خوێنی سەلیمی وەرگرت تاکو نەشتەرکاری بۆ بکەن، چونکە قاچی شکابوو لەگەڵ دوو پەراسوو، کە خەبەریان دا بە مەردان خێرا هەڵسا و بڕوا بۆ خەستەخانەکە دایکی گوتی بۆ کوێ دەچی؟ وتی کاك سەلیم ئۆتۆمۆبێل لێی داوە، دایکیشی لەگەڵیدا ڕۆیشت چونکە هەموو کاك سەلیم و پیرۆز خانیان دەناسی، کە گەیشتن، هێشتا لە ژووری نەشتەرکاری نەهاتبووە دەرێ، بردیانە ژووری تایبەت چونکە چە وانی؛ چە مەردان هەردووکیان پارەیان بۆ دابوو، کە وانی چاوی بە کاك سەلیم کەوت هەمیسانەوە خورپەیەك کەوتە دڵیەوە و هەستی بە ڕاکێشانێك دەکا وەکو موگناتیس بۆ لای خۆی. بێینەوە سەر پەرستارەکە کە لە دڵی خۆیدا وتی پێچکت بە گۆڕم مەمەدی ساختەچی دەبێ کەشفت بکەم لەو غەدرەی کە کردت لەو دایك و باوك و کوڕە، ئێستا خوێنی کاك سەلیمم لایە هەموو شتێك دەردەخەم، بێ ئەوەی کەس بزانێ بەراوردی زانستی میان خوێنی وانی و دایك و باوکە ڕاستەقینەکەی کە سەلیم و پیرۆز خانن کرد دەرکەوت یەکن و بە هەق پیرۆز و سەلیم دایك و باوکی «وانی»ن، کردی بە ڕاپۆرتێ و هەڵی گرت بۆ ڕۆژی خۆی.

کاك سەلیم لە دوای سێ هەفتە گۆچانیشی فڕێ دا کەوتەوە ئیش و ئەو دوو ئەندازیارە زۆریان پێ خۆش بوو چونکە سەلیم و پیرۆز خانی ژنی هەموو خەڵکی گەڕەکەکە خۆشیان دەویست، چونکە ئەم ژن و مێردە بەدەنگ هەموویانەوە دەچوون زۆر بە باشی کاروباری ئیشەکەی و ماڵەکەی جێبەجێ دەکرد.

شەوێکی زستان لەبەر سەیری تەلەڤزیۆن دانیشتبوون فیلمێکی کورتی پێشان دەدا کە چۆن لە هێندێ وڵاتانی ئەمەریکای لاتین، ئەفریقیا و ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست کە ژنە فەقیرێ دێتە خەستەخانە بۆ منداڵبوون، زۆرجار منداڵەکەی لێی

دەدزن و بە پارە دەیفرۆشن، بەو پیاوە بە پارە بەو کەسانەی نە هەستیان هەیە نە ویژدان، ئەوانیش یا دەیدەن بەو ژن و مێردە دەوڵەمەندانەی منداڵیان نابێ، یا بەو دوکتۆر و خەستەخانانەی ئەندامانی ئەو منداڵانەیان لازمە، تەنانەت دەڵێن زۆرجار کە نەشتەرکاری دەکەن بۆ مرۆڤ کە کەسی نەبێ، زۆر لە ئەندامانی وەکو گورچیلە و هی تر دەدزن و دەیفرۆشن وەکو چۆن دەڵێن منداڵ لەبەر دایك هەڵدەگرن یا وەکو دەڵێن کەر بەبارەوە دەفڕێنن. ڕۆژێك "وانی" لە ژوورەکەی خۆیدا خەریکی خەریتەی شارەوانی بوو لە پڕ سەری گێژی خوارد و کەوت لەو کاتەدا مەردان هاتە ژووری کە دی حەپەسا و هاواری کرد تەلەفۆن بکەن بۆ ئەمبولانس. وانییان گەیاندە خەستەخانەی فریاگوزاری لەوێ لە دوای پشکنین "فەحس"ی خوێنی دەرکەوت کە پێویستی بە خوێنە چونکە وا دیاربوو لەو ڕۆژەوەی کە دی باوکی حەپس کرابوو بە پیاوخراپ و ساختەچی ناوی دەرچوو وە کەس خۆشی ناوێ هیچ خواردنی بۆ نەدەخورا بە تەواوی خوێنی دابەزیبوو، باوکە و دایکە هاتن خوێنی بدەنێ، خوێنەکەیان نەدەگونجا لەگەڵ هی "وانی" ئینجا مەردانی هاوڕێی هاواری برد بۆ لای کاك سەلیم پێی گوت "وانی" پێویستی بە خوێنە فریا بکەوە وانیی هاوڕێم پەرێشانە خوێنی دەوێ، کاك سەلیم هەر بەڕاکردن خۆی گەیاندە خەستەخانەکە کە دوکتۆر فەحسی خوێنەکەی کرد دوکتۆرەکە گوتی تۆ باوکی ئەو کوڕەیت؟ وتی نا ئەوە کوڕی مەمەدی بازرگانە. گوتی نەخێر وانییە خوێنی ئەو هیچ پێوەندیی بە خوێنی «وانی»یەوە نییە هەر تۆ دەبێ باوکی ئەم کوڕە بی. سەلیم هەروا حەپەسا لەو کاتەدا پەرستارەکە بە واتا دایکی مەردان خۆی بۆ نەگیرا و هەموو فەحسەکانی پێشان دان و گوتی: جەنابی دوکتۆر، جەنابی بەڕێوەبەر ئەم کوڕە مەمەد و خێزانەکەی بە واسیتەی دوکتۆر فلان و پەرستار فلان کە پیرۆز خانی دایکی وانی ژان دەیگرت و ئەم دووانە خەریکی بوون، منداڵەکەیان دزی و بە پیرۆزیان گوت منداڵەکەت مردووە و هەوڵمان دا کە تۆ ڕزگار بکەین، من شاهیدم بەڵام لە کاتی خۆیدا نەمدەوێرا قسە بکەم ئەوا خوا کردی ئەمە ڕووی دا.

وانی کە گوێی لەمە بوو بوورایەوە. دوکتۆرەکان هێنایانەوە هۆش خۆی، خێرا

خەستەخانەکە خەبەریان دا بە پۆلیس، چوون دوکتۆرەکە و پەرستارەکە و مەمەد و دایکەکەشیان گرت، هەموو دانیان پێدانا و وانی بە "وانلی" گەڕایەوە باوەشی دایك و باوکە ڕاستەقینەکەی، چە "وانی" چە سەلیم و پیرۆز خان گوتیان جەنابی حاکم ئێمە مادام منداڵەکەمان دەستکەوتەوە لێیان دەبوورین. دادگەر بەپێی قانوون جەزایەکی زۆری دان و ئەویش بە پارە. دوکتۆر و پەرستارەکەیان دەرکرد لە ئیشەکەیان و کە هەتاهەتایە ئیش لە تەندروستیدا نەکەن.

وانی ئەوەندە دڵسۆز و بەڕەحم بوو زوو زوو سەری ماڵی مەمەد و ژنەکەی مەمەدیان دەدا، ئەمە بوو سەرگوزەشتەی کاکە وانی "وانلی".